
رِێبوار رِەمەزان بارزانی

# ئالاَی کۆماری کوردستان

# له مهاباد

***<u>توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیه</u>***

**چاپی یەکەم هەرێمی کوردستان - بارزان**


ئالآی
کۆماری
کوردستان
ئالآی کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم 2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئالآی کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: ئالآی کۆماری کوردستان |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: توێژینەوەی سۆسیولۆجی و مێژوویی و بەراوردکاری و تیۆری و پراکتیکی |
| تایپ: ڕێزان سالّح بارزانی |
| هەڵەچنین: توێژەر |
| دیزان و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ و کاروباری هونەری: توێژەر |
| چاپی: یەکەم |
| سالَی: ٢٠١٨ |
| چاپخانەی: سەنگەر |
| تیراژ: ٥٠٠ |
| ژمارەی سپاردن: ( ٤٢٢ ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان سالّی (٢٠١٨) ی دراوەتێ. |
| شوێنی نوسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان- گوندی بازێ |
| ژمارە موبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ Email:Rebwar_Barzanii@yahoo.com |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

# پێرست

**بابەت ............................................................ لاپەرە**

**پێشەکی ........................................................................ ٩**

## تەوەری یەکەم لایەنی تیۆری

**(١-١) هەلکردنی ئالای مقدسی کوردستان لە مهاباد ................................ ١٣**

**(١-٢) هەلکردنی الای پیروزی کوردستان ...................................... ١٧**

**(١-٣) سلاو لە الای کوردستان و میوانەکانی خوشەویست! ......................... ٢٦**

**(٤ - ١) ئالای موقەدەس .................................................. ٣٠**

**(٥ - ١) هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردستان لە شاری بوکان ........................ ٣٨**

**(٦ - ١) هەلکردنی الای پیروزی کوردستان لە شاری بوکان ............................ ٥٣**

**(٧ - ١) هەڵکردنی ئالای مقەدەسی کوردستان لە نەغەدە ............................ ٦٠**

**(٨ - ١) جێژنی هەڵکرانی ئالای کوردستان لە بالانیش ............................ ٦٥**

**(٩ - ١) وتارێکی بارزانی نەمر .............................................. ٦٧**

**(١٠ - ١) ئەسپاردنی ئالای کوردستان بە ژەنەڕاڵ بارزانی ............................ ٧١**

(١١- ١) هەلكردنى الاى مقدس لە كميتەى محلى گرديگلان ....................... ٧٣

(١٢- ١) جەژنى نەوروز لە مەهاباد .................................................. ٧٨

(١٣- ١) سرودى ميللى ................................................................ ٨٠

(١٤ - ١) كێ ئالأى كۆمارى كوردستانى دوورى ........................................ ٨٤

(١٥ - ١) ئالأى ئێستاى كوردستان و چەند زانياريەك ................................ ٩١

# تەوەرى دووەم لايەنى پڕاكتيكى

## ستراتيژيەتى توێژينەوەى مەيدانى

(١-١)پرس و ئامانجى توێژينەوە .................................................. ٩٩

(١-٢)گرنگى توێژينەوە ........................................................... ٩٩

(١-٣) ميتۆدى توێژينەوە ......................................................... ٩٩

(١-٤)نموونەى هەڵبژێردراو و كۆمەڵگاى ئامارى............................ ١٠٠

(١-٥)سنوورى توێژينەوە .......................................................... ١٠١

**(١-٦) ئاستەنگەکانی توێژینەوە .............................................. ١٠٢**

**(١-٧) کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری .................................... ١٠٢**

**(١-٨)خستەروو و شیکردنەوەی *زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی*.. ١٠٦**

**( أ )خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە............................ ١٠٧**

**( ب )خستنەروو وشیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە ... ١١٤**

**پاشکۆ ..................................................................... ١٣٠**

**سەرچاوەکان ............................................................. ١٤٦**

# پێرستی خشتەکان


| ژ.خ | خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە | ١٠٧ |
| ٢ | کۆمەڵەی تەمەنی نموونەی توێژینەوە | ١٠٨ |
| ٣ | ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوە | ١١٠ |
| ٤ | باری ئابووری نموونەی توێژینەوە (باری ئێستایان) | ١١٢ |
| ٥ | باری کۆمەڵایەتی (خێزانداری) نموونەی توێژینەوە | ١١٣ |
| ٦ | پیشەی سەرەکی بارزانیەکان لە کۆماری مهاباد | ١١٤ |
| ٧ | هەستی نەتەوەیی نموونەی توێژینەوە (بۆ ئەوکات) | ١١٦ |
| ٨ | هەستی نەتەوەیی نموونەی توێژینەوە (بۆ ئێستا) | ١١٧ |
| ٩ | هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان (بۆ ئەو کات) | ١١٨ |
| ١٠ | هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە ئاڵای کوردستان (لە ئێستادا) | ١١٩ |
| ١١ | پەیوەندیی یەکەکانی توێژینەوە بە کۆماری کوردستان | ١٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | پەیوەندی کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری | ١٢١ |
| ١٣ | پەیوەندی حکومەتی ئەوکاتی ئێران لە گەڵ بارزانییەکان | ١٢٣ |
| ١٤ | ئایا ئەو کۆمارەتان (کۆماری کوردستان)بە هی خۆ دەزانی یان وەك بێگانە مامەلەتان لە گەڵ دەکرا؟ | ١٢٥ |
| ١٥ | یەکریزی کوردەکان لە کاتی هەلکردنی ئالآی کۆماری کوردستان | ١٢٦ |
| ١٦ | ئۆمید دەکەیت ئەمرۆ حکومەتیکی کۆماری کوردی وەك حکومەتی میلی کۆماری کوردستان –مهاباد- هەبێت؟ | ١٢٧ |
| ١٧ | پەیوەندی بارزانی نەمر و پێشەوا قازی لەو کاتدا | ١٢٨ |
| ١٨ | ئالآ لای توو چی دەگەیەنیٚ؟ | ١٢٩ |


## پێرستی هێلکاریەکان


| ژ.ه | ناونیشانی هێلکاریەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پیشەی سەرەکی بارزانیەکان لە کۆماری مهاباد | ١١٥ |
| ٢ | پەیوەندی کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری | ١٢٢ |
| ٣ | پەیوەندی حکومەتی ئەوکاتی ئێران لە گەڵ بارزانییەکان | ١٢٤ |

## پێشەکی

جێــژنی ئــالاّی موقەدەســی کوردســتان لــە زار و نووســینەکانی فیــداکارانی ئەوســای کۆمــاری کوردســتان لــە مهابــادەوە زۆر بــاو بــووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئالاّی کۆماری کوردستانیان بـە جــەژنێکی نەتــەوەیی تۆمــارکردووە. ئێمــەش بــە گرنگمــان زانــی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئـالاّی حکومـەتی میللـی کوردسـتان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئـالاّ و جـەژنی سـەربەخۆیی و چەند مەراسـیم و کـۆڕ و کۆبوونـەوەی تـر بخەینـە ڕوو لـە لایـەنی تیـۆری ئەم توێژینەوەیەدا.

لە سەرەتادا چـەند مەراسـیمێك دەخەینـە ڕوو کـە بـە ئاهـەنگ و جـەژنی نەتـەوەیی بـەڕێکراون، ئـەم جێژنانــە لـە گۆڤـاری کوردسـتان و ڕۆژنامـەی کوردسـتان و چـەند گۆڤـار و ڕۆژنامـە تـر بلاّوکراونەتـەوە ئێمـەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لـێ بینیـووە و بلاّومانکردوونەتەوە.

سەرەرای ئەو هەموو فیداکاری و دڵسۆزی و قوربانیدانـە لـە دوا ساتەکانی دیـداری پێشـەوا قـازی محەمـەد و ژنـەرال مسـتەفا بـارزانی، ئـەم ئالاّیـە بـە ئامانەتەوە دەدرێتە دەست ژنەرال مستەفا بارزانی نەمر لە لایـەن پێشـەوا

قـازی محەمـەدەوە. بـۆ بەردەوامیـدان بـە خـەبات و تێکۆشـان لـە پێنـاو سـەربەخۆیی کوردسـتان و وەدیهێنـانی مافـە نەتەوایەتیـەکانی میللـەتی کورد.

ئالآی کۆماری کوردستان لە مهاباد بریتی بوو لە: (( سەرەتا پارچەیەکی سوور، پاش ئەو سپی، پاش ئەو سەوز لە ناوەراستی پارچە سپیەکەدا نیوە ڕۆژێك و بە سەر ڕۆژەکەوە پێنوسێك، لەم لاو لەولای ڕۆژەکەوە دوو گۆڵەگەنم بە ڕەنگی زەرد.))



ئالآی کۆماری کوردستان (مەهاباد)

لە لایەنی مەیدانی ئـەم توێژینەوەیەشـدا هەوڵمانـداوە چـەند نموونەیـەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگـرین و هەسـت و سـۆز و

بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئالای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و قارەمانیەتی پڕ سەرووەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

رێبوار ڕەمەزان بارزانی

بارزان / گۆندی بازێ

١١ / ١٢ / ١٣

# تەوەری یەکەم

# لایەنی تیۆری


## (١-١)

# هەلکردنی ئاڵای مقدسی کوردستان لە مهاباد

گۆڤاری کوردستان بڵاوکراوەی حزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ژمارەی (٣)ێ خاکەلێوەی ١٣٢٥ (مارسی ١٩٤٦) لە ژێر سەردێری "الآی مقدسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێت: (( هەر وەکو لە پێش دەرهاتی کوردستان دا عەرز کرا ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ی هەتاوی (١٧ای دیسامبری ١٩٤٥) تەواوی نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مهاباد کۆبوونەوە، کاتژمێر ١٠ای بەیانی لە کانگای حزب ئاڵای کورد بە حوضوری دە هەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتێکدا دەستەی موزیك مارشی میللی لێ دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەری نیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب، کچ و کور لە لای ڕاستی ئاڵا لە حەرەکەت دابوون گەورە و بچوکی مهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حزبی دیموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعظیمیان بۆ دانەواندبوو، بۆ ئیحترام چەپلەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا، پێشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاظی محەمەد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو، ئەوجار لە پاش نوتق و خیطابە و تیرهاوێشتنێکی زۆر و بە جێهێنانی مەراسیم و نەصبی ئاڵا لە سەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی جیژنە دوایی هات...))

**جەنابی قازی محەمەد پیرۆزبایی لە میللەتی کورد کرد و فەرمووی:**

**( مێژوو نیشان نادا هیچ میللەتێك توانیبێتی بێ خوێن ڕێژی ئالآی ڕزگاری خۆی هەڵگا بەڵام میللەتی کورد توانی بەبێ ئەوەی خوێن لە کەپۆی کەس بێت بە هۆی لیاقەت و کارزانییەوە ئالآی ئازادی هەڵکاو خۆی بە دونیای تەمەدوون بناسێنێ).**



هەڵکردنی ئاڵا لە سەر بینایەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی

٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤  (١٧ی دیسامبری ١٩٤٥) مهاباد.

# هەڵکردنی آلای مقدسی کوردوستان

۞ لە مهاباد ۞

هەروەکو لەپێشدا دەرچاتی کوردوستان‌دا عرض کرا رۆژی
۲۶ سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی اهالی کوردوستان لە شاری
مهاباد کۆبونەوە لە سەعات ۱۰ ی بەیانی لە کۆنگای حزب آلای
کورد بە حضوری دە هەزار نەفر هەڵگیرا ولەکاتێکدا دەستەی
موزیک مارشی ئاڵای لێدەدا ولەسەرتاسەری شەقامی وەفایی دا
صفی نظام کەلولەی تفنگەی مسلح و سەربازەیان دەدرەوشا
دەستەی لاوان وقوتابیەکانی مکتب «کچ و کوڕ» لەلای راستی
آلا لەحرکت دابون گەورەو چوکی مەهاباد هەیئەت و نوێنەرانی
حزبی دیموکرات لەپشت سەری آلا سەرتعظیمیان بۆدادەنواند و
بۆ احترام چەپڵەیان لێدەداو هورایان دەکێشا، وپێشەوای معظمی
کوردوستان جنابی قاضی محمد ووتارێکی بەتینی لەبابەت آلای
مقدسی کوردوستان ایرادفەرمو ئەوجار لەپاش نطق و خطابە
و تیرهاوێشتنێکی زۆر وبەجێ هێنانی مراسم و نصبی آلا
بەسەربەرزی هێشتی رئیسەی ئاڵای کوردوستان جێژنەکەی هات .
... کوردوستان : ایمە ئەم موفقیتە گەورەیە بە تەواوی
کوردەواری بەتایبەتی بە پێشەوای معظم جناب قاضی محمد
وهەیئەتی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردوستان کە لەرێی
آزادی وبەرەبەرەکانی لەگەڵ استعمار بە گیان و ماڵ فداکاریان
کردوە تبریک عرض دەکەین و امیدواریان رۆژ بەرۆژ آلای
مقدسی ئاڵای لەدڵی واندا بەتین‌تر و گەشتر بێ .

## (٢- ١)

ڕۆژنامەی (هەڵاڵە) لە ژمارەی (١) ساڵی یەکەم، ڕەشەمەی ١٣٢٤  دەنوسێت:

### هەلکردنی

### الای پیروزی

### کوردستان

"نـــزیکه چوار مانگه الای پیروزی کوردستان له مهاباد"

"هـــەلکراوە بەلان لـە بەر ئەوەی لەم باسەدا تەنیا لە"

"پــــیشدەرهانیك دا بلاو کرابوو لیرەدا ایمە بە کورتی"

"چاپ دەکەین و بەرچاوی خویندەوارانی خوشەویستی "

دەخەین."

پیی ناوی لە گەورەیی و دەسەلاتی بنەمالانی پادشایانی قدیم و زووی کورد بدوین لێ دیارە میژوزانان دەزانن کە پادشایانی: کیان . ماد . اشکانی. ایوبی . زندی . روادیان . اخشیدی و ئەوە بی قسە و باس کورد بون . سەد سال پتر نیە سەربەخویی

کورد لە ناو چووە و لەو وەختەشەوە تا بیست سال لەمەو بەر لە خود مختاری بی بەش ئەبین بلام لەم بیست سالەدا ئەوەی ذلت کوشتو برینە بەسەر نەتەوی کوردیان هیناوە و هەزاران هەزار کەس لە هەموو طبقەی کورد لە ناو چونو بونە قوربانی و بە هەناسە ساردی سەریان بەخاکەوە ناوە.

لە گەل ئەوەش کورد بی ووچان دوای حقوقی داگیرکراوی خوی کەوتووە و لە ریی وەدەست خستنەوەی ئەو حقەدا رانەوەستاوە و قوربانی لە سەر قوربانی داوە.

لە ریکەوتی سالی ١٣٢٠ وە پیاوانی ژیر و بەهیز و لاوان و گەنجانی وریای کوردستان لە مالان لە باغان و میئان و ئەشکەوت و کیوان بو رەهاکردن و نجات دانی نیشتمان و مەرامی دیموکراسی تی کوشان و بە ریگای حزبی دیموکراتی کوردستاندا زور خیرا روین و بە هەنگاوی درشت و و توند ئەو ری یەیان بری تا لە سماتی (١٠) روژی ٢٤/٩/٢٦ الای پیروزی کوردستان بە قەدر و عزەتیکی یەکجار زور لە سەر بانی یانەی (هیئتی رئیسەی ملی) یانەی پیشمەرگان لە مهاباد هەلکرا: لە لایەك قوتابیان کچ و کور قامی ملیان دەخویندەوە. لە لایەکیش موزیك لیدەدرا. لە لایەکی کەشەوە پیشمەرگان شیلینگیان دەکرد. دە هەزار نفر هوریایان دەکیشا و و چەپلەیان لیدەدا. پیشەوای بەرز و مەزنی کوردستان جنابی قاضی محمد پیروزبایی لە ملەتی کورد کرد و فەرموی : (میژونیشان نادات هیچ میلەتیك توانیبیتی بی خوین ریژی الای رزگاری خوی هەلکا بەلام ملتی کورد توانی بە بی ئەوەی خوین لە کەپوی کەس بیت بەهوی لیاقت و کار زانیەوە الای ازادی هەلکاو خوی بە دونیای تمدن بناسینی. وە فرموشی: گەلی برایانی دیکەی ایمەش کە هیشتا لە ژیر چەپوکی زورداران دا

**دەنالینن و دەستی استعمار کەنەفتی کردون خوا ایمە و ئەوانیش توفیق بدا کە بەم زوانە زنجیرەی اسارت بپسینن و رزگار بن.)**



**لەم وێنەیەدا، بە ئەگەری زۆر کەسی یەکەم لە دەستی ڕاستەوە کە پاڵتۆی درێژی لە بەر دایە میرزا مستەفای سولتانیان و ئەوی تر کە دەستی بەدیرەکی ئاڵاکەوە گرتووە عەلیی خەسرەویە.**

**هەژاری شاعێر لە ڕۆژی هەڵکردنی ئالآی کۆماری**

**کوردستان لە مەهاباد مەیدانی چوارچرا دەبێـــژی:**

**نیشتمانی خوشەویست شەوگاری رەش نەیما ئەڤە ر**

**روژی بەختت موژدە بی ئەمرو لە ئاسو هاتـــــەدەر**

**ئەی وەطن ئەمروکە روژیکە کە مندالانی تـــــــو**

**داری ئومیدیان چروی دەرکردوە و هاتوتـــــــە بەر**

**ئەی وەطەن ئەمرو بە ازادی لە نیو امیزی تـــــو**

**کووە بوین نابین لەمەودوا دەرکراو و دەربەدەر**

**ئەی وەطەن چاو و دلی مندالەکانت رون و شــــاد**

**دیتنی بەیداغی سێ رەنگت جەلایە بو بەصــــــەر**

**دیارە ئەو الایە شابالی پەری ازادیە**

**دەی شکینی بای فەرەح و دەی شکی سوپای دەرد و کەدەر**

**رەنگەکانی پیم دەلی حالی بارکانی شمال**

**چون لە ریی ازادیا کوشتین بە سەد خوینی جگەر**

**رەنگی سوری خوینی پاکی ئەو جەوانانی شەهید**

**تا ئەبەد رویان سپی بو سپیەکەت دەیکا سەمەر**

**رەنگی سەوزیشی ئەلی کوژراوی ریگەی میلیەت**

**چونە ناو سەوزی بهشت و بەرگی سەوزیان کردەبەر**

**دوگولی گەنم و قلم پیمان دەلی علمو ببی**

**تا نەکەو بو خوی تەبا دوژمن نەبی رەنجو هەدەر**

**ئەی وەطەن بو حفظی ئەو بەیداغە لاوانت هەموو**

**خوین دەریژن لەش دەنیژن سینەیان بوتە سوپەر**



**ڕێورەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان، ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی. پێشەوا قازی محەمەد. ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ: سەید محەمەدی تەها زادە، یەك لە موعاویناتی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان. سەدیقی حەیدەری، مودیری کوڵی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان لە بەرگی نیزامی هێزی کوردستان دا. سەید عەبدولای تەهازادە، ڕیزی سێیەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ: نەفەری یەکەم عەبدولرەحیمی جەوانمەردی قازی.**



﴿١٠﴾

# هەلکردنی آلای پیروزی کوردستان

« فرێنەکەی جوار ماتگە آلای پیروزی کوردستان لە مهاباد »
« هەلکراوە بەلان لە بەر ئەوەی لەم بابە ئەتیا لە »
« پێغەمبەر هاتیك دا بلاو کرابووەوە لێرەدا ایمە بە کورتی »
« دەی گێرینەوە و وینەی جوانی ئەو روژە تاریخیەش »
« چاپ دەکەین و بەر چاوی خوێندەوارانی خوشەویستی »
« دەخەین »

پیی ناوی لە گەورەیی و دەستەلاتی بنە مالانی پادشایانی قدیم و زووی کورد بەدوی ین دیارە میژوزانان دەزانن که پادشایانی : کیان : ماد . اشکانی . ایوبی . زندی . روادیان . اخشیدی و ... بی قسەو باس کورد بون . سەد سال پتر نیە سەربەخویی کورد لە ناو چووەو لەو وەختەوە ئەوەتایبست سال لە مەو بەر لە خودمختاری بی بەش نەبون بلام لەم بیست سالەدا ئەوەی ذلت و کوشتنو برینە بەسەر نەتەوەی کوردیان هیناوە و هەزاران هەزار کەس لە هەمو طبقەی کورد لە ناو چونو بونە قوربانی و بە هەناسەی ساردی سەریان بە خاکەوە ناوە .

لە گەل ئەوەش کورد بی ووچان دووای حقوقی داگیر کراوی خوی کەوتووە و لەریی وەدەست خستنەوەی ئەو حقەدا رانەوەستاوە و قوربانی لە سەر قوربانی داوە .

لە ریکەوتی سالی ١٣٢٠ وە پیاوانی ژیر و ... و لاوان و گەنجانی ووریای کوردستان لە مالان لە باغان و میشان و ... ئەشکەوتی

١١

کیوان بو رەها کردن و نجات دانی نیشتمان و مەرانی دیمو کراسی کوردان و بە ریگای حزبی دیمو کراتی کوردستاندا زور خیرا روین و بەهەنگاوی درشت و توندئەوری بەیان بری تالەسماتی(١٠) روژی ٢٤/٩/٢٦ دا آلای پیروزی کوردستان بە قەدر وعزەتیکی یەجگار زور لە سەر بانی یانەی ( هیئتی رئیسەی ملی ) و یانەی پیشمەرگان لە مهاباد هەلکرا : لەلایەك قوتابیان کچ و کور قانی ملیان دەخویندەوە . لە لایەکیش موزیك لیدەدرا . لە لایەکی کەشەوە پیشمەرگان شایلنگیان دەکرد . دەهەزار نفر هوریایان دە کیشا و چەپلەیان لیدەدا .

پیشەوای بەرز و مەزنی کوردستان جنابی قاضی محمد پیروزبایی لەملتی کورد کردو فەرموی : ( میژونیشان نادا هیچ ملتیك توانیبیتی بی خوین روژی آلای رزگاری خوی هەلکا بەلام ملتی کورد توانی بە بی ئەوەی خوین لە کەپوی کەس بیت بەهوی لیاقت و کار زانیە وە آلای آزادی هەلکاو خوی بەدونیای تمدن بناسینی . وەفرموشی : کەلی برایانی دیکەی ایمەش کە هیشتا لە ژیر چەپوکی زورداران دا دەنالینن و دەستی استعمار کەنەفتی کردون خوا ایمەو ئەوانیش توفیق بدا کەبەم زوانە زنجیری اسارت بپسینن و رزگار بن . )

١٢

(ئاغای هەژار ئەم شیعرەی بە ئاڵای کوردستاندا هەڵگوتوە و لەو جێژنەدا خوێندویەتەوە)

ئیشتمانی خوشەویست شەوگاری رەش نەیما ئەتەر

روژی بەختت موژدە بی ئەمرو لە آسو هاتە دەر

ئەی وەطەن ئەمرو کە روژیکە کە منداڵانی تو

داری ئومیدیان چروی دەر کردوە و هاتوتە بەر

ئەی وەطەن ئەمرو بە آزدی لە نیو آمیزی تو

کووە بوین نایین لەمەو دوادەر کراوو دەر بەدەر

ئەی وەطەن چاوو دلی منداڵە کانت رون و شاد

دیتنی بەیداغی سی رەنگت جەلایە بو بە سەر

دیارە ئەو آلایە شا باڵی پەری آزادیە

دەی شەکینی بای نەرەح دەشکی سوبای دەردو کەدەر

رەنگە کانی پیم دەلی حاڵی براکانی شماڵ

چون لە ریی آزادیا کوشتن بە صەد خوینی جگەر

رەنگی سوری خوینی پاکی ئەو جەوانانی شەهید

تا ئەبەد رویان سپی بو سپیە کەت دەیکا سەمەر

رەنگی سەوزیشی ئەلی کوژراوی ریگەی میلیەت

چونە ناو سەوزەی بەهشت وبەرگی سەوزیان کردەبەر

## (٣ - ١)

## سلاو له الای کوردستان

## و

## میوانەکانی خوشەویست!

سوپاس و روژ باشی ایمه خەلکی سابلاغ بەر له وورد و درشت پیاو و ژن و کیژو لاو له ایوه ئەی میوانانی خوشەویست و یادگاری پیاوه بەرزه نشتیمانپەروەرەکان بیت:

پیم وایه که زمان و قەلەمی ایمه توانای شادمانی و بەخیرهینانی ایوەی نیه؛ هەر بەم جورەشه کەناتوانی به دونیایەکی دەرەوه و دور له سابلاغ هالو زەماوەندی وینا کەیکوردانی ازادو سەربەخو ببیژەیی بەیان بکا، چونکو کوردوستانی اورو که ستبلاغی جوان و بەلا بەسەر هاتو مرکزینی له ناوشارانی بەرزی کوردوستانی گەوره به پشتیوانی خوای بی هاوتا و هیزی باسکار و روحی یەکیتی ئەنگو ئالای سی رەنگی کوردانی له سەر چاوکی چناره رونەکانی من کەلاوه دەرەوشین لارانەوه و هیناوه و ...... به ئیوه دەلین: ئەی میوانانی خوشویست. اجازه بفەرموون سابلاغی تەرو نازەی ئەور به خوی و سەربازەکانی کەله پیاوی ردین سپی وەك سەید باوەجان هەتا لاوه ١٥ سالەکانی بەزەبرو زەنگ تیکەل و رەنگینه خوی کەبه قوربان و پیش مەرگی ئیوه که هیزی ئاڵاو مەنالی نیشتیمان و هاودەنگ هاوبازی ایمەن. ئەی مییوانانی خوشەویست: زور زور بەخیربین وەرن توخوا به کیویرای چاوی دوژمنان که هەتا دینی لکیان دورکربوینەوه بەسەر ئەو گیانەی کەلەسەر بەری

دەستمانە بیكەنە پردەبازو پیدا برون و بپەرنەوە كە بو ئیمە شای و شادی لەوەی زیاتر نیە چونكی بو بەرزی ئالاّ و گەشی نیشتیمانە. لەم لایەش لەناو دوست و دوژمن یەكیتی و برایەتی ئیمە دەنگ دەداتەوە... دەنگدەداتەوە... لە پاشان ئەی ا لای بەرزی كوردستان توخوا بەلارنەوەیەكی بە نم گەردنی بلندی خوت لار كەوە و تەماشایەكی بەری پیت بكە، بزانە شیت و شەیدایەكانی و عەشقی تو كە دەستی هومیدیان بە داوینی رەنگت گرتووە و چی دەلین و چی دەبیژن؟.

سلاو لە تو الای سەوز و جوان سپی بەری و شین، سوری جەنگاوەر، ئیمە رولەی پیاوە شیت و دەربەدەركراو كوژراوەكانی عیشقی تو لە روژهەلات و لە روژ ئاوا، لەشەمال و زریان بە گیانیكی پاك و روحیكی یەكیتی هاتووینە ژیر سیبەری سارد و فینكەكەت هەتا بحەسینەوە هەتا پیت بلین قوربانی كە مالی چاریكە، ایمە هەموو روژی و هەموو ساتیك قوربان و بەلا گەردانی توین هەتا پیت بلین كە خوا هومیدمانەو دیموگراسی پشتیوانمانە. ئیمە هیزو پشتیوانی توین جاكەوات زانی سەرت بەرزكەوە: بەدارە روتەكانی بن گەلا و گول و شینایی سورەیان بدەیە و خوشت لەگەل تەیرانی بلندەفری اسمان و وەفرین و گەرین وەرە هەتا بەتەقەی لابالت هەموو رولەیەكی نوستو و هەلخەلەتاو وەخەبەر بیت و دوژمنت بلەرزی.

خلیل زادە



کەسانی دانیشتوو لە ڕاستەوە بۆ چەپ ١- سەید عەزیزی شەمزینی ٢-سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی (شێخ عەبدوڵڵای گەیلانی) ٩ی ڕێبەندانندنی( ١٣٢٤ ).

کوردوستان لە لایەن
هەیئەتی تحریریەوە
دەردەچی

بەنیوی خودای مەزنوی هاوڕێ

# کوردوستان

بەکسالە ٣٠٠ ڕیال
شەش مانگە ١٦٠ ڕیال
دانەی ٣ ڕیال

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

ژمارەی ـ٨ سالی یەکەم دوشەممو ٨ ڕێبەندان ١٣٢٤ ـ٢٨ ژانویەی ١٩٤٦

( بەمناسبەتی یەکەمین سالی وفاتی ابوالحسن سیف قضی )

## [ سیف القضات ]

شاعری بەناو بانگ بابە قەولی دیاری کومەلەی ژ . ک : پیرە میردی سابلاغ ابوالحسن سیف قاضی کوری میرزا ابوالقاسم قاضی لە هەشتەمینی مانگی بانەمەر (اردیبهشت )ی ١٢٥٥ شمسی مطابق جواری ربیع الثانی ١٢٩٣ قمری لە شاری سابلاغ ( مهاباد ) لەدایك بوە . ئەم زانە لە بنەمالەی قاضیە وئەوەندەی ایمە دەزانین ئەم خانوادە لە سابلاغدا چەن چەرخیکە نیوبەدەرەوە وجیگەی ریک خستن و پیك هینانی اموری قضائی وعرفی وبەنکو بەهیزی باسکو و اسلحە راگری حقوقی خەلکی بەتایبەتی دانیشتوانی سابلاغ بون گەلی جار وابوە کە لەلاین عشایری دەوروبەر ویاحکومەتی هەندەران لە سابلاغ هەرەشە کەراوە ولی ئەم خانوادە هەنگاوی پیاوەتیان هەلناوە و سابلاغیان لە پەلاماری دوژمنەکان پەناداوە .

مرحومی سیف لە خدمت مەلا شیخ و مەلا حسن کوری قزلجی ومەلا صالحی سەردەرابادی علومی معقول و منقولی خویندوە وپاش تەوا بونی خویندن بەضاوت خەریك دەبو زوروشتەی مستعمرە جیەکانی دەگەل مەعودی کورد بەجاری خوودیوە وا لەجەرگو هەناوی کار کردوە جەند دلی کولیوە وبی حاوەنی وپرشانی وبلاوبەنی و سەرکزی و هەژاری کوردەکانی لەشعری مانی خوی دەنواندو . و دەلی :

کوردینە تابەکەی ایمە لە کیوان میثلی دێو
بێنو بچینو بومە نەبی قط خەندانو خەو
خەلکی هەمو لە باغ و لە شارانە کەیف خوش
ایمە بلاو بی سەرە ساوین لە دەشتو کیو

وەکوی کوردان دەگەینی کەچلون نەتەوە زیندوەکانی دنیا آسمانو زەویان تسخیر کەردوە و کوردی هەژاریش لەسەر عەردی رەقو بەردی تەق ماوەتەوە :

بو آسمان دەرون و لەبحرا دەکەن سەفەر
هەرهەردە نیشتگاهی مە صنعاتە وەردو شیو
ری وانە کە هەسکەشانوری ایمە بردەلان
جەدی و نە تەختو بەختو جی ایمە بەردو چیو

ئەمجار شاعری دلسوتاو قەرجەی ادل دیتو بەآهو نالەو هەزار عەیو مە اشارەیك بەژیانی بی لذتی کوردکان دەکا کە کورد لە آوەدنی . خانوی خوش وخوراکی طریف بی بەشە ومالو نیشتمانی بیگانش پەرلە نازو نعمەت وزیروزیوی وان کەبزور لە دەستمان دەریناون :

رەشماڵە مالو تەشکو پەنیرە مەتاعی مە
قەصرو سەرایی خەلکی دی یە پرلە زیرو زیو
بروانە هەرچی جوانە لەجی دی لەمزن لەمال
هەرشاخو داحە بومە کوری رەش کەچی دزیو

شاعری سوتاوپاش ئەوەی پەریشانبونی خویان بوبەیان دەکا حالیان دەکا کە بیگانە بمالو نیشتمانی ئەوان چلون خوش بون ولەخوشیان کەیف وسمادە کەن عیرەتی وەجوش دی و هەلدەکاتەشینو شەپوڕ و دەلی ئەگەر زولەی پردەسی بیگانە نەبینەدەری محودەبینەوە :

ژیردەستی و اطاعتی بیگانە تاسەکی
شەرمە لەبومە هیندە بژین بی نیشانو نیو
مەعمونی هەر معاملە محکومی هەرکەسی
شاهان بەمحوی ایمە دەبەستن گری و گریو

بەبەبەس تا کاوەیەر کوردان دنی کە ئەوانیش لە میژوداخاون تاج وتخت بون وقارەمانانی کوردان وبیردینیتەوە ومفاخری ملیان بوبیان دەکا

گوردانی کوردەکان کە لەترسیاندە لە رزی ئەرض )
کی بولە شامی شابو لە مصریش بەبوەخدیو؟ (صلاح الدین

لە دوایا هاواردەکا کەدەرمانی دەردی ایمە غیرەت وپەیدا کردنی اسنحەو مردانگی و دانانی سەرومالو نەترسان لەبەندو هەلاوەسینە وامر بە برایەتیو ویەکەتی وپەلاماردان دەکا ورودەکانە پالەوانانو دەفەرموی :

کوردانی کوردەکان بەخودا روژی غیرەتە
دەست دەبنە خەنجەراو پیاوانە بی بنە نیو
بوچمانە مال و سەر کەلەسەر سەروەری نەبی
کوردنی فقط بترسی لە زیندانو داروچیو
بی دەلگرن بکەبنی کە سەربومە شایی یە
دەست نیگرن دەرەنگە جحیلانە بچنەنیو
ئەوژیی بەمضەلالە ئەبوچمانە چاوەکەم
بیبین لە ریەی نە جاتی وەطن بەنیرو میو

ئەوجار اشارە بە فداکاری کوردان دەکاودەگەینی کەتورکەکان دەگەل کوردی آرارات ودیاربکر وهەروها ایرانیەکان چیان بەسەر سەردارانی ملی کوردوستان هیناچا ئەم فجایەنەی بەکورتی لەاشعارەکانیدا گەیاندوە :

سەرچونی تەخت : روینی سەرداری پیدەوی
خوشیمە لەم شەهادەلی شیخانە نیویە نیو

پاشان اشارەدەکا لەکاتیکدا کەدەنگی دیموکراسی لەدنیادا نیوی پەیدابو وهەمو نەتەوەییك لەحقوقی حقەی خوی بەهدار بووو کوردیش داوای حقی خوی دەکرد دوژمنەکان هیچیان بی نەمابودەهاتن کوردیان بەسەر بزبواشراو وەلخور نیودەبرد

ماوی لە لاپری جوار

## سلاو لە آلای کوردوستان و میوانەکانی خوشەویست!

سوباس و روزباشی ایمە خەلکی سابلاغ بەر لە وورد و درشت پیاو و ژن کیژولاو ؛ لەایوە ئەی میوانانی خوشەویست و یادگاری پیاوە بەرزە نیشتمان پەروەرەکان بیت :

پیم وایە کەزمانو قەلەمی ایمە توانای شادباش وبەخیر هینانی ایوەی نیە ؛ هەربەم جورەشە کەناتوانی بەدونیایە کی دەروە و دور نەسابلاغ حال و زەماوەندی ویستاگەی کوردانی آزاد و سەربەخو بیژی وبەیان بکا ؛ چونکو کوردوستانی ئەورو کەسابلاغی جوانو بەلابەسەرهاتو مرکزیتی لە ناوشارانی بەرزی کوردوستانی گەورەبەپشتیوانی خوای بی هاوتاوهیزی باسکار وروحی بەکینی ئەنکو آلای سی رەنگی کوردانی لەسەرجاو کی جارە رونەکانی بی گەلاوە درەوشین و لارانەوە هیناوە و ......... بەایوە دەلین :

ئەی میوانانی خوشویست . اجارەبفەرمون سابلاغی تەروتازەی ئەورو بە خوی وسەربازەکانی کە لە پیاوی ردین سپی وەک سید باوەجان هەتا لاوە ١٥ سالەکانی بەزەبرو زەنگ تیکەل ورەنگیە خوی کا بەقوربان وپیس مەرگی ابوە کەهیزی آلا و مەتالی نیشتمان وهاودەنکو هاوبازی ایمەن .

ئەی میوانانی خوشەویست : زور زور بەخیربن ، وەرن تو خوا بە کوبرایی جاوی دوژمنان کەهەتا دوینی ایکیان دوور کردبونەوە بەسەر ئەو گیانەی کەلەسەر بەری دەستمانە یکەنەپردە باز و پیدا برون وپەرنەوە کە بوایمە شایی و شادی لەوەی زیاتر نیە . چونکو بوبەرزی آلا و گەشی نیشتمانە . و لەم لایەش لە ناو دوست و دوژمن بە کتی و برایەتی ایمە دەنگی دەداتەوە ... دەدا کەدەنگ دەداتەوە ...

لە پاشان ئەی آلای بەرزی کوردستان . تو توخوا بەلارەوە بکی بە ئاسن گەردنی پایندی خوت لار کەوەونەما شای کی بەری پیت بکە ؛ بزانە شیت وشەیداکانی وعشقی تو کەدەستی هوەبان بە داوێنی رەنگینت گرتوە چی دەلین و چی دەبیژن . ؟

سلاو لەو آلای سەوزوجوان ـ سپی وبەری و شوین : سوری جەنگەرمر ؛ ایمە روەی پیاوەشیت و دەربەدەر کراو و گوزراوەکانی عشقی تو . لەروژهەلاتو روژ آوا ، اشمال وجنوبان بەگیانکیبی باڵو روحیکی بەکینی هاتوینە ژیر سیبەری سەرتو فیکەکەت هەتا بحەسینەوە . هەتا پیت بلین : قوربانی کە سای جاریکە ؛ ایمە هەمو روژ و هەموساتیك قوربان و بەلا گەردانی توین . هەتاپیت بلین کەخواهومید مانە و دیمو کراسی پشتیوانمانە . ایمە هیز و پشتیوانی توین . حاکە وات زانی بەرزت بەرز کەوە : بەداوەروتەکانی بی گەلاو گول شینای و سوراپان بدە و خوشت لەگەل نەبرانی بیدەهەقری آسمان وەفرین و گەرین وەرە هەندەنسە شەقەی لاپالات هەمو رولەیەکی توسو و هاحەلەتاوت وەحەبەریت و دوژمنت بەرزی .

حلمی زادە

## (٤ - ١)

# ڕۆژنامەی میللی کوردستان

**ویسی عثمانی**

**مودیری روژنامەی میللی کوردستان**

**له کاتیکدا روژنامەی میللی کوردستان وەکو روژی منور سەری له افوقی خوش بەختی هینا دەری طلوعی کرد دونیایی دیموکراتی کوردستانی روناك کردەوه و بو به مایەی فەرح و شادباشی ئەم بچوکه به نەوعیکی واو و بول بولی شەیدا که مەست و بیهوشه له جەستدا دەستم به غەزەل خویندنەوه کرد و ئەم هەلبەستەی خوارەوەم هوندەوه وەناردەمه خزمەتتان و رجام وایه که ئەیوش قبولی زەحمەت بکەن و چاپیان بفەرمون هەویام وایه بیته مایەی دل گەرمی برا کوردەکان و بچوکی خیرتان لەو جەژنه خوشه بی بەش نەبن.**

**............... الای موقەدەس**

**له کوردان ئەکم تا اخر نەفەس**

**دەلیم کوردەکان شکری خدا کەن**

**سجدی بنگیوون حمدو ثنا کەن**

**لم دوری اخیر خدا رحمی کرد**

الای ازادی بو ایمه هەلکرد

تا روژ له اسمان ئەگەرتەوه

دژمنی ا لام نەسرەویتەوه

نقشی ا لامان سێ رنگ ئەنوینی

پایه استبدا له بن دەردینی

رەنگه سورەکەی یعنی ............

بەرزو بلندی دژمن نەوی

رەنگه سەوزەکەی معنای نشتیمان

رازاوەتەوه ئەمرو بو کوردان

اوی سپیەکەی مژدەی پیداوین

بی کەین بەجیژنه ازارد کراوین

دارەکەی بەرزه وەك غەدەنگو تیر

دژمنی کویرکرد کردی به یەخسیر

مخصوص نشانەی گوله گەنمه

**دلی زراعین بی دەردو غەمە**

**قلم ئەفرموی کوردان بخوینن**

**حوقوقی خوتان بەس بفوتینن**

**با منالەکان بچنە مدرەسە**

**علم بخوینن جاهلی بسە**

**زانینە علم جوهری زاتە**

**نەخویندەواریش موزخرەفاتە**

**نابی نی ئەمرو چی خویندەوارە**

**یك پیشەوایە یکی سەردارە**

**یکی وەزیرە یکی امیرە**

**یکی رئیسە دەست بە شمشیرە**

**خدا بو خاتری جمعی ئەنبها**

**لەسەر ئەم ریە تەوفیقیان بدا**

**ئەم پی نج نەفەرە حصابم کردون**

هه مو پەنج فرضه دوعام بو کردون

رەبی بوخاتر اعجازی قرئان

بەر قراریکی پیشەوای کوردان

چونکی به عەدل و ئەنسافو وجدان

مژغولی کارەو تەرەفی کوردان

هەتا دەردی لول(نەخەیه سور)

بەخوشی بژی ریی لوردوی سور

له سایەی ئەوان تاجی خسروی

له سەر کورد کرا تەمی خەم رەوی

منیش یکی کم نەتەوەی کوردم

بەچوکی کوردم بو کوردان بردم

ئەمن بووم دیتم به برقی وەطەن

حەق هینایه دەر له دەست ئەهرمەن

غلام و بەندەی پیشەوای کوردم

به اوات گەیم شوكر نەمردم

هەر كەس بەیداغی كورد نەحوینی

خدا ئەساسی لەبن دەری نی

روح له سەر دەست بن روحەكم با كمان

بو دەركردنی دوژمن له خاكمان

به ازنی خدا گوردانی كوردان

هەروەك فیلی مەست دەروین بو مەیدان

برا رۆژهەلات له دیل مردی نین

دوژمنی كوردمان پاك ئەخنكی نین

له سەر حەقی خوی كەسی بكوژری

موسلمه ئەو به ایمان ئەمری

ئەلین ئەم قسه له عاقل دوره

دفع الصائبین كفلی منظوره

قاطع الطریق غاصب الارض

نابی بەمی نن بە هەموو طەرز

مسلمان لەبو مسئلەی شرعی

دەبی بگەری بو ئەصل و فەرعی

هەرکەس خەریکی حلی مەسائیل

هیچ موشکیل نیە بە قولی قابیل

مەلین مەلایە شان بە شانی کین

بو قازانجی خوی و وا خوی ئەنوینی

ئەورو حاضرە (ویسی عثمانی)

لە دەوری بەیداغ بیتە قوربانی



ڕێورەسمی هەلکرانی ئالآ لە کۆماری مهاباد



ڕۆژی هەڵکردنی ئالآی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لە ڕاستەوە بۆ چەپ کەسی دووەم سەید محەمەد تەهازادە ( ئەیوبییان) وەزیری تەندروستی، کەسی چوارەم سەرۆك کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد، کەسی شەشەم حاجی بابە شێخ سیادەت سەرۆکی هەیئەی ڕەئیسەی میللی، کەسی حەوتەم محەمەد حوسنی سەیفی قازی وەزیری هێزی کوردستان و جێگری سەرۆك کۆماری کوردستان.

## (٥ - ١)

## هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە شاری بوکان

**ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١ ساڵی یەکەم پێنج شەممە ١٣٢٤/١٠/٢٠، (١١ ژانوییەی ١٩٤٦) بە قەلەمی حەسەنی قزلجی.**

**بە پێی دەستووری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان و ئەمری جەنابی قازی محەمەد سەدری ئەعزەم و پێشەوای کوردستان قەرار درا ئاڵای موقەدەس و سێ ڕەنگی کوردستان لە بوکانیش هەڵکرێ، ئاغایان: میرزا مستەفای سولتانیان، عەبدولقادری مودەرسی، حسێنی فروهەر، میرزا محەمەد ئەمینی شەرەفی، عەلی خەسرەوی، مەجموودی وەلیزادە، میرزا ڕەحیمی لەشکری و ئەعزای هەیئەتی حزبی دیمۆکراتی کوردستان و ئاغای شێخەلئسلامی، هێمن شاعیری میللی و نومایەندەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی و ئاغای محەمەدی نانەوا زادە فەرماندەی ئۆردی میللی بە فەرماندەری گاردی ئیحترام و دەستەی موزیك لە گەل ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە نومایەندەی کومیتەی محەلی حزبی دیموکرات لکی بۆکان بە مەئمۆری هەلگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلووم کران. سەعات ١ ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمۆ ٢٤/١٠/٥ بە ئیفتیخاری وەرێ کەوتنی هەیئەتی هەلگری ئاڵا لە حەساری کانگای حزب مارشی میللی کوردستان خوێندراوە و موزیك لێ درا. لەو کاتەدا ئۆتۆمۆبیلی مەخسووس لە نێوانی هەزاران نەفەر خوشك و برایانی سابلاغی گەیشتنە بەر دەرکی کانگای حزبی دیمۆکراتی کوردستان راوەستا. هەیئەتی هەلگری ئاڵا لە نێو شریخەی چەپلە ڕێزان و نەعرەتەی توند و بڵێندی (هوریا و بژی کورد و**

کوردستان)ی بە ڕێکەرەکانەوە کە لە دڵێکی گەرم و گور و بە کۆڵەوە هات وەڕێ کەوت. سەعات دوو نیوی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوێ پێشواز هاتووەکانی ئاغایان: قازیی قزلجی، حەسەن خانی بداغی، برایم ئاغای ئیلخانیزادە، حەمەدەمین ئاغای ئیلخانیزادە، ئەبووبەکر ئاغای ئیلخانیزادە و دوو نەفەری شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لە گەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای کۆمیتەی محەلی بۆکان گەیشتنێ و مەڕاسیمی ئیحترامیان بە جێ هێنا، مارش و موزیك خوێندرا و لێدرا، ئەمجار قەتاری ئۆتومبێلی هەڵگری هەیئەت و پێشوازهاتووەکان کەوتنە رۆیین تا گەیشتنە (تەغیاباد)، لە وێ برا دیموکراتە ئەرمەنێکان بە فەرماندەیی عیشقی خان لەلای راستەوەی رێگاوە، خوشکە ئەرمەنێکانیش لە لای چەپەوە ڕاوەستابوون، ئیحترامی نیزامی و هوریا و چەپڵەرێزانیان کردو عیشقی خان لە تەرەف هەموانە تەبریکی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کرد. قاسم ئاغای ئێلخانیزادەلە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە ئیزهاری مەمنونیەت و سپاسی بە خوشك و برا ئەرمەنییە هاوئامانجەکان کرد:" حزبی دیموکراتی کوردستان سوپاسیان دەکا و قەدری عیشقی خان دەزانێ" هەیئەت لە نێو هوریا و چەپڵەڕێزانی برا ئەرمەنێکان وەرێ کەوتع تاگەیشتە (قەرەمووسالیان)، (یانی ئەو دێیە کە مانگی ڕەشەمەی پارەکە سەروان خاکسار و سەربازەکانی خەیاڵی خاوی دیکتاتۆری بای باڵی دان و بە رێبواری هاتبوونە ئەوێ و مزگەوتیان هەڵوەشاند بوو، نیر و ئامووریان سوتاند بوو و خەڵکی ئەوێیان پەرش و بڵاوکردبووەوە)، لەوێ میرزا مستەفای موقتەدیری، مەحموودخان، یونس خان و عەبدوڵلاخانی ئەمیری ئەعزای لکی محەلی دیموکراتی ئەوێ لە گەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەوروبەریش

ڕێزیـان گرتبـوو. مـیرزا مسـتەفا لـە جیـاتی هـەموان تـەبریکی ئیزهـار کـرد و سـێ دەسرێژکرا و هوریا و چەپڵەیەکی زۆر لێدرا و گا و گاردوونیـان کرد.هەیئـەت وەڕێ کەوت و سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتە (عەلیاباد) سێ کیلۆمیتری بۆکان، لەوێ گاردی ئیحترام بە فەرماندەری سەلیم ئاغای ئیلخانیزادە و عبدی سوار لە ژێـر دەسـتووری جەعفـەر ئاغـا و مـارف ئاغـای ئیلخـانیزادە و قوتابیـەکانی قوتابخانـەی بۆکان و ئاغایانی ئەحمەد بەگی فەیزۆڵاخان و عەلی خانی قزلیان و ئەحمـەد ئاغـا و عومەر ئاغا و کەریم ئاغای عەبباسی و هەباس ئاغا و خالید ئاغای حیسامی و چوار پێنج هـەزار نەفـەر خەڵکە بۆکـان وز دەوروبـەر بـە پێشوازەوە هـاتبوون لـە وێ لـە هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بوون و ئاڵای موقـەدەس وەك ڕۆژ لـە پشـت هـەور بێتـە دەرێ لە کیف خوشبەختی بە نەتەوەی کورد دا، مارشی میللی خوێنـدراوە و موزیـك دەستی کرد بـە لێـدان و لـە تـەڕەف گـاردی ئیحترامـی مـەهاباد و بۆکـان سـواران سـێ شیلینگ کرا، گاو گەردوون کرا و ئاڵا لە سەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبووبەکر ئاغای ئیلخـانیزادە لـە نێـو چـەپڵەڕێزان و هوریـا و بـژی کـورد و کوردسـتاندا گەیشـتە (کێلەشین)، دیسان گا و گەردوون کرا بـە خۆشـی و بەشـارەت و شـاییەوە ئـاڵا گەییـە سـەر حـەوزی بۆکـان. تـەواوی کۆمـەڵی خـەڵکی لـە دەوری حـەوز و مەیـدانی ئـەوێ کۆبوونەوە و قازی محەمەد سادقی قزلجی ووتـار و شـیعری بـە تینـی خـۆی لـە ژێـر ئـاڵادا خوێنـدەوە و پـاش وی حـەقیقی و هـەژاری شـاعیری میللـی هـەرکام دەسـتە شیعرێکی زۆر چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی هەڵگری ئاڵا چوونە عیمارەتی قەڵا کـە لە پێشدا بۆ بەخێرهێنانی ئەوان ساز کرابوو.

## هەژار

بێ ببینێ ئەو کەسەی پیی وایە کورد سەرناکەوێ

کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان نارِەوێ

داری ئاڵاکەم وەکوو چەقڵێکە بۆ چاوی عەدوو

هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ

داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێن مژی کوردی هەژار

پێی بڵێن با داکەوێ، لەو خاك و ئاوە چی دەوێ؟

داری ئاڵامان برا سێدارەیە بۆ دۆژمنان

هەر لەئاسۆگ سەر کەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ

پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ،

ڕەنگی سوور دەڵێتا تنۆکێك خوێنی کورد مابێ، قەدی من نانەوێ

هەژار

یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە

قەومی کورد ڕزگارە، ئەو داشدارە،بەختوو ناخەوێ

یان دەڵێ لێم سورە،دێمۆکراسی لەعالەم سەرکەوت

موستەبید و موڕتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ

سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان

ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو، نەما پەردەی شەوێ

دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت ببێ

خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژین لێر و لەوێ؟

پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشوو پێ دەوێ

غەیری من دەس ناکەوێ بۆ ڕێی تەڕەقی پێشرەوێ

**ڕەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو ڕۆکەوە**

**جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نویٚ**

**لاوەکان نامووسی نۆ میلیۆنە ئەو ئاڵایەمان**

**گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو نامووسەتان لە منوو کەویٚ**

**ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەی**

**سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاك و خۆڵی مەسکەویٚ**

**ڕەبی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزلوومەکان**

**تا زەمانە خول دەدا و تا ڕۆژ دەبەخشیٚ پورتەویٚ**

**ڕەبی هەر کەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە**

**ژێر کەویٚ، کۆستی کەویٚ ڕەبی سەعاتێك نەسرەویٚ**

**هونەر هەباسی حەقیقی**

**نیشتمانپەروەرەکان، سەروەرەکان**

**لاوەکان، هاو وەتەنان، ڕەهبەرەکان**

**جێژنی ئازادیی کوردوستانە**

**مەوقیعی کار و لە خەو هەستانە**

**غەرقی خۆشیم و سپاسی باری**

**هەڵکرا بەیڕەقی خودموختاری**

**ڕۆژی عەیش و تەڕەبە و شادی کورد**

**هەڵکرا پەرچەمی ئازادیی کورد**

**هەڵدرا خەیمەیی ئەو ڕەنگی وەتەن**

هەڵکرا بەیرەقی سێ ڕەنگی وەتەن

هاتە بەر باغی سەعادەت ئەسەری

هەڵکرا ڕایەتی فەتح و زەفەری

خونچەیی بەخت و تەڕەقی پشکووت

لە چیا و دەشتی وەتەن، هەر دوو بە جووت

کەوکەبی بەختی کەوا چووبوە خەو

لە نەکاو ساندی لە ڕۆژێ پورتەو

باری کرد لەشکری ڕەنج و ئیدبار

هاتە جێ شادی کە کردی ئەو بار

ماڵ و نامووس و حەیا هاتەوە دەس

دەسبەجێ لێکەوە بوو ناکەس و کەس

موشکولی کوردی کە بوو لایەنحەل

کردی حەل ڕوحمی خودای عەزە وەجەل

کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی

شاهیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی

بەسە بێگانە پەرستی تاکەی

تەنبەڵی و سستی و مەستی تاکەی؟

ئەو کەرەت هەستنە پێ دوژمن تێکدەن

پشت بە پشت دەستوو وەدەستی یەك دەن

دێتە گوێم دەنگی سەلاحەدینی

## ڕوو بە خاکی وەتەنی ڕەنگینی

که ئەوی دیومە ئەوا دیمەوە من

مردبووم گەرچی ئەوا ژیمەوە من

هاتەجێ ئەورۆ هەموو ئاواتم

گیانفیدای میللەتتەکـە و ئاڵاتم

سـەعات دوازدەی بـەیانی ئـەوێ ڕۆژێ جـەنابی حـاجی بابـە شـێخ ڕەئیسـی هـەیئـەت ڕەئیسەی میللی کوردستان لە گەڵ ئەحمەد ئاغای ئیلخانیزادە واریدی بۆکان بوون و سڵاوی سەربازی و تەپـل و مووزیـك بـەجێ هات و ئـەوێ ڕۆژێـش لـە بـەر وەی کـە تەواوی ئەهالی ئەتراف لە نیعمەتی ئەو جێژنە میللیە بەهرەوەر بن و بگەنە شـارێ، ئاڵا هەڵنەکرا.

رۆژی هەینوو ٢٤/١٠/٧ لە سەعات ٨ی بەیانییەوە دەست بە تەشریفات کرا

١- لە سەربانی عیمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەرەفی ڕاستی ئاڵاوە جەنابی حاجی بابە شێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایز ئاغا ڕاوەستاون و لە هەردوو لاوە دوو موسەلسەل دندرابوون.

٢- قوتابیەکانی قوتابخانەی بۆکان و ماموستاکان و خەڵکیمی یەکجار زۆر لە سەر سەکۆی قەڵا - دەستەی مووزیك و گاردی ئیحترامی مەهاباد و بۆکان بە فەرماندەری ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی ئۆردووی میللی مەهاباد و سەلیم ئاغای ئیلخانیزادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەراستی قەڵا ئامادەبوون - تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعیەتێکی کەش لە ئاغایان مین جوملە حوسێن ئاغای عەلی یاە و براکانی لە سەربانی قەڵا بەرێز لەملاولای ئاڵاوە بەچەند سەف راوەستان. خەڵکێکی بێ ژماریش لە مەیدانی خوارەوە دەوروبەری حەوزی گەورەی بۆکان راوەستان.

٣- ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانیزادە پرۆگرامی خوێندەوە و جەنابی حاجی بابە شێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو، مزگینی خۆشبەختی کوردی دا و تەواوی میللەتی کوردی بۆ گەیشتن بە حەقی خۆیان بە هەویاکرد و ئالای موبارەکی بەدەستی خۆی هەڵکرد.

٤- سروودی میللی کوردستان خوێندراوەو موزیك لێدرا و بە دوو سەد تفەنگ و سێ موسەلسەل سێ دەستڕێژکرا، ئاغای حەسەنی قزلجی لە لایەن رەحمن ئاغای ئیلخانیزادە کە لە ڕێگای ئازادی کورد و مەرامی دیموکراسیدا زەحمەتێکی بێ حەد و حیسابی کێشابوو بۆ خۆشی لە ماڵ نەبوو، هەڵکرانی ئاڵای تەبریك کرد.

٥- ئاغای قازی محەمەد سادقی قزلجی نوتقێکی بە تینی کرد.

٦- ئاغای عەلی خەسرەوی سەرەکی دایێرەی چاپ و بڵاوکردنەوەی حزبی دیمۆکراتی کوردستان نوتقێکی بە تین و باشی لە بابەت یەکیەتی و دەست وەدەست دان بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد و بەهرەی وەرگرتن لە ئازادی و دونیای دبمۆکرات بەیان کرد و زیمنەن ئیزهاری کرد کە لە دونیای ئەورۆدا عەموومی میلەل لە نیعمەتی دیمۆکراسی بەهرەوەربوون، لە بەر وەی دەبێ بە قووەی باسکی کوردی شومال برایانی کوردی کە لە جنوب لە ژێر زنجیری ئیستیبداد دا دەناڵن رزگاریان کەین و لە ئاخریدا بە سلامەتی پێشەوای ئلزادیی دونیا ژەنەرالیسموس ستالین و رەهبەری میللەتی کورد جەنابی سقازی محەمەد نوتقەکەی دوایی هات.

٧- ئاغای هەژار دەستە شێعرێکی شیرینی سەید کامیلی خوێندەوە.

٨- ئەحمەد ئاغای ئیلخانیزادە نوتقێکی گەرم و گۆری لە بابەت خۆ فیداکردن و گیانبازی لە رێگای کوردستان و بڵیندکردنی ئاڵای کوردستان بەیان کرد.

٩- ئاغای حەقیقی شاعیری میللی دەستە شیعرێکی بەرزی خوێندەوە.

١٠- ئاغای رەحمانی مودەریسی لە لایەن دەستە لاوانی مەهابادەوە هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە تەواوی برایانی مەنتەقەی بۆکان تەبریك کرد.

١١- خالید ئاغای حیسامی دەستە شیعرێکی باشی خوێندەوە.

١٢- حەمەدەئەمین ئیلخانیزادە نوتقێكی بە تینی كرد، لە كاتێكدا ناوی سەردا حەمە حوسێنی خانی برد شیلینگێكی ئیحترام كرا.

١٣- مارف ئاغای ئیلخانیزادە نوتقێكی چاكی كرد و بە تایبەتی لە بابەت دیلی و بە جسیری برا كوردەكانی جنووبەوە باش دوا و كوتی بۆ ئێمەی غیرەت نییە ئەو برایانەمان بەو جۆرە لە حقووقی نەتەوایەتی و ئینسانیەت بێ بەش بن و لە ژێر چەنگالی ئیستیبداد و زۆرداریدا بناڵێنن.

١٤- جەعفەر ئاغای ئیلخانیزادە لە نوتقی خۆیدا دوای موبارەكبادی ئاڵا بە بەیانێكی شیرین كوتی تەواوی میلەتی كورد پێویستە لە ڕێگای بەرزكردنەوەی ئاڵا و پێكهێنان و وەدەست خستنی  ئازادەی بۆ براكانی دیكەش سەری خۆیان لە پێناو نێن.

١٥- جەنابی ئاغای حاجی بایز ئاغای ئیلخانیزادە لە سەر نیعمەتی گەورەی ئازادی و هەڵكردنی ئاڵای موقەدەسی كوردستان سوكرانەی خودای بژارد و ئاموژگارییەكی زۆر بە نرخی بۆ برا دیمۆكراتەكانی فەرموو لە فیداكاری ئەوان ئلفەرینی كرد.

لە خاتیمەدا ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانیزاد نوتقێكی زۆر بە تینی لە بابەت خوشی و ئازادی كوردەوە بەیان كرد و سەعات یەكی دوای نیوەرۆ بە خوێندنەوەی  مارشی میللی و لێدانی موزیك چێژن تەواو بوو.

برا مەهابادییەكان سەعات چواری پاش نیوەرۆ بە هۆریا و چەپلە ڕێزان و نەعرەتەی بژی كورد و كوردستان بەرێ كران.

**کوردستان: ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە فیداکاری هەیئەتی حزبی دیمۆکرات و کارگەرانی حزبی بۆکان و بە تایبەتی لە ئاغایانی ئیلخانیزادە کە لە ڕێی ئازادی و دیمۆکراسیدا سالهایە فیداکاری دەکەن و لە جێژنی هەلکردنی ئالآی موقەدەسی کوردستاندا موتەحەمیلی زەحمەت و مخاریجێکی زۆر بوون بێ ئەندازە سوپاسیان دەکەین و ئومیدەوارین کە ئینشاللا لە سەر مەرامی موقەدەسی خۆیان موەفەق و سەربەرزبن.**

لاپەرەی ٢	ڕوژنامەی کوردوستان	ژمارە - ١

# هەلکردنی آلای مقدّسی کوردوستان

## لە شـاری بوکان

بەپێی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردوستان وئەمری جنابی قاضی‌محمد صدراعظم وپیشوای کوردوستان قرار درا آلای‌مقدسو سی‌رەنگی کوردوستان لەبوکانیش هەلکری آغایان ،میرزا،مصطفی‌ساطانیان عبدالقادر مدرسی حسین‌فروهر میرزمحمدامین شـرفی علی حسـروی محمود ولی‌زادە میرزارحیم‌لەشکری .واعضای‌هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردوستان و آغای‌شیخ‌الاسلامی‌هیمن شاعیری‌میللی ونمایندەی هەیئەتی‌رئیـسەی‌میللی وآغای‌محمدناواززادە فەرماندەی اوردوی‌میلّی بەفەرماندەری گاردی احترام ودەستەی موزیك لەگەل آغای‌قاسم‌آغای‌ایلخانی‌زادە نمایندەی کمیتەی‌محەلی حزبی‌دیموکرات لکی‌بوکان بەماموری هەلـگرتنی [آلای‌مقدس] معلوم کران‌سەعات ـ١ـ پاش‌نیوەرویە روژی‌جوارشەمو ٥-١٠-٢٤ بەافتخاری وەری کەوتنی هەیئەتی هەلگری آلا لەحەساری کانگای‌حزب مارشی میللی کوردستان خویندراوە وموزیك لیدرالەوکاتەدا ئوتموبیلی مخصوص لەنیوانی‌هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حزبی دیموکراتی کوردوستان راوەستا هەیئەتی هەلگری آلا لەنیو شریخەی‌چەپلە ریزا ونەعرەتەی توندو بلیندی(هوریاوبژی کوردو کوردوستان)ی‌بەرەکەرەکانەوە کەلەدلیکی گەرمو گوردەوە بەکولەوە دەهات وەری کەوت سەعات دوونیوی پاش‌نیوەرو هەیئەت گەشتە میاندوواو ولەوی پیشواز هاتودکانی آغایان ،قاضی‌قزلجی حسن‌خانی‌بداقی برایم‌آغای‌ایلخانی‌زادە حمداەمین آغای‌ایلخانی‌زادە ابوبکرآغای‌ایلخانی‌زادە ودوونەفەر شاعیری‌میللی هەزارو حەقیقی لەگەل‌صەد نەفەریتر لەئەعضای کمیتەی‌محەلی بوکان‌گەیشتنی ومراسمی احترامیان بەجی‌هینا مارش‌و موزیك‌خویندرا ولیدرا.ئەم‌جار قطاری ئوتموبیلی هەلگری هەیئەتو پیشواز هاتووەکان کەوتنەرویین تا گەیشتنە (تەقی‌آباد) لەوی‌رادەوکرانە ئەرمەنیکان بەفەرماندەی عشقی‌خان لەلای راستەوەی ریگەوە خوشکە ئەرمەنیکانیش لەلاچەپەوە راوەستابون حترامی بیظامیو هوریاو چەپلە ریزانیان کرد وعشقی‌خان لەطرف هەموانەوە ئەبریکی هەلکردنی آلای کوردوستانی کرد (قاسم‌آغای‌ایلخانی‌زادە)لەلایەن هەیئەت وتەواوی برایانی کوردەوە اظهاری مەمنونیەت وسپاسی بەخوشکو را ئەرمەنیە هاوآمانجەکان کرد (حزبی‌دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکاوقەدری عشقی‌خان دەزانی) هەیئەت لەنیو هوریاو چەپلەریزانی برا ئەرمەنیکان وەری کەوت تاگەیشتە قەرەموسالیان [بانی‌ئەودییە کەمانگی رەشەمەی پارەکە (سەروان حاکـار وسەربازەکانی) حەیالی خاوی‌دیکتاتوری بای‌بالی دانوبەری بواری هاتبونە ئەویو مزگەوتیان هەلوەشاندبوو نیرو آموریان سوتاندبو وخەلکی ئەویان پەرشوبلاو کردبووەوە] لەوی میرزامصطفی مقتدری ومحمودخان‌و یونسخان‌وعبداللاخان‌ئەمیری اعضای‌لکی محەلی دیموکراتی ئەوی‌لەگەل تەواوی خەلکی‌دەوجەند دێ‌ودەوروبەریش ریزیان گرتبو میرزامصطفی لەجیاتی هەموان تبریکی اظهار کردو سی دەسریژ کراوهوریاو چەپلەیەکی زورلیدرا وگاوگەردونیان کرد هەیئەتوەری‌کەوتو سەعات جوارونیوی پاش‌نیوەرو گەیشتە [علی‌آباد] سی کیلومیتری بوکان لەوی گاردی احترام بەفەرماندەری سەلیم‌آغای‌ایلخانی‌زادە وعەدەی سوار لەزیردەستوری جعفرآغاو مارف‌آغا ئیلخانی‌زادە و قوتابیەکانی قوتابخانەی بوکان وآغایانی احمدبەگی فیض‌اللە بەگی وفیض‌اللەخان وعلی‌خان قازلیان واحمدآغاوعمرآغا وکریم‌آغای‌عباسی وعباس‌آغاو خالد آغای حسامی وجواروپینچ هەزار نەفەر خەلکی بوکان ودەوروبەر بەپیشوازەوە هاتبون لەوی هەیئەتی هەلگری آلا پیادەبون وآلای‌مقدس وەك روژ لەپشت هەور بیتەدەری لەکەیف دەرکەوت‌و کوردوستانی گرتە ژیرشابالی پیروزی‌خوی ومرگینی سعادت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورد دا . مارشـی ملی خویندراوە و موزیك دەستی کرد بەلیدان و لەطرف گاردی‌احترامی مهاباد وبوکان وسواران سەشیلینگ کرا گاوگردون کرا وآلا لەسەرشانی جەوانی رەشیدابوبکرآغای ایلخانی زادە لەنیو چەپلە ریزان و هوریا و بژی کوردو کوردوستان‌دا گەیشتە کیلەشین‌دیـان گاوگەردون کراوبەخوشی و بشارت‌وشادی‌بووە(آلا) گەیەسەرحەوضی بوکان تەواوی کومەلی خەلکی‌لەدەوری حەضو مەیدانی ئـەوی کوبونەوە (وقاضی‌محمد صـادق‌قزلجی) ووتاروشعری بەتینی خوی لەژیرآلادا خویندەوەوپاش وی حقیقی و هەزار شاعیری‌ملّی هەرکام دەستە شعریکی زورجاکیان‌خویندەوە وهەیئەتی هەلگری آلا جونە عمارتی قەلاکە لەویشدا بوبەخیرهینانی ئەوان‌ساز کرابو .

هەزار

بی‌بینی ئەوکەسەی پی‌وایە کوردسەر ناکەوی
کی‌ئوبی‌وابو ئەبی نەگبەت لەسەرمان‌نا رەوی
داری آلاکەم وەکو جەقایکە بوجاوی عەدو
هەردلی خوشی‌ئەوی رەی‌ودبەر خەنجەر کەوی
داری آلام داری کردبوخوین مژی کوردی‌هەزار
بی‌بلین‌باداکەوی لەوخاکو آوە چی دەوی
داری آلامان برا سی‌داردیە بو دوژمنمان
هەرلەآسوگ سەرکەوی پیوستەزینی خوی‌ئەوی
پارچەکەی‌سی‌رەنگی‌خوی‌دەنوینی‌رەنگی‌سوردەلی
تانو کیلک‌خوینی کوردمابی قەدی‌ئەنانەوی
یان‌دەلی تالەشکری سوور بەر قەرارو زیندوە
قەومی کورد رەزگارە ئەوداشدارەبەخونەخەوی
یان‌دەلی‌لیم‌وورەدیەو کراسی لەعالەم‌سەر کەوت
مستبدو مرتجع کەوتونە گیژی گیژەوی
سپیەکەی مژدەی‌بەیانی بەختی کوردی کردبەیان
روژی‌بەختی کوردی بەیدابونەما پەردەی شەوی
دوگولی گەنمی دەلی‌آگات لەرزقی خوت‌بی
خوت‌کە برسی‌بوجی دوژمن‌بیی بژن‌لیرەولەوی
بیودەلی نوکی قەلەم‌گەر زینی‌خوشو پی‌دەوی
عەیری‌من دەستاکەوی‌بوربی تەرەقی‌پیش‌رەوی
رەنگی‌سەوزی یانی‌دایکی(نیشتمان) لەورو کەوە
جوان‌وسەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری‌نوی.

ماوەی لە لاپەری سی دایە

کوبونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ژمارە ٣٢

تکا

لە خوێندەواران و نوسەرەکان تکا...

# (٦ - ١)

**ڕۆژنامەی (هەڵاڵە) لە ژمارەی (١) ساڵی یەکەم، ڕەشەمەی ١٣٢٤ دەنوسێت:**

## هەلکردنی الای پیروزی کوردستان

## لە شاری بوکان

به پیی بەرنامەییکی کە لە پیشدا سازکرا بوو جماعتیکی زور و زەوەند لە اغایان و خەلکی دیهاتی دەور و بەری بوکان کوبونەوە وە اغایانی ایلخانی زادە زور باش و بە لیشاو و بی دەستدە بەخیریان هینان و جیژنیکی گەورەیان گرت، ڕۆژی هەینو ١٣٢٤/١٠/٧ الای پیروزی کوردستان لە سەر بانی مەلا بەدەستی (حاجی بابا شیخ رئیس هیئتی ملی کوردستان) هەلکرا و چاوی خەلکی پی روناك بووە، بەلیدانی موزیك و خویندنەوەی سرودی ملی و شیلینکی پێشمەرگەکان و چەپلە و هوریا مراسیمی احترام بە جی هات، لە لایەن جنابی حاجی بابە شیخ و جنابی حاجی بایز اغا و باقی اغایانی ایلخانیزادە و چەند نفریش لە اغایان مهابادی هیئتی هەلگری الا نگقی گەرم و بەتین کرا، لە بەر ئەوە ئەم باسە بە تەواوی لە ژمارە ١ ڕۆژنامەی کوردستان نوسراوە و لاپەرەکانی هەلالەش بەرتەنگە بومان نەکرا لیرەشدا بیگرینەوە، ئەوا وینەییکی کە ئەوی روژی هەلگیراوە لە گەل دوو دەستە شعری اغایان سید کامل و حقیقی کە چاپ نەکراون لە خوارەوە چاپی دەکەین و بە نیشاندانی ئەو دیمەنە تاریخیە تولەی دەکەینەوە.



**شعری اغای سید کامل**

**لە هەموو کوردی وڵات بێ پیـــرۆز    خاصە بووانە لەگەڵ مەن دڵسۆز**

**بۆ ئەوانەی کە بە پێشواز هاتـــن    فیرقەی پیادە و چەند سواری قۆز**

**هەربژین ملەتی کوردی بە ئەبـــەد    هەر بەشان هەلگرن ئالآی پیـــرۆز**

دۆژمنی کوردی هەڵات بوی دەچوو    ڕێوییەو کاکی ئاوا گرت لە گـــاوز
بەسە ژیر دەستی و حیزی تاکەی    ئیمە نوکەرین و ئەوان لیدەن بوو
نەنەوی خو لەهەموو جی دەرکەن    تەقلە گوت حملە بەرن بیکەنە توز
هەر بە شابالی همای الای خو    لـشکری دوژمنی خو کەن ئالوز
تانك و ماشین و زری لی بگرن    بالە کول بیتەوە سواری کەرەبوز
وا زرنـگ بانگو دەکا الا تان    لەهەموو کوردی ولات بی پیروز

شعری اغای حقیقی

هاتە دەر روژ لە پرچی مینا رنگ    لاچو تاریکی تیپەری شەوە زنگ
گولی شادی لە باغی ازادی    هاتە دەر زور بە ناز و عشوە رنگ
بابلی نیشتمانی کوردستان    دەچریکینی بوی بە صد اهنگ
کوردەکانی دەرقص و شادی دان    جیـژنەیانە کچانی شوخ و شەنگ
دەنگی موزیك و پیی پیادە نظام    زلزلەی خستە خیمەی اورنـگ

| | |
|---|---|
| روژی فتح و ظفر هەلات ئەو جار | حمدالله تەواو بوو روژی تەنگ |
| دەستی چاپك سواری خوش بەختی | دای کوتاداری بیرقی سی رنگ |
| داریکی دا بەروحی دوژمن دا | بەردی نا سەر پشتی نا بن سنگ |
| هاتنی یا فریشتەی اقبال | ئەو قصەم پی دەلی بە قاو بە دەنگ |
| بلی بەو کوردەکانی غیر تند | شیری میدان پلنگی روژی چنگ |
| لاوەکانو لە ریی وەتەن داری | بەفدا کەن مەینە سەر خو ننگ |
| حافظی نیشتمان و الا بن | مەپرینکینەوە لە توپ و تفنگ |


دەلایەنەی شکالد، کارخانەی فرو
فیشال و مەکری تیکوپیک داوە
تازەد ریجوو مونە تەوەی پچوك بە
هیچ قیمیک دەست لە آزادی
خوبان هەلناگرن . نوادی

## هەلگردنی آلای پیروزی کوردستان

### لە شاری بوکان

بەپیی بەرنامەییکی کەلە پیشدا ساز کرا بوو جماعتیکی زور و زەوەند لە آغایان و خەلکی دیهاتی دەورو بەری بوکان کو بونەوە وآغایانی ایلخانیزادە زور باش و بە لیشاو و بی دەستە بە خیریان هینان و جیژنیکی گەورەیان گرت، روژی هەینو ۱۳۱٤/۱۰/۷ آلای پیروزی کوردستان لە سەر بانی مەلا بە دەستی (حاجی باباشیخ رئیسی هیئتی ملی کوردستان) هەلکرا و چاوی خەلکی پی روناك بووە، بەلیدانی موزیك و خویندنەوەی سرودی ملی و شایەنگی پیشمەرگان و چەپلە وهوریامراسمی احترام بەجی هات، لە لایەن جنابی حاجی بابە شیخ و جنابی حاجی بایز آغا و باقی آغایانی ایلخانیزادە و چند نفریش لە آغایان مهابادی هیئتی هەلگری آلا نطقی گەرم و بە تین کرا، لەبەر ئەوەی ئەم باسە بە تەواوی لەژمارە ١ - روژنامەی کوردستاندا نوسراوە و لایەرە کانی هەلالەش بەرتەنگە بومان نەکرا لیرەشدا بیگیرینەوە، ئەوا وینەییکی کە ئەوی روژی هەلگیراوە لە گەل دوو دەستە شعری آغایان سید کامل و حقیقی

کە چاپ نەکراون لە خوارەوە چاپی دەکەین و بە نیشاندانی ئەو دیمەنە تاریخیە تولەی دەکەینەوە ٠



شعری آغای سید کامل

لە هەمو کوردی ولات بی پیروز خاصە بووانە لە گەل مەن دلسوز

بو ئەوانەی کە بە پیشواز هاتن فرقەی پیادە و چندسواری قوز

هەر بژین ملتی کوردی بە أبد هەر بە شان هەلگرن آلای فیروز

دوژمنی کوردی هەلات بوی دەرچو ریویەو کاکی ئەوا گرت لە گاوز

بەسە ژیردەستی و حیزی تاکەی ایمە نوکەرین ئەوان لیدەون پوز

نەتەوی خرنە هەموجی دەرکەن تەقلە کوت حملە بەرن پیکەنە توز

هەر بە شاباڵی هەمای ئاڵای خو     لشکری دوژمنی خو کەن آلوز
تانگ و ماشین و زری لی بگرن     باڵە کول بێتەوە سوارێ کەرەبوز
وا زرنگ بانگو دەکا آلاتان     لەهەمو کوردی ولات بی پیروز

شعری آغای حقیقی

هاتە دەر روژ لەبرجی مینا رنگ     لاچو تاریکی تی یەری ئەوەزنگ
گولی شادی لە باغی آزادی     هاتەدەر زور بە نازو عشوەو رەنگ
بلبلی نیشتمانی کوردستان     دەچریکینی بوی بە صد آهنگ
کورەکانی دەرقص و شادی دان     جیژنەیانە کچانی شوخ و شەنگ
دەنگی موزیك ولیی پیادە نظام     زلزلەی خستە خیمەی اورنگ
روژی فتح و ظفر هەلات ئەوجار     حمدللە تەواو بوو روژی تەنگ
دەستی چابك سواری خوشبختی     دای کوتا داری بیرقی سی رەنگ
داریکی دا بەروحی دوژمن دا     بەردی ناسەر سەریشی نابی سنگ
هاتفی یا فرشتەی اقبال     ئەو قصەم پی دەلی بەقاو بەدەنگ
بلی بەو کوردەکانی غیرتمند     شیری میدان پلنگی روژی جنگ
لاوەکانو لە ریی وطن داری     بە فدا کەن مەیێنە سەر خو ننگ
حافظی نیشتمان و آلابن     مەپرینگینەوە لە توپ و تفنگ

## (٧ - ١)

## هەڵکردنی ئاڵای مقەدەسی کوردستان لە نەغەدە:

(( بەپێی دەستووری هەیئەتی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان خۆشەویست ئاغای حوسێنی فروهەر و علی خوسرەوەی رۆژی ٢٤/٩/٢٦ مەئموورکران کە ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە نەغەدە هەڵکەن... رۆژی چوارشەمو سەعات ٩ی بەیانی جێژنە دەست پێکرا، قوتابیانی کورد و ئەرمەنی و ئاسووری بە سرود خوێنەوە لە محەلی جێژنەدا ئامادەبوون. برایانی خوشەویست اغای فروهەر و خوسرەوی ئاڵای موقەدەسیان بۆ بەشی سواران کەلە شەقام ئامادەبوون برد وەختێکی ئاڵاکە وەردەرکەوت هەزار تیر بە ئیفتیخاری ئاڵا هاوێژرا. سوارەکان ئاڵان وەرگرت و ببۆ کانگای حزبی دیموکرات وەتا گەیشتنە بینای حزب هەر چەند قەدەم گا و گەردوون دەکرا خەلکی لێدالێکدا چەپەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا لەو وەختەدا بە جارێك هەزار نەفەر بۆ زیارەتی اغای موقەدەس هێرشیان برد لە پاش زیارەتی عمووم ئاڵای موقەدەس هەڵکرا و سەلامی ئاڵا خوێندراوە، ١٠١ نەفەر فیداییانی مسڵح هەریەك سێ تیریان بە تاڵ کرد...))

لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لـە نەغـەدە هەسـتی نیشـتمانپەروەری بازرانیـــەکان و کوردەکـــانی کوردســـتانی عێـــراق و ئامادبوونیـــان لـــە ئاهەنگەکاندا و بە شـداربوونیان شـان بەشـانی هاونیشـتمانیەکان بەرچـاوە لـە هـەموو ئاهەنگەکانـدا هـەروەکو رۆژنامـەی کوردسـتان لـە ژمـارەی ٥ دا،

۱۳۲٤/۱۰/۲۹ — ۱۹٤٦/۱/۲۰ محەمەد مەحمود قودسی کە بە نوێنەرایەتی ژنەرال مستەفا بارزانی وتاری دەخوێندەوە، لەم ڕۆژەدا ئەم وتارەی خوێندووتەوە:

گەورەکانم!

ئەی گەلی بە شەرەف!

خوشەویستان و راوەستاوان!

ئەی کرێکار و فەلاح و سەپان و پاڵەی کوردی بە نرخ!

رۆژەها بە سەر شۆرشی میللی پیرۆزی کوردا هەلات و تیری دوژمن کەللە و سینگی بەچکەشێرانی کوردی پێکا و خاکی کوردستان لاشەی جەوانانی گرتە باوەش.

چیا و دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان پڕە لە گۆرستانی دلێران و نەبەزانی کورد کە لە پێناوی رێگای ئازادیدا، لە پێناوی هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردا گیانی قپاکیان لە لاشەیان جیاواز بوەوە.

ئەی برای کورد! شۆرشەکانی دیاربەکر، دەرسیم، سلێمانی، ئامێدی، بارزان، هەموو نیشانەی ئەو جەوانمەردییەیە کە بۆ ئازادی کراوە.

ئەمرۆ کورد بە چنگی ئاسنینی خۆی ئەو ئالا پیرۆزە هەڵدەکا. بەڵێ ئەو ئالایە هەڵ دەکات کە لە سەرەتای مێژووەوە کورد خۆی بۆ بەخت کردوە.

برایان! پیرۆزبایی خۆم پێشکەی هەموو کوردێك و هەموو میللەتێکی ئازادیخواز دەکەم.

ئەی برای کورد!

ئـەزانی ئـالآی خوشەویسـت چ ئامۆژگاریـەکت دەکـا؟ ئـەڵی بـۆ کۆبونەوەیـەکی بـێ جیاوازی گەورە و بچوك، ئاغا و کرێکار، قوتابی و شوان و فەلاح و ژن و پیاو، منـداڵ و کچ، هەمو پێکەوە بە یـەك دڵ بـۆ یـەك ئامـانج تێدەکوشـن، هـەوڵ دەدەن. دیسـان دەڵێ:

ڕەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە،

ڕەنگی سپیم دەڵێ میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاك و ڕاستی هەیە،

ڕەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لـە دەغـل و دان کانگـای زێـر و زیـوە. ئەی کـورد هـەموو بـە گیـانێکی خاوێنـەوە و بیرەوەرییـەکی پـاك و ڕاسـتەوە هـەموو پێکەوە کەلك لە کوردستان وەرگرن.

دیسان دەڵێ:

ئەی فەللاح، ئەی کرێکار و پاڵەی کورد دڵت لە خۆ دانەمێنێ لە سەر نیشانەی پـاکی و ڕاستی نیشانەی تەقەلا و  هەوڵی دەستی تۆ ئەو دوو گۆلە گەنم و جۆیـە هەمیشـە بە پێش چاوتەوەیە پێت ئەڵێن هەوڵ بدە ئیش بکە و ولآتت بلند بکەرەوە.

ئەی کورد دیسان ئالآکـەت ئـەڵێ و ئـەمرت پـێ ئـەکات سـەرکەوتنت و گـەورەییت لـە خوێندنایـە، ژن و پیـاو و کـوڕ و  کـچ بـە جـارێ بخـوێنن چـونکی خوێنـدن هـەموو مێوەیـەکی خـۆش و زینـدەگانی پێوەیـە. کردگـاریش تیشـکی رۆژی خـۆی بـە سـەر

هەموو سیفاتی جوانی ئینسانیدا بلاّوئەکاتەوە و جوانتری ئەکا. ئەی کورد ئێمەش بەرامبەر بە ئامۆژگاریەکانی ئەی کورد ئێمەش بەرامبەر بە ئاموژگارییەکانی ئەلێن:

ئەی ئالاّ پەیمانت دەدەینێ، هەموو پێکەوە بەیەك دلّ بە تەنیکی ئاسنینەوە هەولّ بدەین ببینە سپەرد، راست بین، ئیش بکەین، بخوێنیین.

ئەی کورد ئالاّ رەمزمانە لە دوای هەلّکردنی نرخی هێنانە خوارەوەی قوربانیکردنی هەموو میلەتی کوردە.

ئیتر بژی کورد و کوردستان

بژی پێشەوای یێکەتی جەماهیری شورەوی سوسیالیستی مارشالّ ستالینی مەزن.

بژی هەموو میللەتێکی ئازادی خواە.

ژماره ـ ـ
روژنامەی کوردوستان

# بەمناسەبەتی هەلکردنی آلالە نەغەدە

« ئەم گزارشە لەلایەن (م.محمود) وەلە روژی »
« هەلکردنی آلا لە نەغەدە خوێندراوەتەوە »

گەورەکانم
ئەی گەلی بەشەرەف!
خوشەویستان و راوەستاوان
ئەی کرێکار، فلاح وسەبان وبالەی کوردی بەنرخ
روژەها بەسەرشورشی مللی پیروزی کورد دا هەلات و تیری دوژمن کە وسینگی بەچکە شیرانی کوردی بیکا. وخاکی کوردوستان لاشەی جەوانانی گرتەباوەش.

جیاودون و دەشتەکانی کوردوستان پرە لە گورستانی دلیران و نەبەزانی کورد کەلەپیناوی ریگای آزادی دا لە پیناوی هەلکردنی آلای مقدسی کورد دا گیانی پاکیان لەلاشەیان جیاواز بووە.

ئەی برای کورد!
شورشەکانی دیاربکر. درسیم. سایمنی. آمید. ئاوزان هەمو نیشانەی ئەو جوانمردانەیە کەبو آزادی کراوە.

ئیمرو، ئیمرو کە گەورەترین و پیروزترین روژ بو کورد ئەبینین هەلوی بەهەزی کورد بە چەنگی آسنینی خوی ئەو آلا پیروزە هەلدەکا. بەلی ئەو آلایە هەتاکات کە لەسەردەمی میژووە کورد خوی بو بەخت کردووە.

برایان
پیروزبایی خوم پیشکەشی هەمو کورد و هەمو میللەتێکی آزادخوازدە کەم.

ئەی برای کورد
ئەزانی آلای خوشەویست چە آموزگاری کت دەکا؟ ئەلی: بو ئەوەی کو بونەوەیەکی بی جیاوازی گەورە و بچووک آغا و کرێکار، قوتابی و شوان و فلاح زن و پیاو، مندال و کچ، هەمو پیکەوە بە یەکدل بو

یەک آمانج تی ئەکوشن، هەول ئەدەن. دیسان دەلی رەنگی سورم نیشانەی جەنگاوری و نەبەزی گەلی کوردە. رەنگی سپیم دەلی ملتی کوردی نەجیب گیانێکی پاک و راستی هەیە. رەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردوستان پرەلە دەغل و دان. کانگای پیروزیو. ئەی کورد هەموو گیانێکی خاوێنەوە و بیروەرێکی پاک و راستەوە هەمو پیکەوە کەللە کوردوستانە کەتان وەرگرن. دیسان دەلی: ئەی فلاح ئەی کرێکار و بالەی کورد دات ئەخوت مزی لەسەر نیشانەی پاکی و راستی نیشانەی تەفەلا و هەولی دەسی تو ئەو دو گونە کەنم و جوی هەمیشە ئەبیش چاونەوە بەپیتەایت هەول بدە ایش بکەو وەلاتت ئاباد بکەرەوە. ئەی کورد دیسان آلا کەت ئەلی و امرت پی ئەکات سەر کەوتن و گەورەیت لە خوێندنایە. ژن و پیاو کور و کچ بە جاری بخوێنن چونکی خوێندن هەمو میوەیەکی خوشی و ژیندگانی پیوەیە. کرد گاریش تیشکی روژی خوی بەسەر هەمو صفاتی جوانی انساندا بلاو ئەکاتەوە و جوانتری ئەکا.

ئەی کورد ایمەش بەرامبەر بە آموزگاریەکانی ئەبین ئەی آلا بەیانت ئەدەین هەمو پیکەوە بە یەکدل بەتەنیکی آسنینەوە هەول بدەین بینەسەر راستبین. ایش بکەین. بخوێنین. ای کورد آلا رمزمانە ئەدوای هەلکردنی ئرخی مێژووەخوارەوەی قوربانی کردنی هەمو ملتی کوردە.! ایتر بژی کورد و کوردوستان.

بژی پیشوای یەکیەتی جماهیری شوروی سوسیالیستی مارشال آستالین مەزن.
بژی هەمو ملیەکی آزاد خواه.

## (٨ - ١)

# جێژنی هەڵکرانی ئالآی کوردستان لە بالآنیش

**ئـەم وێنەیـەی خـوارەوە لـە ژمـارەی ٣٥ ی بلآوکـراوەی کوردسـتان، دووشـەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (١٥ ی ئاوریلی ١٩٤٦) دا بلآوکراوەتەوە.**



لە ژمارەی ٢٣ یً بڵاوکراوەی کوردستاندا، چوارشەممە ١٥ ی ڕەشەممە (٦ ی مارسی ١٩٤٦) زۆر بەر لە چاپکردنی وێنەی سەرەوە هەواڵی بەرێوەچوونی ئەم مەراسیمە وا نووسراوە: (( جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە باڵانیش ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٢٦ بە پێی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە لایەن برای گەورە زێروبەگ جێژنێکی گەڵێ بە شوکت لە دێی باڵانیش گێراوە لەم جێژنەدا گەلێك لە ئاغایانی دەوروبەری باڵانیش و وەرمێ تێدابوون و چەند هەزارکەس لە جوتیر و فلە خوی حاضربون و شایی هەڵپەرکێ و خوێندنەوەی گۆرانی میلی کوردستان و لیدانی موزیك و دەهول و زورنا هەموو کەسی سەرخوش کردبوو لە ورمێ را وێنەگرێکیان هێنابوو کە چەن وێ،ەیان لەو جەژنە هەلگرتووە و چەند کەس ووتار اشعاریان بە کوردی و تورکی خوێندوتەوە و وێنەی و وتارەکانیان بۆ کومیتەی ناوەند ناردووە وێنەکان ناردران کلیشە بکرێن و ووتارەکان لە پێش دەر هاتدا چاپ دەکرێن)).

**(٩ - ١)**

# وتارێکی بارزانی نەمر



وتاریکی بارزانی نەمر لە کۆماری مهاباد لە لایەن محەممەد محمود قودسی لە هۆڵی ئەنجوومەنی فەرهەنگی مهاباد بە ئامادەبوونی پێشەوا قازی محەممەد و بارزانی نەمر و ڕێبەرانی کۆمار و حزبی دیموکرات و ... خوێندرایەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەرەی ٣، ژمارە ٢٣، چوارشەممە، ١٢/١٥/ ١٣٢٤ — ١٩٤٦/٣/٦ دا دەقی وتاری بارزانی بلاوکردوتەوە:

بەناوی کوردی وریابووەوە لە ژێر ماوەی پەیڕەوی کۆنی زبردەستی

به ناوی سەرکردەی شۆرشی گەل لە بارزان

شۆڕشی بەرهەڵستی سەرکەوتن

شۆڕشی نەهێشتنی ظلم و استبداد

ڕۆژباش پێشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەم، کە ئالای پیرۆزیان لە سبەیەکی نیشتمانی گەورەدا بڵندکردەووە بە ناوی خوێنی پاکی گەلی کوششکەرەوە کە لە مەیدانی ئازادیدا پێشکەشیان کردووە، هاوارتان دەگەینێ کە ئەم بەرە پیرۆزە بە ئازادی و سەربەخۆیی پێبگەینن. بە ناوی فرمێسکی چاوی بێوەژنان و ئاه و ناڵینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەین کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، اقتصادیان بپارێزێت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردەکردنیان بە گیانی دیموکراتیەوە، پارێزگاری لە دیموکراتی بفەرموون کە کارییکەی پێشخستنی گەل و سەربەخۆیی نیشتمان و رۆیشتنە بەرێوەیە لە گەڵ کاروانی گەلانی ئازادە و تەواویەتی و مروانی. بێگومان لە بیر ناکرێت کە حکوومەتی کوردستانی ئازاد هێشتا لە یەکەم قۆناغیەتی

و کۆششی ئێوەی پێ دەوێت، بۆ سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و رزگاربوونی یارمەتی گەلیشی پێویستە ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لە ژێر دەستی بێگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بریوتە یارمەتی ئەو ئالایە کە لە سەر ئەم حکوومەتە دەکشێتەوە، دەیەوێت بێتە ژێر سێبەریەوە. لە پیاوەکانی حکوومەت دەخوازین کە براکانیان لە پەیوەندی ئاسنینە رزگاربکەین کە تێدا دەناڵێنن.

پێشەوای معظم؛ گەورەکانم:

ئەو سیاسەتە حەکیمە جوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەری ڕۆیشت و سەربە خۆیی نیشتمانی و ئازادی کوردی وەرگرت، ئامادەیە کە بچێت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە و گەلی کورد سەرتاپا رزگار بکا. لەم کاتەدا لە هەموو کانی دڵمانەوە و یاریدەی ڕاستیمانەوە بەرەو گەورەترین کەسایەتی کوردی کورد، ئەو کەسایەتییەی کە گەلی کورد بە بیری و بە هێزی سەرکردەیەکی حەکیمانەوە بە ڕێگای دیموکراتیدا برد و گەیاندییە سفرەی ئازادی. بە کۆششێکی عبقری و عەزمێکی قایم و سەرکردەی دیموکرات، پێشەوای معظمی کوردستان جەنابی قاضی محمد، خۆمان پێشکەش دەکەین.

با هەموو پێکەوە هاوارکەین بژی سەرکردەی مخلصی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیمۆکراتی، بژی پارتی ئازادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیموکرات، بژی نیشتمانی مەزن بە سەربەخۆ و ئازادی، بژی یەکەتی سۆڤیاتی مەزن هەتا بی گەلانی خۆش بە ختی ئازادی و سەربەخۆیی.

**خوێندنەوەی ئەم وتارە بە ناوی بارزانیەوە لەو کاتـەدا، چـەند مەبەسـتی دەگەیانـد، یەکێکیان: دەربرینـی دڵسۆزی بـۆ حکومـەتی کوردسـتان و پێشـەواکەی و پێشـاندانی ئامادەیی خۆ لە پێناونـانی بـە هـەموو توانایەکـەوە، دووەمیـان: بـە درۆ خسـتنەوەی واتەواتی ململانـێ ی پێشـەوا و بـارزانی، قبـۆل کردنـی سـەرۆکایەتی قـازی محەمـەد، سێیەمیان: پێداگرتن لە سـەر یـەکێتی چارەنوسی کـورد و هەوڵدان بـۆ ئـازادکردنی ناوچەکانی تری کوردستان.**

## (١٠ - ١)

## ئەسپاردنی ئاڵای کوردستان بە ژەنەڕاڵ بارزانی

**قازی محەمەد ئاڵای کوردستان کە لە سەر مێزی کارەکەی بوو لوولەی کرد و ماچی کرد و دایە دەست مەلا مستەفا و گوتی: ئەو ئاڵایە بپارێزە، هیوادارم ئێوە نەهێڵن بکەوێت زەوی، ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا بارزانی وەرگرت، ماچی کرد و لە سەر سەری داناو تەنیا ئەو ئاڵایە دانەنێ، بەڵکو ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵبکا و بیشەکێنێتەوە، ئەو دیمەنە مێژووییە ئەوەندە دڵتەزێن و بەو حالەشەوە جێی ڕێزدانان بوو کە هەموو ئەوانەی لە ژووری مەحکەمەدا، کۆببوونەوە بە کوڵ گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی پارێزەرانی سەرهەنگ میرحاج و پارێزەرانی مەلا مستەفا ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لە نێو لافاوی خەم وا یەکە یەکە دەستی قازی محەمەد یان ماچ کرد و ماڵئاواییان کرد. قازی فەرمانی ژەنەڕاڵ بارزانی و هێزەکانی هەرچی پێویستیانە لە گەڵ خۆیان ببەن.**



پێشەوا قازی محەمەد و ژنەرال بارزانی نەمر

## (١١ - ١)

# هەلکردنی الای مقدس لە کمیتەی محلی گردیگلان

رۆژی ١٣٢٥/٣/٩ لە حظوری ژمارەیەکی زور لە مالکین و زانایان و سادات و محترمین جوتیر و زحمەتکیشان. کە ژمارەیان بە ٦٠٠ کەس گەیشتبوو لە لای مقدس کوردستان کە لە لایەن حضرتی پیشواوا بو کومیتەی ناوبراو بە خەلات ناردرابوو پشوازیکی ییکجار شایان کراوە و بە سرودی ملی خویندنەوە و دەسریژی تفەنگەکان و کاو گەردون الای مقدس وارد و لە سەربانی کمیتەی محلی گەردیگلان چەقیندراوە لە کاتی رووبەروو بوون بە الای مقدس صدری کمیتەی نیوبرا و اغای سید کامل لە ئەسپ دابەزی و بەم جوورەی خطاب بە الای مقدس کرد: بەخیر بیی ئەی نمری زحمەت کیشەکانی ریگای ازادی بە خیر بیی ئەی مایەی سەربەرزی نەتەوەی کورد . بەخیربیی ئەی گولی باغی کوردستان چقلی چاوی دوژمنان ، لە لاین سید عبداعزیز سیادت... مەلا عبدالمجید مدرسی ئورجان. مەلا سید عزیزی شیلان اوی. خانە مەلا علی چەند وتاریکی گەرم و گور و خویندرایەوە و ئەم شعرانەی ژیرەوەش لە لاین اغای سید کامل صدری کمیتەی ایراد کرا:

لەو پارچە سیٚ رەنگی وەك بانی هیما الا

هەودایەکی لی سو فوری لە ملم الا

**ئەو رشتەیە تا محشر محکم لە ملم دایە**

**کیشامیە ژیر سایەی خوی لیتە بەبی پەروا**

**پەروام نیە تا مردن لەو وەختەشەوە دیتومە**

**گرتومەتە امیزم هەر زالەیەتی بەد خوا**

**ئەو دارە چەداریکە تیری جگری دوژمن**

**بروانە بە شابالی چەند زالە بەسەر زالا**

**ئەم حاصلە پیم وایە یەك صەد دەبری گەنم**

**ئەو دوو گولە گەنمانەی وادیارە لە رووی الا**

**نوکی قەلەمی بنی پینوسە لە بو دوژم**

**بو روژی لە رووی الا معلومە کە لیت فەوە**

**تعریفی نیە الا و الایەکی رەنگینە**

**سور و سپی و شینە روح حاضرە بو سەودا**

**کالایەکی پر قیمەت بو میللەتی کوردستان**

**نرخی بەدەر و زیادە ئەورو لە سەرو مالا**

**هەر جیگەیە رووی تی کا دەیکاتە گول و گولشن**

**دوژمن کە ئەوی چاو کرد وەك جز و خمی لی شیوا**

**ئیمروکە لە کەردیگلان روژیکە کە کوردستان**

**نەیدیوە هەتا ایستا حاصل لە سەری سالا**

**ئەی کاکی زرنگ شعرت پاکی وەکو قەند وایە**

**طفلی دلی کوردان بوی هەروا لە کرو کالا**

**تو هاتی بە سەر هاتم بو زیارەتی بالاکەت**

**وانوکی قەلەم نوسی تعریفی قەدو بالا**

کوهستان ) وەرگیر : سیدمحمد حمیدی

# بە سەرهاتی آرارات

## ١٦

دزی نوشار بەرغمی لەخو بوردنێکی زور کە فەرماندەی ساخاوی تورك والەسەر کردەکانی لەخوبان نشان دابوو وبەر غەمی استحکاماتی کە نقاطی بلیند کردبووی وپاریز گاری هاسان کردبوو نەیتوانی حتی ٢٤ ساعەتیش پێشی سیلاوی هەلمەتی دلاوەرانی بنەماڵەکانی آدمی بگری لەدووای دانی تفاقی زورناچار وەجەنگ کوردەکان کەوت هەلمەت بەرەکانی کورد لەروزی هەوەل دا بەشێك لەشاری ارجیش و تەواوی شاری بارگریان داگیر کرد . هێزەکانی تورك لەبەشێکی دیکەی شاری ارجیش ودزی بارگری بەربەرەکانی دەکرد .

دەستەی مجاهدین کەکاربەدەستی بڕینی ڕیگای ارجیش ـ وام ەظاهر : وان » بوون قوربانی بی احتیاطی خوبان بوونو موفقیێکی گەورە گەورە کەلەسایەی آزایی خوبان وەجەنگیان هێنابوو دووبارە لەدەستیان داوەدەنتیجەدا موقعێی ترساکی تورکەکانیان لەارجیش بەوەضعیکی مساعد گوررێوە . ئەم رووداوە بەم جوورە بوو :

فەرماندەی تورك لەمەلبەندیوان چەند توپو ژماریك پێشمەرگەی بەکومەگی ارجیش ناردبوو دەستەی مجاهدین ەنزیکیانی شارو کەی ارجیش پێشیان بەم هێزانەی کومەگی اگرت لەباش جەنگێکی نیو ساعەتەچون توپچیەکان وپیشمەرگەکان هومێدیان بەدەربازبوون نەمابوو تسلیمبوون مجاهدینی حیدری لەباتی ئەوەی ژماریکیان لەگردەکان بهێنەوە وتەنیا چەند کەسیان بودارنێی چەکەکانیان بجێیشی هەموو پێکەوە جیگاانی خوبان بەجی هیشت وبولای پیشمەرگەکان غاربان دابوو فەرماندەی هێزی کومەگی کە ژمارەی کەمی ئەوان تی گەیشت لەم شکستە شەرمندە بوو هێزێکی لەنوی هاتەوە بەر فەرمانی آتشی داوو .

لەم تیر اندازەیەدا سەرکردەی دەستەی مجاهدین دەگەل چەند کەس لە پیاوەکانی کوژران چەند کەس کە مابوونەوە تسلیم بوون بەدوژمنیان بەنەنگ زانی لەکاتێکی مغرابط بەجەنگ خەریك بوون پاش هاویشتنی دووامین گوللەی خوبان ئەم چەند کەسەش بوونەقوربانی آزادیملی وبەشانازی گیانیان ئەسپارد .

بەم جوورە هێزی کومەگی توانی خوی بەارجیش بگەیێنی وپاریزگاری شاری بەهێز بکا .

هەوەل پەلامار بوشاری ارجیش هوزی بکران کردی ەوحوزە چەکی کافی نەبوو بەجورێکی ئەو ژمارە کەکار بەدەستی داگیر کردنی فرودگایە کە بیوونلەجیگای تفنگ دارو بیلیان بەدەستەوەبوو وبەمحالەشهادەتیان لەرێگای آزادی دا لەسەرزبانی تەنگینی دیلیی بەباشتر زانی بەآزایێکی لە ەنداز بەدەر کەخاصی نەزادی کوردە پەلاماریان بو فرودگایە کە برد بەدانی چەند کەس قوربانی گەیشتنە ئەوی پیشمەرگانی کەکاربەدەستی پارازتنی فرودگایە کە بوون بەدیل گرتو چەکەکانیان دارنین وبەمهوبە خوبان بوونە خاوەن چەك . دووفروکە کە آمادەی فرین بوون لەلایەن پەلامار بەرەکانی کوردوا گیران وجوونکوخەلەباتیان نەبو کەدەکاریان بینن هەردووکیان خراب کرد .

ژماریك لە مجاهدین بولای پاتنوس رویشتن وپەلاماریان بوبرد پادگانی پاتنوس مسلسلەکانیان لەسەرمنارەی مزگەوت دانابوو وجیگای پیوستیشیان گرتبوو بەمحالەش ژماریك توانیان بجنە نیو شاریەوە بەلام نەیان توانی بە پادگان آسیب بگەیێنن لەکاتی پەلامار بوپاتنوس ڕیگای قەرە کوسە ـ ارجیشیان بڕری وسەر کردانی کەلەژیر نگاهداری سوارانی سیکی هاتبونە پاتنوس تعقیب کردو چەکی هەموویان دارنین .

سیف‌الدین بیگ کوڕری فتح‌الله بیگ مەزنی پیشوی هوزی حسنی دەگەل چەند سواری جەنگاوەری حسنی گەیشتنەدەشتی ملازگرد دامەنەی جەنگیان بونەوجیگا یا نەش کیشا .

گلی زیلانیان لەبەر ئەوەی پیش‌وەخت بزوتبونەوە فەرماندەیی تورك لەهەرلایە کەوە هێزی ناردبوو بەجوریکی لەوجیگایانەدا کە کوردەکان لەوشارانەدا خەریکی کیشەو بەربەرەکانی بوون هێزەکانی پیشمەرگەیی تورك بەکومەگی زورچاکی ایلی کەسکونی لەپشتیسەر داخلی گلی زیلان بووحسن عبدالیشیان دبسان داگیر کرد ئەمموفقیێانەیهێزەکانی تورك لەبەرێی احتیاطیمجاهدین وەجەنگیان کەوتبوو چونکوو هەروەکوو کوتمان گلی زیلانیان پیش ئەو وەعدەی کەفەرماندەی کورد دیاری کردبوو هەلمەتیان برد ولەهەلمەتی خوشیان گوزاریشکیان‌نەدابوو .

لەکاتیکدا ئەگەر چاوەنوری بڕواری پەلاماریان بکردبایە چوون بشتی گلی زیلان بەدەستەیێکی تایەتی ئەسپێردرابوو هێزەکانی تورك نەیاندەتوانی بشتی گلی زیلان بگرن .

بیجگەلەم‌بی احتیاطیەش چەندیش هاتیکیش رووی‌دا کە هێزەکانی کورد ناچار بلاو بوونەوە وبەسورانغی ژنو منداڵیانەوە کەلە هەواریبوون چوون ، لەنیزیك چادرەکانیانەوە پیشیان بەدوژمن گرت ودەیان کشاندنەوە نادەرفەتیکیان بو گوێزتنەوەی ژنو منداڵی خوبان بووبەمجوورەبولای آرارات‌دەکشانەوە باش .

سید عبدالوەهابیش دەگەل مجاهدین کەوت بەخانەوادەوەارجیشیبەجی‌هیشتبوو .

لەجەنگی ارجیش بیجگە لەدووفروکە کەلەفرودگا وەجەنگ کوردان کەوت هەموو فروکەکانی دیکە بەگوللە بەردرابوونەوە یەکی لەوان لەسەر گردیك کەچەندسات پیش وەدەست کوردان کەوتبوو هەلدەفری وئە گومانی ئەوەی هیشتا پیشمەرگانی تورك ئەو گردەیان لەدەست دابەبودانی گوزاریش ئەوی‌تر بیوو لەو دەمەیدا وەبەر گوللە کەوت .

گوزارشی نوسراوی‌خەلەبان کەوەجەنگ کوردەکان کەوت کاری‌هێزەکانی تورکی بوئەو مەبەندە رووناك کردەوە .

لەزەدو خوردیکدا کە کوردەکان لەرییەدا دەیان کرد لەحیث مال‌ومنداڵەوە تلفاتێکی زوریان‌دا لە کوررانی امین‌پاشا عثمان‌و ابوبکر لە کوژراوان بوون .

قتلی هەموانی بی بەزەیی ژن‌و منداڵانی بی‌پاریزگاری مەلبەندی گلی زیلان لەلایەن پیشمەرگانی تورکەوە فجایعێکی لەتاریخی فجایعی مغول زیاد کرد .

کاتێك فەرماندەیی کورد لەجوولانەوەی ایلی حیدران خەبەردار بوو کارلەکارترازابوو چونکو تورکەکانبەدل آسودەیی هێزیزوری بەسەر ئەم ایلە آزایەدا رزاندبوو ، ایستایدی دەبوو هەرچی زوتر باری قورسی گلی‌زیلانیان سووکتر بیی . لەبەرئەوە بەپەلەداود کوڕری دلیری برو حسکی دەگەلژماریك هێزکاری درایە پوستەکانی پیشمەرگەی‌نورەشین‌وسبحان لەنیو یا ناوەندی ساخلوی پیشمەرگەیی‌لەدیی سبحان بوو ، لەدیی‌نورەشین تەنیاچل کەس پیشمەرگە هەبوو پەلامار بودیی سبحان بوخەلکیدیخطرناك بوو چونکە پیشمەرگان لەنیودیدا جیگای دانیشتنی خوبان سەنگەر بەندی کردبوو بەو جورە شکاندنی ئەوان لەنیودیدا بە تلفاتی کەم جی‌بەجی‌نەدەبوو.. نقشە ئەوە بوو کەنیزیکی بەیانی پەلاماربو بوسنی نورەشین دەست پی بکری وریگای سبحانیش بگیری هەرکە پیشمەرگەکانی سبحان بەمەبەستی کومەگ بەنورەشین لەدی دەرکەوتن ایدی دەرفەتی گەرانەوە بەوان نەدری .

# هەلکردنی آلای مقدس لە کمیتەی محلی

## گەردیگلان

روزی ٩ر٣ر١٣٢٥ لە حضوری ژماریکی زور لەمالکین وزانایان وسادات‌و محترمین وجوتیرو زەحمەتکیشان کەژمارەیان بە ٦٠٠ کەس گەیشتبوو لەآلای مقدسی کوردستان کەلەلایەن حضرتی پیشوارا بو کمیتەی ناوبراو بەخەلات ناردرابوو پیش وازیکی بیجگار شایان کراوە وبە سرودی ملی خویندنەوە ودەسریزی تفەنگان وگاو گەردون آلای مقدس وارد ولەسەربانی کمیتەی محلی گەردیگلان چقیندراوە لەکاتی روو بەروو بوون بەآلای مقدس صدری کمیتەی نوبراو آغای سیدکامل لەئەسب دابەزی وبەم جوورەی خطاب بەآلای مقدس کرد : بەخیر بیی ئەی ئمری زەحمەت کیشەکانی رێگای آزادی ، بەخیر بیی ئەی‌مایەی سەربەرزی نەتەوەی کورد . بەخیر بیی ئەی گوای باغی کوردستان وچەقلیچاوی

ماوە لەلاپەرە ٤

ژماره ٥٥ — کوردستان — لاپەڕە

# کوردستان

ماوەی لاپەرە ٣

## هەلکردنی آلای مقدّس لە کمیتەی . . . . . .

دوزمنان ولەلاین آغای سید عبدالعزیزسیادت . مەلاعبدالمجید مدرسی تورجان . مەلا سیدعزیزی شبلان آوی . خلیفەمەلا علی چەند ووتاریکی گەرمو گورر خوێندرایەوە وئەم شعرانەی زیرەوەش لەلاین آغای سیدکامل صدری کمیتەی ایراد کرا :

لەو پارچە سی رەنگی وەك بانی هەمای آلا
هەودایەکی لی سو فوری لە ملم آلا
ئەو رشتەیە تامحشر محکم لە ملم دایە
کیشایە زیر سایەی خوی ایستە بەبی پەروا
پەروام نییە تامردن لەو وەختەوە دبتومە
گرتومەتە آمیزم هەر زالەبەتی بەد خوا
ئەودارە چەداریکە تیری جگری دوزمن
بروانە بە شاباڵی چەند زالە بەسەر زالا
ئەم حاصلە پیم وایە بەڵ صەد دەبری کەنەم
ئەو دوو کولە گەنمانەی وادیارە لەرووی آلا
نووکی قەلەمی یەنی بی‌نوسە لەبو دوزمن
بو روزی لەرووی آلا معلومە کەایتفەوە
تعریفی نیە آلاو آلایەکی رەنگینە
سوورو سپی‌و شینە روح حاضرە بو سەودا
کالایەکی بی قیمەت بومیالەتی کوردستان
نرخی بەدەرو زیادە ئەو رو لەسەرو مالا
هەر جیگەبەرووی‌تی کادەبکاتە گولو گولشن
دوزمن کەئەوی‌چاو کردومڵ‌جوو خمی‌لی‌شیوا
ئیمرو کەلە گەردیکلان‌روزیکە کە کوردستان
نەیدیوە هەتا ایستا حاصل لەسەری سالا
ئەی کاکی‌زرنگ‌شعرت باکی وە کوقەندوایە
طفلی دلی کوردان بوی هەرواڵە گرو کالا
تو هانی بەسەر هانم بو زیارەتی بالا کەت
وا نوو کی قەلەم نووسی تعریفی‌قەدو بالا

## دەنگو باسی هەندەران

موسکو — حکومەتی چیکوسلواکیا بەیمانی بازرگانی بەینی دەولەتی شورەوی وچیکوسلواکیا کەلە موسکو مور کرابوو تصدیقی کرد ....

لندن — بەگوێرەی ئەوخەبەرە کەلە بتاوو باوەر کیراوە آوری جەنگ وپستاش لەبەینی اندنوسیەکانو ژاپونەکان دادەگیرسیت ...

موسکو — مجرمەکانی حزبی رومانیا اعدام کران لەبەینی ئەم مجرمانە جنرال انطونیسکو واسپیللو اعدام کراون ....

موسکو — مستر مورگنتاو کونەوەزیری‌حالیەی امریکا شرحی داوە کە سیاستی مستر ترومان رەئیسی جمهوریتی دەولەتە یەك گرتوەکانی امریکا خلافی سیاستی مستر روزولتە ....

قدس — کونفرانس مایکەکان وسەروکەکانو گەووەکانی عەرەب لەقاهرە تەواو بوو هەر کەس لەمانە بو

## درسی زمانی کوردی

### درسی بیست‌وسی‌یەم

فرنده — فیل
فرنده — فیل
فیل — فرنده
فرنده — فیل

کەف بەفر فرندە فرین فرفرو کە
سفینە سەت فورو فیل فیلباز
بەفرندەفرریم‌بو کەر کولك
سابونی باش‌زور کەف‌دەکا
فیل فیلەبازە
بە . . . . . فرریم‌بو کەر کولك
سابونی باش زور کەف دەکا
. . . . . فیلە بازە

بوکانگای‌خوی گەراوە لەهەر لایکەوەتلگرافی سوپاسیان بوملك فاروق ملکی مصر ناردوە .

موسکو — جەژنیکی گەورە لەم‌شارەدا کراوە بەمناسبەتی گەرانەوەی سالی دەیەمی مردنی نووسەر بەناوبانگ الکسی ماکسیم گورکی ....

موسکو — جەژنیکی گەورە لەشاری‌الماطا پایەتەختی قازاخستان کراوە بەمناسبەتی افتتاحی اکادیمیەی علومی ئەم وولاتەبەم مناسبتەوە گوتری کەپیش انقلاب اکتوبر نسبتی خویندەوارلە سەدا بیست بوو بەلام ویستا ١٢٠٠ عالم تەنیا لەم اکادیمیە کاری دەکا ....

لندن — مجلسی وزرای خارجیە لە ١٥ی ژوئن کە تصادفی ٣٥ مانگی جوزەردان دەکا کودەبنەوە لەم کوبونەوەدا دەربارەی المانیا گفتگو دەکری ....

دهلی — لورد ستازگیت رەئیسی هیئەتی نمایندەکانی انگلیزبولەندن مصری بەجی‌هیشت پیش حرکت کردنی سەروك‌وەزیری‌مصری دیت وبوی تأیید کرد کەئەم سفرەدەلالەت ناکاتە سەرانقطاعی مباحثات‌بەینی مصروبریطانیا بەلکو ئەم سفرە تەنیا بودیتنی مستربیتووینە (وەزیری اموری خارجیەی انگلیز)بوئەوەی لە رای ئەو آگاداربم .....

دهلی — زەلزەلەی تورکیا جوکابانی نری گرتوە تاکو ویستا ٢٧١ کوژراو ١٥٠ بریندار ٢٥٠ خانوو رووخاون ....

دهلی — حکومەتی ارژانتین اعلامیەکی داوەبەتەوکارگەرانەی کەاعتصابیان کردوە بوئەوەی‌بگەرینەوەسەر کاری‌خویان....

## آگاداری

بەدوای آگاداری‌زمارە ٣٠٨ — ١١ ر ١ ر ٢٥ بولی ٣ هیزی ناوەندی جمهوریتی کوردستان ئەهەموو برا خوشەویستەکان رادەگەینی کە بول بەم‌شەرطانەی‌زیرەوەپیش‌مەرگەرادەگرێت:

## آگاداری

بەرواری روزی دووشەممو ٥ ر ٣ ر ٢٥ آغای یعقوب یشوە ویای اسنزری یشوەئەولادانی بابای یشوە متوفی ومذهبیان جولەکە باتقدیم کردنی روونوسی سجلی‌خوان (یعقوب‌واسنزر) وروونوسی مصدق فوتی بابای یشوە کەلە بەرواری روزی ٢٩ بهمن مانگی ١٣١٦ لە محلی دائیمی خوی (مهاباد) فوتی کردوە وتقاضای صدور تصدیق انحصار ور. بەزمارە ٦ ر ٢٥ ع نبت کراوی‌ایدارەی ع. مهابادیان کردوە کە وارث ارث بەری بابا . وە نیوبراو منحصر بەدوو نەفەر کەعبارەتن لە ١ یعقوب‌یشوە دارانی ورقەی نیو ناسینی ٣٨٤٧ مهاباد ٢ ی اسنیری یشوە دارانی ورەقەی‌نیوناسینی ٤٨١٤٨ مهاباد دانیشتویانی مهاباد کوردستان ایدارەی عدلیەی مهاباد بەپاش رەسیدەگی بە شاهدەکان‌مراتب سەرەوەی کەرەت‌لەروزنامەی کوردستاندا هەرمانگی یەك‌مرتبە آگاداری‌دەکا هەر کەس‌نسبت بەمراتبی‌سەرەوە اعتراض‌یاوصیت نامەی ظاهر کراوی رسمی لەطەرەف متوفی‌نیو براو لەدەست دایە یالینکە ارث برەخوی بە ایدارەی عدلیەی معرفی نەکردوە ویالینکە نەکراوەتامەدەتی‌سی‌مانگ لەبەرواری درج‌ەوەل آگاداری بەایدارەی عدلیە مراجعە واعتراض خوی تقدیم‌بکایەغیرازوصیت‌نامەو مدرکی‌رسمی واعتراضی باقی زباناً لەدرجەی اعتبارساقط وقبول ناکری ولەپاش تەواو بونی مدت آگاداری حکم انحصار‌وراثت‌نوبراوان صادردەکری‌وبەنیوبراوانی ئەو آگاداری کەبەارث برەوم کراندەدریت وهیچ کونە اعتراض‌و شکایت قبول ناکری وموقع دەکوزەری ونیوبراوان بەوارث‌وارث‌بەر دەناسرین . سەروك‌عدلیەی‌مهاباد حسین‌مجدی

الف — هەتامەکینەسەلت‌و بی‌زن‌و مندال بیت ب — تەمەن نابی لە ١٨ کەمتر ولە ٣٠ زیاتر بی ج — خاوەنی اخلاقی‌چاك‌و بدەنی‌ساغ بی وسائل زندەگی‌و بەخیو کردنی پیش‌مەرگان کەلە طەرەف‌دەولەتی جمهوریت کوردستانەوە تأمین کراوە بەو جوورەیەالف — نان‌و چیشت‌و منزل‌و بەرگ‌و قەندو چای‌و توتن‌و کاغەزی سیغارەوە تەواوی وسائل زندگی کەبەپیش مەرگە دەوڵەتیکی آبرومند پیویست بی‌فراهم وحاضرە ب — مواجب مانگانەی پیادە ١٥ تمەن سوار ئەگەر ئەسپ‌وزینی شخصی‌بی ٢٥ تمەن لەهەموو سەری مانگی دا مرتباً وەری دەگرن ج — دوای خاتمەخدمەتی ٤ مانگ وفیربوونی تعلیمات پیش‌مەرگەیی ئەگەر جو بو مأموریت غیراز جیرەی دەولەت روزی تەنەیکیشی فوق‌العادە دەدریتی .

کەسانیك خاوەنی ئەوشەرطانەی‌سەرەوەن بیویستە خویان بەبولی ٣ هیزی ناوەندی معرفی وبناسینن تابە خدمەت مقدس‌و مرام پیشمەرگەیی کەیەکانە مرام ملیە مفتخر بکری . فەرماندەی‌پولی ٣ هیزناوەندی صلاح

## (١٢ - ١)

# جەژنی نەوروز لە مەهاباد

ڕۆژنامــەی کوردســتان لــە بــارەی جــەژنی نــەوروز لــە مــەهاباد ڕێپورتــاژێکی بڵاوکردووتەوە:

(( ڕۆژی پێنج شەمموو هەوەڵی ساڵی ١٣٢٥ کاتێك کە هەتاو لە پشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردەنی بەرزکردوو بە تیشکی تینداری خۆی مزگینی بەهاری تەر و تازە و ڕۆیشتنی سەرماو سۆڵی زستانی بە ئافەریتەکانی خوای بێهاوتا دەدا مەهاباتیش لە گەل مێوانە ئازیزەکانی(بارزانی) و دانیشتوانی خۆی هەر لە ورد و درشت کیـژ و لاو بە دلێکی هێـزدار و رویـوکی گەشـەوە بـو نیشـاندانی بـەروبوی بـەهاری کـوردان کـە چەندێك لەمەوبەر باغەوانێکی بە ڕاۆژیـر ڕەنێـوی هێناوە!..سـاتی ٨ی بـەیانی ڕۆژی نێوبراوی سەرەوە کە دووشەقامی قازی و وەفـای لـە بـەر کۆمـەڵ ڕەش دەچـوو وەوە، پێشمەرگەکانی شاریش بـە تێکـەڵبوونی پیـاو ژن کیـژو لاو بـە ڕەنگـی سـۆرو سـپی و سـەوز دەدرەوشـانەوە. لـە ناکـاو ئـاوازی فریشـتەکانی ئـازادی ڕۆڵـە خوێنگەرمـەکانی ڕەشیدی کوردی لە ناو کۆمەڵ و دەشت و چیایی شاری وای دەنگ دەداوە..

لـەم کاتـەدا کـە قوتـابی و سـەربازەکان و خـەڵکی شـادی مەسـتی تـەبیعی ئـازادی و جێژنی نەوروزو هاتنی فەسلە بەهاربوون فەرمانی خەبەدارو دەنگی سەلامی ڕەسمی موزیك کە تەشیرف هێنانی سەرداری مەحبوب و پێشـەوای مـەزنی اغـلان دەکـرد وە

خەبەر هاتن. زاتی موقەدەسی پێشەوا لە پاش گریدانی گوزارش کە بە وەسیلەی فەرماندەی هێزدرا داخلی ناو کومەڵی مەدرەسەکان بوو:

هەوەل بە کچەکان و کورەکانی فەرموو شاد بن کچەکانم کورەکانم- خەڵك بە گوێ لێبوونی ئەو دوو وتەیە لە بەر شادی فرمێسکیان دەرژاند))

## (١٣ - ١)

# سرودى ميللى

سرودى ميللى كۆمارى ديموكراتى كوردستان لە دانانى هەژارى شاعيرە ئەو سرودە لە زۆر بوونەو ئاهەنگدا لەلايەن تيپى موسيقاى سەربازى كوردستان لە پالّ سرودى (ئەى رەقيب)ى دلدارى شاعير كە وەك و مارشى نەتەوەيى لە هەموو كوردستان دادەنرێت، پێشكەش كراوە:

نيشتيمانم رەنگينە      بەهەشتى سەرزەمينە

(خاكم وەك و ئالاّكەم      رەنگ سۆر و سپى و شينە)[٢]

رەگى وەك و سۆڕى گولاّن      بوونى سوێسناو هەلاّلان

(كەويە بەفرى نوالاّن      سەرچاوەى ئاوى ژينە)[٢]

لە سايەى پێشەوادا      زۆر بە ئازاو بە مەردى

دەى پارێزن ئەو خاكە      (بێچوەشيرانى كوردى)[٢]

هارەى ئاوى هەڵدێران      فێنك و شينكەى زەنوێران

(ئاونگى سەر وەنەوشەى      دەرمانى باو بوێران)[٢]

سەرپاكى زەوى ئاوە      گەنم كولەكەى داوە

(هەناویان بوی نەماوە تورك و عارەب و ئێران)[٢]

لە سایەیی پێشەوادا زۆر بە ئازاو بە مەردی

دەیی پارێزین ئەم خاکە (بێچوەشێرانی کوردی)[٢]

نەفتم ئاوی ژیانە لە سیرت و کرمانشانە

(بابەگوڕ گۆڕ دەزانێ لە مۆسلێشجا هەمانە)[٢]

کانگام هەیە لە زاخو هەروەك نەوتەکەی تۆر

(بودۆژمنان بوتە سۆ هەرخوش بێ ئەو زەمانە)[٢]

لە سایەیی پێشەوادا زۆر بە ئازاو بەمەردی

دەی پارێزین ئەو خاکە (بێچوەشیرانی کوردی)[٢]




رەنگە ئەم وێنەیە چەند پرسیاریك لای خوێنەر دروست بکات ئەم وێنەیە بە بەشداری سەیفالقزات مامی پێشەوا و خودی پێشەوا و کۆمەلێك خەلکی تر گیراوە، ئایا ئەمە کام ئالایە؟ لەو وێنەیەدا ئالایەك دیارە کە هێمای شێر و خورشیدی ئیران و هەروەها نوسینێکی وەك ئایاتی قورئانی لە سەرە، ئایا ئەم وێنەیە پێش روداوی کۆماری کوردستانە؟ بوچی هەم پێشەوا جەوانترە و هەم جەنابی سەیف دیارە و هەروەها بە پێچەوانەی وێنەکانی کۆمار، پێشەوا لە ناوەراستی وێنەکەدا نییە؟

بەلام بۆ دلنیابوونی ئەم گومانانە ئەم وێنەیە هی سەردەمی کۆمارە و ئەو ئالایەش ئالای ئازەربایجانە و ئەوەی لای سەیف و القوزاتیش ڕاوستاوە، موحەمەد جەعفەری پیشەوەرێیە و ئەوەی لە ئالاکەش نوسراوە، زمانی ئازەریە و نوسراوە یاشاسن ئۆزربایجان و خوارەوەش لێی نوسراوە بژی برایەتی ...

## (١٤ - ١)

# کێ ئالآکەی کۆماری مەهابادی دووری

سەیدزادە فاتمەی ئەحمەدین، ناوی ئەو ژنە بەساڵاچووەی شاری مەهابادە، کە ئالآکەی کۆماری مەهابادی بەدەستی خۆی نەخشاندووە.

سەیدزادە فاتمە، هاوسەری کەریم ئەحمەدین، وەزیری پۆست و تەلەگراف وتەلەفۆنی کۆماری مەهاباد بووە، دراوسێی ماڵی مەلا مستەفای بارزانی بووە لە مەهابادو بیرەوەری لەگەڵ زۆربەی سەرکردە ناودارەکانی کورددا هەیە.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا، کە بنەماڵەی سەیدزادە فاتمە بەهاوکاری کامێرامانێك بۆ مێژوو تۆماریانکردووەو تۆمارەکە لای چالاکوانی ناسراوی کوردستانی ڕۆژهەڵات "کاوەسوور" پارێزراوە، سەیدزادە فاتمە باس لەوە دەکات: بەر لە ڕۆژی مەراسیمی هەڵکردنی ئالآی کوردستان لەسەردەمی قازی محەمەد، چەندین جۆر ئالآی جیاواز بەناوی ئالآی کوردستانەوە لە مەهاباد هەڵکراوە، تا دواجار کاربەدەستێکی بالآی قازی محەمەد وێنەی ئالآی رەسمی کوردستان لەسەر کاغەزێك دروستدەکات و داوا لەو ژنە دەکات لەسەر قوماش بینەخشێنێت.

سەیدزادە فاتمە، باس لەوە دەکات دوای ئەوەی ئالآکەی دوریوە، قازی محەمەد دەستخۆشیی زۆری لێکردووە، دواتر قازی و تەواوی وەزیرەکانی کۆمار بەو ئالآیە سوێندییان خواردووە، لە ڕۆژی راگەیاندنی کۆماری مەهابادیشدا هەر ئەو ئالآیە بووە کە لەسەر بینای شارەوانی مەهاباد بەرزکراوەتەوە.

هەر لەو گرتە ڤیدیۆیەدا، سەیدزادە فاتمە، ئەوەش ئاشکرادەکات کە دوای رووخانی کۆمار توانیویەتی ئاڵاکە بگەڕێنێتەوە لای خۆی و بیپارێزێت، بەڵام دواتر عەبدولرەحمانی قاسملۆ (سکرتێری تیرۆرکراوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) پێش ئەوەی بۆ خوێندن روو لە فەرەنسا بکات، چەند جارێك لەرێی دایکی و خوشکەکانییەوە داوای ئەو ئاڵایەی کردووە، سەرەنجام ناچار بووە ئاڵاکەی بداتێ.

وەك سەیدزادە فاتمە باسیدەکات: یەکێك لە ئاواتەکانی قاسملۆ ئەوەبووە، کە پێش سەفەرەکەی بۆ فەرەنسا ئاڵاکەی سەردەمی کۆماری مەهابادی دەستبکەوێت و لای خۆی بیهێڵێتەوە، کاتێکیش ئاڵاکەی پێگەیشتووە، زۆر بەپەرۆشەوە ماچی کردووەو، وەك شتێکی زۆر پیرۆز چەند جارێك بەسەر دەموچاوی خۆیدا هێناوە.


چەند کەسێك لە ئەندامانی بنەماڵەی سەیدزادە فاتمە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین ئاماژەیان بەوەداوە کە کورد کەمتەرخەمە بەرامبەر مێژووی نەتەوەکەی و تائێستا هیچ دەزگایەکی راگەیاندن سەیدزادە فاتمە-ی بەسەرنەکردوەتەوە، لەکاتێکدا بەردەوام دیمانە لەگەڵ هونەرمەندان و رۆشنبیران رێکدەخرێت و بیرەوەرییەکانیان تۆماردەکرێت.

هەرچەندە تائێستا رای جیاواز هەیە دەربارەی شێوازو دیزاینی ئەو ئاڵایەی کوردستان کە لەسەردەمی قازی محەمەددا هەڵکراوە، بەڵام ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەکی جیاواز هەڵناگرێت ئەو راستیەیە کە ئەو ئاڵایە لە لایەن سەیدزادە فاتمەوە نەخشێنراوە، جا دیزاینەکەی هی هەر کەس و سەردەمێك بێت.

ئەو ژنە، تائێستا لەژیاندا ماوە، تەمەنی ٨٨ ساڵە، لەشاری مەهاباد نیشتەجێیە.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ١٧ی کانونی دووەمی وەك "ڕۆژی ئالا" دیاریکردووە بۆ ئەوەی ساڵانە لەو ڕۆژەدا یادی بکرێتەوە، بەڵام جەلیل گادانی، کەسایەتیی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە مەراسیمی هەڵکردنی ئالآی کوردستاندا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بەشداربووە، ئەم مێژووە بە هەڵە دەزانێت و دەڵێت: "لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی، کە دەکاتە ١٩٤٥/١٢/١٦ بە بەشداری قازی محەممەد و سەرکرایەتی حیزبی دیموکرات و مستەفا بارزانی و نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئالآی کوردستان هەڵکراوە".

## چەند نموونەیەك لە نوسراو و ئارمی حکومەتی میللی کوردستان لە مهاباد و چەند شێوازی ئارم و نیشانەی ئاڵای کۆمار لە سەر نوسراوەکان




عنوانی نوسراو بو

ریاست جمهور

بەپی دەستوری ژمارە ١١٥٩

٢٢-١١-١٣٢٤ کومیتەی مەرکەزی
حزبی دیمو دراتی کوردستان لە
کاتیکدا مذت بی یەوی دەردی دلی خویان
باحساساتیک بەنوسین پیشکەشی رئیسی
جمهوری کوردستان بکەن عنوانی
نوسرا وتە نیادەبی : (رئیسی جمهوری
کوردستان) بیت


وزارت فرهنگ


وزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان
(ستاد کل)





# (١٥-١)

## ئاڵای ئێستای کوردستان و چەند زانیاریەک


### پێناسەی ئاڵای ئێستای کوردستان

ئاڵای کوردستان لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی پێکهاتووە.

### ڕەنگەکان:


ئاڵای ئێستای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە .

بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی .





### دروشمی نەتەوەیی:

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.




بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک(١) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (٠.٥) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست دەکەن .




خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئالآی کورستان جێگیربێت.



خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئـاڵا بـە نـاو خـاڵی تیـژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت .



## چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان :

ڕنگەکانی ئاڵای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە :

- سوورPMS 032 :
- سەوزPMS 354 :
- زەردPMS 116 :

## شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا:

١. هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
٢. بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
٣. بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
٤. لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.
٥. لە سەر مێز دانانی ، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

**یاسای ئاڵای هەرێمی كوردستان**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بە ناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار:٢٦

ڕۆژی بڕیار:١٩٩٩/١١/١١

(بڕیار)

پشت بەو دەسەڵاتەی كە بە پێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی كە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١١یدا یاساكاری كردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا:

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای ئاڵای هەرێمی كوردستانی عێراق

مادده یەكەم:

هەرێمی كوردستانی عێراق ئاڵایەكی دەبێت بە شێوەی لاكێشەیی، كە پانیەكەی دوو لەسەر سێی درێژیەكەی دەبێت و دابەشكراوە لەسەر سێ لاكێشەی ئاسۆیی یەكسان لە درێژی و پانی داو، پێكهاتەكەی بەم شێوەیەیە:

١-لاكێشەی سەرەوە ڕەنگی سورەو هێمای شەهیدانی بزاڤی ڕزگاری خوازی كوردە.

٢-لاکێشــەی ناوەراســت رەنگــی ســپی دەبێــت، هێمــای ئاشــتی و ئــازادی و دیموکراسی و لێبوردنە (تسامح)، کە خەڵکی کوردستان ئاواتە خوازیەتی.

٣-خۆرێکی زەرد دەکەوێتە ناوەراستی لاکێشە سپییەکەوەو، چەقەکەی خاڵی یەکتر بڕینی تیرەی لاکێشە سپیەکە دەبێت و، تیرەی خۆرەکە ئەوەندەی پانایی لاکێشــە ســپیەکە دەبێــت و، (٢١) بیســت و یەك تیشــکی لێــوە دەردەچێــت بە شێوەی سێگۆشەی دوو لا یەکسان و، بنکەکانی یەك لسەر بیست و یەك لە چێوەی گۆی خۆرەکە دەبێت و، درێژیشیان بگاتە نیوەی هەردوو لاکێشە سوورو سەوزەکە. خۆرە زەردەکە هێمای بەردەوام بوونی ژیان و زانست و هیوا و ئومێدەو، (٢١) بیست و یەك تیشکەکەیش هێمای جەژنی نەورۆزی نەتەوایەتییە، رۆژی بەرخودان و راپەڕین و شۆرش رزگاریی دژ بە زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە.

٤-لاکێشەی خوارەوە رەنگی سەوز دەبێت و، هێمای کشتوکاڵ و سروشت و ژینگەی کوردستان.

ماددەی دووەم:

ئەو جێگایانەی کە ئاڵاکەی لەسەر هەڵدەدرێت لە (پەیڕەو)دیاری دەکرێت.

ماددەی سێیەم:

هەڵکردنی ئاڵا لە کاتی خۆرهەڵاتن دا دەبێت و، هاتنە خوارەوەشی لە کاتی خۆرئاوا بوندا.

ماددەی چوارەم:

دروست و چاپ و دابەش کردنی ئاڵا بە رەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیری دەبێت.

ماددەی پێنجەم:

نابێت ئاڵا لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوایەتی و ئاهەنگەکاندا بەرز بکرێتەوە یان بە کاربێت، ئەگەر هاتوو کەم و کۆری هەبوو لە مەڕ گۆڕانی ڕەنگەکانی و پاك و پوختی و دڕانی.

مادەی شەشەم :

هەلدانی ئاڵا شان بە شانی ئاڵای عیراق دەبێت لەو بۆنانەی کە ئاڵای عیراقی تێدا هەڵدەدرێت، تا قەوارەی دەستوری فیدڕالیەت دەچەسپێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە عیراقدا.

ماددەی حەوتەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەوێکی تایبەتی دەربکات بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی بەندەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاو دژ بێت.

ماددەی نویەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانیەوە جێ بە جێ دەکرێت و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

# تەوەری دووەم

# لایەنی پڕاکتیکی

## ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

## (١-١) پرس و ئامانجی توێژینەوە

پرسی توێژینەوەی ئەمجارەمان لەو هەستە نەتەوایەتیەدا کورت دەبێتەوە کە لە ئەنجامی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان لە لایەك و بەشداریکردنی بارزانییەکان لە کۆماری مهاباد و هەست و سۆزی بارزانیەکان بەرامبەر بەم ئاڵایە لە لایەکی ترەوە سەری هەڵداوە.

## (١-٢) گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خالانە دا کورت دەبێتەوە:

١. هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە یەکرێزی و هاوسۆزی کورد بە گشتی و بە تایبەتی کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە ژێر چەتری یەك ئاڵادا.
٢. یەکەم جارە بە شێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە لە سەر ئاڵای کۆماری کوردی دەکرێت و لە سەر بنەمای زانستی هەست و سۆزی بەشداربووان شیدەکرێتەوە و دەخرێتە بەر باس و توێژینەوە.

## (١-٣) میتۆدی توێژینەوە

لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا لە سەر توێژەر پێویستە ئەو میتۆدە (Method) زانستیانە بەکاربهێنێت کە دەکرێ لە میانەوە ئەو ئامانجانە بپێکی کە باسەکە بۆی

دەچێت، هەر توێژینەوەیەك دەشێ زیاتر لە ڕێبازێکی توێژینەوەی تیدا بخرێتەکار، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ئەم توێژینەوەیە پێویستیمان بە زیاد لە میتۆدێکی شیکردنەوە هەیە.

ئەم توێژینەوەیەش پشتی بە کۆمەڵێك میتۆد بەستووە:

١- **میتۆدی مێژوویی** (Historical method)؛

٢- **میتۆدی بەراوردکاری** (comparative method)؛

٣- **میتۆدی ئاماری** (Statistical method)؛

## (٤-١) نموونەی هەڵبژێردراو و کۆمەڵگای ئاماری

هەلبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت و خستنەڕوو وەسفکردنی تایبەتمەندیەکانی نموونە بە یەکێك لە شتە زۆر پێویستەکان لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا. کە دەرئەنجامی سەرکەوتن و هەرەسهێنانی توێژینەوەکەی لەسەر بەندە. نموونەی توێژینەوەش بە ڕێژەیی گۆزارشت لە کۆی کۆمەڵە دەکات کە توێژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) وا پێناسە دەکرێ کە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی بە گوێرەی ڕێگاو پرەنسیپی زانستی دیاری دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕاست و درووست

نوێنەرایەتی سەرجەم گۆمەڵگای توێژینەوە دەکات، نموونە واتە هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە شتێك یان دەرهێنانی ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە تاکەکانی کۆمەڵگای لێکۆڵڕاو واتە نموونەیەك هەڵبژێرێ (ئەگەر کەمیش بێت) وێنەی سەرجەم کۆمەڵەکە تێدا دەربکەوێ، دیراسەکردنی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویستی بە تواناو ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە کۆمەڵ وەرگرن. لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (هەڕەمەکی) بەکارهاتووە. وەرگرتنی نموونەکە لە جۆری نموونەی قەبارە بچوکە (عینە صغیرە). لە کومەڵگای توێژینەوەکەشمان (کۆمەڵگای ئاماری) هەموو ئەو بارزانیانە وەرگیراوان کە لە ساڵی ١٩٤٥ ئاوارەی وڵاتی ئیران بوونە و بەشداربوونە لە مەراسیمەکانی بەرزکردنەوە و چەقاندنی ئالای کۆماری کوردستان لە مهاباد و دەوروبەری.

## (١-٥) سنووری توێژینەوە

زۆربەی کۆمەڵناسان و باسکاران و توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە پێویستە سنووری توێژینەوە دیاری بکرێت. دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیەش سێ سنوور لەخۆ دەگرێت:

أ. سنووری مرۆیی: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە مەراسیمی چەقاندن و بەرزکردنەوەی ئالا و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەشداربوون.

هەروەها ئەو کەسانەی وەك نموونە (عینە) وەرگیراون مەرج بوو تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمتر نەبێت. چونکە زیاتر لە (٦٧)ساڵی بەسەردا تێپەریووە تا ساڵی ٢٠١٣.

ب. سنووری شوێنی: ڕۆژهەلاتی کوردستان، مهاباد و دەوروبەری دەگرێتەوە.

ج. سنووری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوەی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوە، لایەنی تیۆری و مەیدانی لە ساڵی (٢٠١٣) ئەنجامدراوە.

## (١-٦) ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گومانی تێدا نییە کە توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفت بووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئاستەنگی زانستی؛ کەمی سەرچاوەی ئەکادیمی لەم بارەیەوە.
٢. نەخوێندەواری نموونەی توێژینەوە، کەمی ئاستی خوێندنی بەشداربووان گرفتێکی سەرەکی توێژینەوەکە بوو.
٣. بێ ئاگایی و شارەزا نەبونیان لە توێژینەوە زانستییەکان، چونکە ئەوان پێیان وابوو بەرژەوەندییەك لە پشت ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە هەیە، بۆیە هەندێ جار ناچار پرسیارێکمان بە چەند شێوەیەك دەکرد بۆ ئەوەی زانیاری تەواو بەدەست بهێنین.

## (١-٧)کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

توێـژەر پـەنای بردووتـە بـەر ئـەو کەرەسـتانەی کـە لـە توێژینـەوە مەیدانیەکانـدا بەکاردێن، پشتی بە زێتر لە کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە بۆ ئـەوەی دواجار ڕێژەیەکی زۆری داتاو زانیاری لەلا گەڵاڵە ببێت.

توێژەر لەلایەنی پراکتیکی پشتی بەم کەرەستانە بەستووە:

## ١.چاوپێکەوتن (Interview):

یـەکێك لـە شـێوازەکانی کۆکردنـەوەی زانیـاری چـاوپێکەوتنە. توێـژەر سـوودی لـە چـاوپێکەوتن وەرگرتـووە لـە ڕێگـەی دانیشـتن و گفتۆگـۆکردنی ڕووبـەڕوو لـە گـەل تاکەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، لـە ئـەنجامی چـاوپێکەوتن لـە گـەڵ بەشـداربووان، توێژەر زانیاری پتری بە دەست هێناوە، هەنـدێك لـە چاوپێکەتنەکان چـاوپێکەوتنی چڕ و تێرو تەسەلن (Focused Interview) هەندێکیش چاوپێکەوتنی ئازادن.

## ٢.چاودێریکردن(Observation):

چاودێریکردن بە شێوەیەکی روون و دیار، شێوەیەکی سەرەکی کۆکرنەوەی زانیارییە لەبارەی جیهانی دەوروبـەر چـاودێریکەر دەتوانێـت چـاودێری بـارودۆخی نموونەکـە بکات و لە گرفت و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پەیوەنییـەکانیان ئاگـادار بێـت. توێـژەر لەگەل خەڵکەکە ژیاوە زۆربەی کەسوکاری ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونە و لـە مهابـاد و دەوروبەری نیشـتەجێبوونە و لـە مەراسـیمی هـەلکردنی ئـاڵا و بەرزکردنـەوەی ئـەم ئاڵایە بەشدارن.

**٣.پرسیارنامە (فۆرمی ڕاپرسی) (questionnaire)** فۆرمی ڕاپرسی: بریتیە لەو بەڵگەنامەیەی کە بەهۆی ئەمەوە زانیاری و شارەزایی لە بارەی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە. کۆمەڵێ پرسیاری گشتی و تایبەتی لە خۆ دەگرێت کە کۆمەڵی یەکەم دەربارەی ڕەوالەت و باری ژیانی تاکاکەنی نموونەی توێژینەوەکەیە. لە پرسیارنامەدا پێویستە ئامانجی توێژینەوە یاخۆد ئەو گریمانانەی کە مەبەستمانن بە تەواوی روون و ئاشکرابن. پرسیارەکان بە هەردوو شێوە (کراوە) و (داخراو) خراونەتە روو.

## ٤. هەندێ کەرەستەی تریش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون وەك:

- تۆمارکردنی دەنگ.

- وێنەی فۆتۆگرافی.

- بەڵگەنامەی دەستنوس گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم.

## ٥.کەرەستەی ئاماری:

لەم تۆێژینەوەدا جگە لە بەکارهێنانی خشتە بۆ خستنەرووی زانیارییەکان، نەخشەو بەیانات و هێلکاریش بەکارهاتوون بۆ شیکرنەوە و ڕاڤەکردنی زانیاریەکان وەك؛ شریتی بەیاناتی ئاسایی (تاکی)؛ شریتی بەیاناتی ستوونی تێکەڵاو؛ هێلکاری بە ڕێبازی هیستوگرام...هتد. لە بواری مەیدانیدا چەند ئامرازو کەرەستەیەکی ئاماریش بە پێویست زانراوە:

**١. بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (٪) ئەو بەهایەیە کە قەبارەی ڕێژەیی بۆ کۆمەڵە بەهایەك لەمیانەی دابەشکردنی بەها (بەش) کە لە سەر کۆی بەها (گشت) و لە یەکدانی ئەنجامی دابەشەکە لە قەبارەی نەگۆڕ (١٠٠) دیار دەکات.**

$$\text{ڕێژەی سەدی (٪)} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$

**٢. بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری بۆ دیاریکردنی نێوەندی تەمەن.**

$$\text{ن.ژ} = \frac{\text{کگ (ن.ت X د)}}{\text{کگ د}}$$

**ن.ژ ؛ ناوەندی ژمێریاری**

**کگ ؛ کۆی گشتی**

**ن.ت ؛ ناوەندی تەمەن (کۆمەڵی تەمەن)**

**د ؛ دووبارەبوو**

# خستەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی

## (أ)

## خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

### خشتەی ژمارە (١)

### ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٢ | ٪٦٠ |
| مێ | ٨ | ٪٤٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (١) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە، دەرکەوتووە ڕێژەی ٦٠٪ لە ڕەگەزی نێرن لە بەرامبەریشیدا ڕێژەی ٤٠٪ لە ڕەگەزی مێن، هەروەك دیارە جیاوازییەکی ئەوتوو لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا نییە، ئەمەش هاوسەنگییەکی زیاتری زانیاریمان دەدات بە دەستەوە.**

## خشتەی ژمارە (٢)

## کۆمەڵەی تەمەنی نموونەی توێژینەوە

| کۆمەڵەی تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١٩١١-١٩١٥ | ٢ | ٪١٠ |
| ١٩١٦-١٩٢٠ | ٤ | ٪٢٠ |
| ١٩٢١-١٩٢٥ | ٦ | ٪٣٠ |
| ١٩٢٦-١٩٣٠ | ٨ | ٪٤٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە(٢) تایبەتن بە تەمەنی یەکەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکەمان لە چوار کۆمەڵەی تەمەن پێکهاتووە. گەورەترین نموونەی توێژینەوە لە رووی تەمەنەوە لە دایکبووی ساڵی ١٩١١ یە، واتە سەد و دوو ساڵ تەمەنیەتی مەبەستمان تا ساڵی (٢٠١٣)یە، لە کاتی ئاوارەبوونیان بۆ کۆماری مهاباد تەمەنیان (٣٤) ساڵ بووە، بچوکترین یەکەی توێژینەوەش لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٠ بوو، تەمەنیان (١٥) ساڵان بووە لەکاتی ئاوارەبوونیان، تەمەنی ئێستاشیان واتا ساڵی (٢٠١٣) دەکاتە (٨٣) ساڵ، ئەوانی تریش تەمەنیان لەم نێوەندەدایە واتە (١٥) ساڵی بۆ(٣٤) ساڵی لە کاتی ئاوەرابوونیان بۆ کۆماری کوردستان لە مهاباد و تەمەنی ئێستاشیان لە نێوان (٨٣) ساڵی بۆ (١٠٢)ساڵییە، بێگومان ئەم کۆمەڵە تەمەنانە

سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارین هەم بۆ ئەوکات کە گەنج بوون و بەجوش و خروشەوە لە دامەزراندنی کۆمار و مەراسیم و ئاهەنگەکانی ئالآی کۆماری کوردستان بەشدارن بوونە، بۆ ئێستاش بە هەمان شێوە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی زانیارین، بەڵام هەندێك لە نموونەکانی توێژینەوە بە هۆی بە ساڵاچوونیان پێویستی بە ماوە و کاتی زۆر بوو تاکو لە وەڵامی ڕاست و دروستی پرسیار نامەکە دەگەیشتن و بە هەمان شێوەی ڕاست و دروست وەڵامی دەدایەنەوە. بەرزترین ڕێژەی تەمەن لە کۆمەڵەی نموونەی توێژینەوە ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦ - ١٩٣٠) دایە واتە تەمەنی ئێستایان ساڵی (٢٠١٣) لە نێوان (٨٣ - ٨٧) ساڵی ڕێژەی ٤٠٪ نموونەی توێژینەوەن. ڕێژەی دوای ئەمیش تەمەنیان لە نێوان (٨٨ - ٩٢) ساڵی یە، واتە لە کۆمەڵەی تەمەنی لە دایکبووی ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٥) و ڕێژەی ٣٠٪ پێکدێنن، ڕێژەی کۆمەڵەی تەمەنی سێیەمیش لە دایکبووی ساڵانی (١٩١٦ - ١٩٢٠) و تەمەنی ئێستایان لە نێوان( ٩٣ - ٩٧) ساڵیدایە و ڕێژەی ٢٠٪ نموونەی توێژینەوەن. نزمترین ڕێژەی تەمەنیش لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە تەمەنیان لە نێوان (٩٨ — ١٠٢) ساڵیە و لە دایکبووی ساڵانی( ١٩١١- ١٩١٥) ڕێژەی ١٠٪ نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.

## خشتەی ژمارە (٣)

### ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٢ | ٪٦٠ |
| خوێندن و نوسین | ٨ | ٪٤٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**داتاکانی ناو خشتەی ژمارە(٣) تایبەتن بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە، دەردەکەوێت کەوا نەخوێندەوارەکان ڕێژەی ٪٦٠ نموونەی توێژینەوەن ڕێژەی بەرامبەریشی کە هیچ بروانامەیەکیان نییە تەنیا خوێندن و نوسین دەزانن بە ڕێژەی ٪٤٠ دایە. داتایەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە خاوەن بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەیی و زانکو و پەیمانگا لە نێو یەکەکانی نموونەی توێژینەوەدا نەبوونە، چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە بارزانیەکان لەوکاتەدا توانیان بخوێنن، ئەوانی تر بەهۆی بەرگری و ئاوارەبوون و دەربەدەری و ڕاپەرین نەیانتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن چونکە دوای چاکسازیەکانی شێخ عەبدولسەلامی دوووەم لە پاش لە سێدارەدانی لە ١٤-١٢-١٩١٤ کە ئەوکات خوێندن لە مزگەوتەکان بوو، بە تایبەتی مزگەوتی بارزان کە ژمارەیەکی زۆر مریدی بارزانی و عەشیرەتە دراوسێیەکانی لە خۆ گرتبوو ڕۆژانە دەیانخوێند. پاش دروستبوونی دەوڵەتی مەلەکی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ بە دواوە لە هەندێك شوێن قوتابخانە کرانەوە بەڵام لە ژێر ویست و خواستی**

بریتانیا بوو کە ئەوکات عیراقی داگیرکردبوو. تا ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ لە یەکەم بزاڤ و ڕاپەرینی بارزان و ئاوارەبوونیان بۆ تورکیا و بزاڤ و ڕاپەرینی دووەمی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥ و ئاوەرابوونی بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ ئێران و حوکمی عورفی لەم ناوچەیە و سەرەرای پشتگوێخستنی ئەم دەڤەرە لە هەموو خزمەتگۆزارییەکی پەروەردەیی، ئەمانە هەمووی هۆکار بوون و نەیان توانیوە بخوێنن و درێژە بە خوێندن بدەن.

## خشتەی ژمارە (٤)

### باری ئابووری نموونەی توێژینەوە (باری ئێستایان)

| باری ئابووری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ٢ | ٪١٠ |
| ناوەند | ١٢ | ٪٦٠ |
| خراپ | ٦ | ٪٣٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە(٤) تایبەتە بە باری ئابووری ئێستای نموونەی توێژینەوە( ٢٠١٣)، یەکەکانی توێژینەوە بەم شێوەیە باری ئابووریان لە قەڵەم داوە، ڕێژەی ٦٠٪ نموونەی توێژینەوە باری ئابوورییان لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە، ڕێژەی ٣٠٪ باری ئابووریان خراپە و ڕێژەی ١٠٪ لە باری ئابووریی باشدان، بێگۆمان ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە.**

## خشتەی ژمارە (٥)

### باری کۆمەڵایەتی (خێزانداری) نموونەی توێژینەوە

| باری کۆمەڵایەتی (خێزانداری) | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەلت | ١ | ٪٥ |
| خێزاندار | ٥ | ٪٢٥ |
| تاکی بەرامبەری لە ژیاندا نەماوە | ١٤ | ٪٧٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**داتاکانی خشتەی ژمارە (٥) باری کۆمەڵایەتی (خێزانداری) نموونەی توێژینەوە دەخەنە روو، بەرزترین رێژە بە رێژەی ٧٠٪ بەرامبەرەکەیان لە ژیاندا نەماون مردوون یاخۆد بەر بۆمباران کەوتوون یاخۆد کۆمەڵکوژکراون یاخۆد شەهیدکراون بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان تاك مردوون. رێژەی دەووەم بە رێژەی ٢٥٪ خێزاندارن و رێژەی سیەمیش ٥٪ سەلتن واتە ژیانی هاوسەریان پێکنەهێناوە و ئێستاش پەککەوتە و بە ساڵاچوون.**

## ( ب )

# خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

### خشتەی ژمارە (٦)


### ئەرك و پیشەی سەرەکی بارزانیەکان لە کۆماری کوردستان

| ئەرك و پیشەی سەرەکی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ١٠ | ٪٥٠ |
| پ.م | ١٠ | ٪٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٦) تایبەتە بە ئەرك و پیشەی سەرەکی بارزانیەکان لەو ماوە کورتەی کۆماری کوردستان لە مهاباد، دەردەکەوێت ڕێژەی ٥٠٪ بارزانیەکان ئەرك و پیشەی سەرەکیان لە کۆماری کوردستان پێشمەرگایەتی بووە و لەشکری تایبەتیان هەبوو، پلە و پایەی سەربازی بەرزیان لە کۆماری کوردستان (کۆماری مهاباد) وەرگرتبوو لەو تەمەنە کورتەیدا، بۆ نموونە بارزانی نەمر پلەی ژنەڕاڵی پێبەخشرا لە کۆماردا.

هەمان ڕێژەش بێکاربوونە ئەمانەش ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون. مەبەستیشمان لە ئەرك و پیشەی سەرەکی چونیەتی بەرێوەبردنی کاروباری

ڕۆژانەیان بووە، نەك بە دەستێهێنانی مادە و سەرچاوەی بژێوی ژیان، چونکە لەم بارودۆخەدا و لەو ماوە کورتەدا ئەستەم بوو بتوانن و کارێك بکەن کە بتوانن خۆیان و ماڵ و منداڵیان بەڕێوەبەرن و لە هەمانکاتدا بتوانن داهات پاشەکەوت بکەن، بەگووتەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە و بە پێی سەرچاوەکان، بژێوی ڕۆژانە و جێگای حەوانەوەیان لە لایەن کوردانی ئەم ناوچانەی کەلێ بوون دابینکراوەو کەمتەرخەمیشیان نەکردووە.




هێلکاری ژمارە (١) پیشەی سەرەکی بارزانیەکان لە کۆماری کوردستان ڕووندەکاتەوە

## خشتەی ژمارە (٧)

### هەستی نەتەوایەتی نموونەی توێژینەوە (بۆ ئەوکات) ڕووندەکاتەوە

| هەستی نەتەوایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەهێزتربوو | ١٤ | ٪٧٠ |
| وەك خۆی بوو | ٤ | ٪٢٠ |
| لاوازتربوو | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٧) هەستی نەتەوەیی نموونەی توێژینەوە بۆ ئەوکات ڕووندەکاتەوە، ڕێژەی ٪٧٠ یەکەکانی توێژینەوە هەستی نەتەوایەتیان بەهێزتربووە دوای ئەوەی بەشداربوون لە کۆماری کوردستان و هاوکاری یەکتریان کردووە بۆ سەرخستنی کۆمار و بەرز ڕاگرتنی ئالایەکەی، ڕێژەی ٪٢٠ هەستی نەتەوایەتیان وەك خۆی بووە و گۆرانکاری بەسەردا نەهاتووە، ڕێژەی ٪١٠ یەکەکانی توێژینەوە هەستی نەتەوایەتیان لاوازتربووە دوای ئەوەی بەشدارییان لە حکوومەتی میللی کوردستان لە کۆماری مهاباد کردووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## خشتەی ژمارە (٨)

### هەستی نەتەوایەتی نموونەی توێژینەوە (بۆ ئیستا ٢٠١٣) ڕووندەکاتەوە

| هەستی نەتەوایەتی لە ئێستادا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەهێزترە | ٨ | ٪٤٠ |
| وەك خۆیەتی | ٨ | ٪٤٠ |
| لاوازترە | ٤ | ٪٢٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٨) هەستی نەتەوەیی هەمان یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ ئێستا مەبەست ساڵی ٢٠١٣ ڕووندەکاتەوە، ڕێژەی ٤٠٪ یەکەکانی نموونەی توێژینەوە هەستی نەتەوایەتیان بەهێزتربووە، هەمان ڕێژەش هەستی نەتەوایەتیان وەك خۆیەتی، ڕێژەی ٢٠٪ یەکەکانی توێژینەوە هەستی نەتەوایەتیان لاوازتربووە. ئەگەر بەراوردێکی هەردوو خشتەی ژمارە (٧) و (٨) بکەین و ئەو داتایانەی لە ئەنجامی ڕاپرسیەکە بە دەستمان کەوتوون بۆ مەبەستی بەراوردکردنی هەستی نەتەوایەتی لەوکات و لە ئێستا بۆمان دەردەکەوێت ئەوکات هەستی نەتەوایەتی نموونەی توێژینەوە بەهیزتربووە وەك لە ئێستادا کە بێگومان بەهۆی ئەو هەست و دل و دەروون پاکییە بووە کە مرۆڤی ئەوکات بیری لێدەکردووە و هزری دەسەلات و دووبەرەکی و ململانی سیاسی ناوخۆییان ئەوەندە نەبووە، بەلایەنەوە گرنگ نەبووە

کە قازی محەمەد یاخۆد بارزانی نەمر سەروك و سەرکردەیان بێت، ئەوەی لە سەرووی هەموویانەوە بو بێت پێکهینانیی حکومەتێکی کوردی بووە.

خشتەی ژمارە (٩)

هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە ئالآی کۆماری کوردستان ڕووندەکاتەوە

| هەستی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەستمان بە دڵخۆشییەکی لە رادەبەدەر کرد | ١٨ | ٪٩٠ |
| هەستمان بە هیچ نەکرد | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٩) هەستی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە هەلکردنی ئالآی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دەوروبەری، ڕێژەی ٩٠٪ یەکەکانی توێژینەوە هەستیان بە دڵخۆشییەکی لە رادەبەدەر کردووە کە بۆ یەکەم جار ئالآی کوماری کوردستانیان بینیووە و هەلکراوە، ڕێژەی ١٠٪ هەستیان بە هیچ نەکردووە بەرامبەر بە هەلکردنی ئالآی کۆماری کوردستان.

## خشتەی ژمارە (١٠)

**هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە ئالأی کوردستان لە ئێستادا ڕووندەکاتەوە**

| هەستی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەستمان بە دڵخۆشییەکی لە ڕادەبەدەر کردووە | ١٨ | ٪٧٠ |
| هەستمان بە هیچ نەکردووە | ٦ | ٪٣٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٠) هەستی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە بەرامبەر بە ئالأی ئێستای هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٧٠٪ یەکەکانی توێژینەوە هەست بە دڵخۆشییەکی لە ڕادەبەدەر دەکەن بۆ ئالأی ئێستای کوردستان، ڕێژەی ٣٠٪ هەست بە هیچ ناکەن بەرامبەر بە ئالأی ئێستای کوردستان. بە پێ زانیاری دەستکەوتوو لە داتاکان بۆمان دیار دەکەوێت بەرە بەرە ئینتیما و هەستی نەتەوایەتی بەرەو لاوازی دەچێت لە چاو سالانی پێشووتر، بۆیە پێویستە ئێمەی توێژەران و مێژوونوسان و ناسیونالیستان و سیاسەتمەداران زیاتر کار لەسەر هۆکار و چارەسەری لاوازی هەستی نەتەوایەتی بکەن لە ئێستادا و ئەو گرفتانە بدۆزینەوە کە ڕێگرن بەرامبەر بە گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو دڵ و دەروونی تاکی کوردیدا.

## خشتەی ژمارە (١١)

### پەیوەندیی یەکەکانی توێژینەوە بە کۆماری کوردستان (مهاباد) روونده‌کاتەوە

| پەیوندییان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر بەهێز بوو | ٩ | ٪٤٥ |
| بەهێز بوو | ٧ | ٪٣٥ |
| لاواز بوو | ٣ | ٪١٥ |
| نازانم | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |


خشتەی ژمارە(١١) پەیوەندیی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بە کۆماری کوردستان (مهاباد) روونده‌کاتەوە، رێژەی ٤٥٪ یەکەکانی توێژینەوە پیوەندیان بە کۆماری کوردستان لە مهاباد زۆر بە هێز بووە، رێژەی دواتریشی کە ٣٥٪ پەوەندییان بەهێز بووە لە هەموو روویەکەوە لە گەڵ کوردەکانی کۆمار و بەشداربووانی ئەم کۆمارە. هەر دوو رێژە دەکاتە رێژەی ٨٠٪ پەیوەندییان بەهێز بووە لە بەرامبەریشدا رێژەی ١٥٪ پەیوەندییان لاواز بووە و رێژەی ٥٪ نازانن پەیوەندیان چوون بووە لە گەڵ کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری.

## خشتەی ژمارە (١٢)

### پەیوەندی کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری ڕووندەکاتەوە

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ١٥ | ٪٧٥ |
| ناوەند | ٣ | ٪١٥ |
| خراپ | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (١٢) پەیوەندەی کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری دەخاتە روو، ڕێژەیەکی بەرز بە ڕێـژەی ٪٧٥ لـە بارزانیـەکان پەیوەنـدی کوردەکانی مهابـاد و دەوربـەری یـان بـە بـاش هەڵسـەنگاندووە، ڕێـژەی ٪١٥ پەیوەنـدیی کوردەکانیـان بـە ناوەنـد هەڵسـەنگاندووە. ڕێژەیـەکی کـەمیش بـە ڕێـژەی ٪١٠ پەیوەنـدی کوردەکـانی مهاباد و دەوروبەریان بەخراپ لە قەڵەم داوە.





هێلکاری ژمارە (٢) پەیوەندی کوردەکانی مهاباد و دەوروبەری ڕووندەکاتەوە

## خشتەی ژمارە (١٣)

### پەیوەندی حکومەتی ئەوکاتی ئێران لە گەڵ بارزانییەکان ڕووندەکاتەوە

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باش | ١ | ٪٥ |
| ناوەند | ١ | ٪٥ |
| خراپ | ١٢ | ٪٦٠ |
| زۆر خراپ | ٦ | ٪٣٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە(١٣) پەیوەندی حکوومەتی ئەوکاتی ئێران بەرامبەر بە بارزانیەکان ڕووندەکاتەوە، بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی ٦٠٪ بەخراپ لە قەلەمیان داوە، ڕێژەی ٣٠٪ پەیوەندی و هەڵسوکەوتی حکوومەتی ئێرانیان بە زۆر خراپ لە قەلەم داوە، واتە ڕێژەی ٩٠٪ پەیوەندی حکوومەتی ئیرانیان بە خراپ لە قەڵەم داوە. بە پێچەوانەی خشتەی پێشوو کە پەیوەندی کوردەکانی مهاباد دەوروبەری باش بووە.**




هێڵکاری ژمارە (٣) پەیوەندی حکومەتی ئەوکاتی ئێران لە گەڵ بارزانییەکان ڕووندەکاتەوە

## خشتەی ژمارە (١٤)

**تایبەتە بە وڵامدانەوەی: ئایا ئەو کۆمارەتان (کوماری کوردستان)بە هی خۆ دەزانی یان وەك بێگانە مامەلەتان لە گەڵ دەکرا؟**

| وڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەهی خۆمان دەزانی | ٨ | ٪٩٥ |
| بێ وەڵام | ١ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٤) تایبەتە بە وڵامدانەوەی پرسیاری: ئایا ئەو کۆمارەتان بە هی خو دەزانی یان وەك بێگانە مامەلەتان لە گەڵ دەکرا؟ بۆمان دەرکەوتووە ڕێژەی ٪٩٥ وەك کۆماری خۆیان داناوە و کاربەدەستانی کۆماریش وەك هاوڵاتیەکی دلسۆزی کۆمار مامەلەیان لە گەڵ کردوون، ڕێژەی ٪٥ بە بێ وەڵام، وڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٥)

**یەکرێزی کوردەکان لە کاتی هەلکردنی ئالآی کۆماری کوردستان رووندەکاتەوە**

| یەکرێزی کورد | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر بە هێز و بەتین بوو | ١٥ | ٪٧٥ |
| لاوازبوو | ٣ | ٪١٥ |
| نازانم | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە(١٥) یەکرێزی کوردەکان لە کاتی هەلکردنی ئالآی کۆماری کوردستان رووندەکاتەوە بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی ٪٧٥ پیان وایە یەکرێزی کوردەکان لە کاتی هەلْکردنی ئالآی کۆماری کوردستان زۆر بە هێز و بە تین بووە، ڕێژەی ٪١٥ پێیان وایە یەکرێزی کوردەکان لەو کاتەدا لاوازبوو، ڕێژەی ٪٥ بە نازانم وڵامیان داوەتەوە.**

## خشتەی ژمارە (١٦)

### ئۆمێد دەکەیت ئەمڕۆ دەولەت و حکومەتێکی کۆماری کوردی وەك حکومەتی میلی کۆماری کوردستان –مهاباد- هەبێت؟

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨ | ٪٩٠ |
| نەخێر | ٢ | ٪٢ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٦) لە ئەنجامی پرسیارێك: ئۆمید دەکەیت ئەمڕۆ دەولەت و حکومەتێکی کۆماری کوردی وەك حکومەتی میللی کۆماری کوردستان -مهاباد- هەبێت؟ ڕێژەی ٩٠٪ بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و پیان باشە کورد خاوەن دەولەت و حکومەتی خۆی بێت، ڕێژەی ١٠٪ بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٧)

### پەیوەندی بارزانی نەمر و پێشەوا قازی لەو کاتدا ڕووندەکاتەوە

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر بە هێز و بەتین بوو | ١٨ | ٪٩٠ |
| نازانم | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٧) وەڵامی پرسیاری ئایا پەیوەندی بارزانی نەمر و قازی محمد چوون بوو لەو کاتەدا. بەم شێوەیە لە لایەن یەکەکانی نموونەی توێژینەوە وەڵام دراوەتەوە: ڕێژەی ٪٩٠ پەیوەندی نێوان هەردوو سەرکردە قازی محمد و بارزانی نەمر بە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و بە تین و گەرم و گوڕ وەسف دەکەن و ڕێژەی ٪١٠ بە (نازانم پەیوندیان چوون بووە) وەڵامیان داوەتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٨)

### ئالاّ لای توو چی دەگەیەنیّ؟

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ناسنامە و هێمای وڵات و نیشتمان | ٨ | ٪٤٠ |
| یەکرێزی و کۆکردنەوەی میللەت | ٤ | ٪٢٠ |
| تەنیا پارچە پەڕوویەکە و هیچی تر نا | ٢ | ٪١٠ |
| نازانم | ٢ | ٪١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٨) تایبەتە بە ڕای نموونەی توێژینەوە بەم شێوەیە پرسیاریان لێکراوە: ئالاّ لای توو چی دەگەیەنی؟ بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە ٤٠٪ پیان وایە ئالاّ ناسنامە و هێمای هەر نەتەوە و نیشتمانێکە، ڕێژەی دواتری کە دەکاتە ٢٠٪ پیان وایە ئالاّ یەکرێزی و کۆکردنەوەی هەرمیللەتێکە لە ژێر چەتری ئەم ئالاّیەدا، ڕێژەی ١٠٪ پیان وایە ئالاّ ئەمڕۆ تەنیا پارچە پەڕوویەکە و هیچی تر نا، کە بێگۆمان ئەمانە یان وەك پێویست لە بەها و گەورەیی ئالاّ نازانن و ئاستی هۆشیاری نەتەواییان نزمە یان وەڵامی پرسیارەکەیان بە گرنگ نەزانیووە. هەمان ڕێژەش واتە ١٠٪ وەلامیان بە (نازانم) داوەتەوە.

# پاشکو

# هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستان

له مهاباد

هەروەکو لەپێشدا ژمارەکانی کوردوستاندا عرض کرا ڕۆژی
٢٦ سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی اهالی کوردوستان لە شاری
مهاباد کۆبوونەوە لە سەعات ١٠ ی بەیانی لەکانگای حزب آلای
کورد بەحضوری دە هەزار نەفەر هەڵگیرا و لەکاتێکدا دەستەی
موزیک مارشی لێدەدا و لەسەرتاسەری شەقامی وەفایی دا
صفی نظام کەلولەی تفنگە و مسلح و سەربازەکان دەدرەوشا
دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مکتب «کچ و کوڕ» لەلای ڕاستی
آلا لەحرکت دابوون گەورەوچکی مهاباد هەیئەت و نوێنەرانی
حزبی دیموکرات لەپشت سەری آلا سەر تعظیمیان بۆ دانواندن و
بۆ احترام چەپڵەیان لێدەدا و هۆرایان دەکێشا، و پێشەوای معظمی
کوردوستان جنابی قاضی محمد وتارێکی بەتینی لەبابەت آلای
مقدسی کوردوستان ایراد فەرموو ئەوجار لەپاش نطق و خطابە
و تیر هاوێشتنێکی زۆر وبەجێ هێنانی مراسم و نصبی آلا
بەسەرهەڵاتنی هێمنی نیشانەی ملی کوردوستان جێژنە دوای هات .
کوردوستان : ئێمە ئەوەی موفقیتە گەورەیە بە تەواوی
کوردەواری بە تایبەتی بە پێشەوای معظم جناب قاضی محمد
و هەیئەتی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردوستان کە ڕێبەری
آزادی و بەربەرەکانی لەگەڵ استعمار بە گیان و ماڵ فداکاریان
کردووە تبریک عرض دەکەین و امیدواریان ڕۆژ بەڕۆژ آلای
مقدسی مای لە دڵی واندا بەرزتر و گەشتر بێ .

# هەلکردنی آلای مقدّسی کوردوستان

## لە شـاری بوکان

بەپێی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردوستان وئەمری جنابی قاضی‌محمد صدراعظم وپیشوای کوردوستان قرار درا آلای‌مقدسو سی‌رەنگی کوردوستان لەبوکانیش هەلکری آغایان ،میرزا،مصطفی‌سلطانیا. ن عبدالقادر مدرسی حسین‌فروهر میرزمحمدامین شـرفی علی حسـروی محمود ولی‌زادە میرزارحیم‌لەشکری .واعضای‌هەیئەتی حزبی دیموکراتی کوردوستان و آغای‌شیخ‌الاسلامی‌هیمن شاعیری‌میللی ونمایندەی هەیئەتی‌رئیسـەی‌میللی وآغای‌محمدنانوازادە فەرماندەی اوردوی‌میلّی بەفەرماندەری گاردی احترام ودەستەی موزیك لەگەل آغای‌قاسم‌آغای‌ایلخانی‌زادە نمایندەی کمیتەی‌محەلی حزبی‌دیموکرات لکی‌بوکان بەماموری هەلـگرتنی [آلای‌مقدس] معلوم کران‌سەعات ١٠ پاش‌نیوەرویە روژی‌چوارشەمو ٥-١٠-٢٤ بەافتخاری وەری کەوتنی هەیئەتی هەلگری آلا لەحەساری کانگای‌حزب مارشی میللی کوردستان خویندراوە وموزیك لیدرالەو کاتەدا ئوتموبیلی مخصوص لەنیوا. نی‌هەزاران نەفەر خوشکو برایانی سابلاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حزبی دیموکراتی کوردوستان راوەستا هەیئەتی هەلگری آلا لەنیو شریخە. ی‌چەپلە ریزاونەعرەتەی توندو بلیندی(هوریاوبژی کوردو کوردوستان)ی‌بەر. کەرەکانەوە کەلەدلیکی گەرمو گوردەوە بەکـولەوە دەهات وەری کەوت سەعات دوونیوی پاش‌نیوەرو هەیئەت گەشتە میاندوواو ولەوی پیشواز هاتوەکانی آغایان ،قاضی‌قزلجی حسـن‌خانی‌بداقی براییم‌آغای‌ایلخانی‌زادە حمدامین‌آغای‌ایلخانی‌زادە ابوبکرآغای‌ایلخانی‌زادە ودوونەفەر شاعیری‌میللی هەزارو حەقیقی لەگەل‌صەد نەفەریتر لەئەعضای کمیتەی‌محەلی بوکان‌گە. یشتنی ومراسمی احترامیان بەجی‌هینا مارش‌و موزیك‌خویندرا ولیدرا.ئەم جار قطاری ئوتموبیلی هەلگری هەیئەتو پیشواز هاتووەکان کەوتنەرویـی تاگەیشتنە (تەقی آباد) لەوی‌راد‌ەوکرانە ئەرمەنیکان بەفەرماندەی عشقی‌خان لەلای راستەوەی ریگەوە خوشکە ئەرمەنیکانیش لەلاچەپەوە راوەستابون حترامی بیطاىیو هوریاو چەپلە ریزانیان کرد وعشقی‌خان لەطرف هەموانەوە ئەبریکی هەلکردنی آلای کوردوستانی کرد (قاسم‌آغای‌ایلخانی‌زادە)لەلایەن هەیئەت وتەواوی برایانی کوردەوە اظهاری مەمنونیەت وسپاسی بەخوشکو را ئەرمەنیە هاوآمانجەکان کرد (حزبی‌دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکا وقەدری عشقی‌خان دەزانی) هەیئەت لەنیو هوریاو چەپلەریزانی برا ئەرمەنیکان وەری کەوت تاگەیشتە فەرەوسالیان [بانی‌ئەودییە کەمانگی رەشەمەی پارەکە (سەروان حاکـار وسـەربازەکانی) خەیالی خاوی‌دیکتاتو. ری بای‌بالی دانوبەری بواری هاتبونە ئەوێو مزگەوتیان هەلوەشاندبوو نیرو آموریان سوتاندبو وخەلکی ئەوی‌یان پەرشوبلاو کردبووەوە] لەوی میرزامصطفی مقتدری ومحمودخانو یونسخان‌وعبداللاخان‌ئەمیری اعضای‌لکی محەلی دیموکراتی ئەوی‌لەگەل تەواوی خەلکی‌دیو چەند دیی‌دەوروبەریش ریزیان گرتبو میرزامصطفی لەجیاتی هەموان تبریکی اظهارکردو سی دەسریژ کراوهوریاو چەپلەیەکی زورلیدرا وگاوگەردونیان کرد هەیئەت وەری کەوتو سەعات چوارونیوی پاش‌نیوەرو گەیشتە [علی‌آباد] سی کیلومیتری بوکان لەوی گاردی احترام بەفەرماندەری سەلیم‌آغای‌ایلخانی‌زادە وعدەی سوار لەژیردەستوری جعفرآغاو عارف آغا ایلخانی‌زادە و قوتابیەکانی قوتابخانەی بوکان و آغایانی احمدبەگی فیض‌اللە بەگی وفیض‌اللەخان وعلی‌خان قازلبان واحمدآغاوعمرآغا وکریم‌آغای عباسی وعباس آغاو خالد آغای حسامی وچوارپینج هەزار نەفەر خەلکی بوکان ودەوروبەر بەپیشوازەوە هاتبون لەوی هەیئەتی هەلکری آلا پیادەبون وآلای‌مقدس وەك روژ لەپشت هەور بیتەدەری لەکەیف دەرکەوتو کوردوستانی گرتە ژیرشابالی پیروزی‌خوی وەرگیرنی سعادت و خوشبەختی بە نەتەوەی کورد دا . مارشی ملی خویندراوە و موزیك دەستی کردبەلیدان و لەطرف گاردی‌احترامی مهاباد وبوکان وسواران سەشیلینک کرا گاوگردون کرا وآلا لەسەرشانی جەوانی رەشیدابوبکرآغای ایلخانی زادە لەنیو چەپلە ریزان و هوریا و بژی کوردو کوردوستاندا گەیشتە کیلەشین‌دیـان گاوگەردون کراوبەخوشی و بشارتوەدای‌بوە(آلا) گەی‌یەسەرحەوضی بوکان تەواوی کومەلی خەلکی‌لـە دەوری حـەوضو مەیدانی ئـەوی کوبونەوە (وقاضی‌محمد صـادق‌قزلجی) ووتاروشعری بەتینی خوی لەژیرآلادا خویندەوەوپاش وی حقیقی و هەزار شاعری‌ملّی هەرکام دەستەشعریکی زورچاکیان‌خویندەوە وهەیئتی هەلگری آلا چونە عمارتی قەلاکە لەویشدا بوبەخیرهینانی ئەوانسازکرابو .

هەزار

بی‌بینی ئەوکەسەی بی‌وایە کوردسەر ناکەوی
کی‌دەبینی‌وابو تەنی نەگبەت لەسەرمان‌نارەوی
داری آلاکەم وەکو چەقایکە بوچاوی عەدو
هەردلی خوشی‌ئەوی رەی‌ودەبەر خەنجەر کەوی
داری آلام داری کردبوخوین مژی کوردی‌هەزار
بی‌بلیین‌باداکەوی لەوخاکو آوە چی دەوی
داری آلامان برا سـی‌داردیە بو دوژمنمان
هەرلەآسوگـسەرکەوی پیوستەژینی خوی‌ئەوی
پارچەکەی‌سی‌رەنگی‌خوی‌دەنوینی‌رەنگی‌سوردەلی
تاتوکیلك‌خوینی کـوردەابی قـەدی‌مزنانـەوی
یان‌دەلی تالەشکری سوور بەر قەرارو زیندوە
قەومی کورد رزگارە ئەوزاشدارەبەختوناخەوی
یان‌دەلی‌لیم‌سووردەبەو کرانی لەعالەم‌سەر کەوت
مستبدو مرتجع کەوتونە گیزی گیژەوی
سپیەکەی مژدەی‌بەیانی بەختی‌کوردی کردبەیان
روژی‌بەختی کوردی پەیدابونەما پەردەی شەوی
دوگولی گەنمی دەلی‌آگات لەرزقی خوت‌بی
خوت کە برسی‌بوجی دوژمن‌بی بژن‌لیرەولەوی
بیودەلی نوکی قەلەم‌گەر ژینی‌خوشو پی‌دەوی
عەیری‌من دەسناکەوی‌بوربی تەرەقی‌پیش‌رەوی
رەنگی‌سەوزی یانی‌دایکی(نیشتمان) لەورو کەوە
جوان‌وسەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری‌نوی

ماوەی لە لاپەری سی دایە

تکا

کوبونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردوستان ژ.رە ٣٢

ژمارە ـ٣

روزنامەی کوردوستان

# بەمناسەبەتی هەلکردنی آلاە نەغەدە

« ئەم گوزارشە لەلایەن (م. محمود) وەلە روزی »
« هەلکردنی آلا لە نەغەدە خویندراوەتەوە »

گەورەکانم

ئەی گەلی بەشەرەف!

خوشەویستان و راوەستاوان

ئەی کریکار، فلاح وسەبان وبالەی کوردی بەنرخ

روژەها بەسەرشورشی مللی پیروزی کورد دا هەلات و تیری دوژمن کەوسینگی بەچکە شیرانی کوردی پیکا. وخاکی کوردوستان لاشەی جەوانانی گرتەباوەش.

جیاودول ودەشتەکانی کوردوستان پرە لە گورستانی دلیران و نەبەزانی کورد کەلەپیناوی ریگای آزادی دا: لە پیناوی هەلکردنی آلای مقدسی کورد دا گیانی باکیان بەلاشەیان جیاواز بووە.

ئەی برای کورد!

شورشەکانی دیاربکر. درسیم. سلیمانی. آمید. بارزان هەمو نیشانەی ئەو جوانمردانەیە کەبو آزادی کراوە.

ئیمرو ئیمرو کە گەورەترین و پیروزترین روژ بو کورد: ئەبینین هەلوی بەهەزی کورد بە چەنگی آسنینی خوی ئەو آلا پیروزە هەلدەکا. بەلی ئەو آلایە هەتەکات کەلە سەردەمی میژووە کورد خوی بو بەختت کردووە.

براان

پیروزبایی خوم پیشکەشی هەمو کورد ک وهەمو میلتیکی آزادخوازدەکەم.

ئەی برای کورد

ئەزانی آلای خوشەویست چە آموز گاریکت دەکا؟ ئەلی: بو ئەوەی کو بونەوەیەکی بی جیاوازی گەورەو بچوك آغاو کریکار، قوتابی وشوان وفلاح زن و پیاو. مندال و کچ، هەمو پیکەوە بە یەکدل بو بەلك آمانجی نەکوشن. هەول دەدن، دیسان دەلی رەنگی سورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە. رەنگی سپیم دەلی مللی کوردی نەجیب گیانیکی پاك وراستی هەیە. رەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردوستان پرەلە دەغل و دان. گالگای پیروزبو. ئەی کورد هەموو گیانیکی خاوینەوە و بیروەریکی پاك و راستەوە هەمو یکەوە کەلك لە کوردوستانە کەتان وەرگرن.

دیسان دەلی: ئەی فلاح ئەی کریکار وپالەی کورد دات نەخوت؛ مینی لەسەر نیشانەی پاکی وراستی نیشانەی تەفەلاوهەولی دەستی تو ئەو دو گولە گەنم و جو، هەمیشە بیش چاوتەوە بیت ئەبات هەول بدە ایش بکەو وەلاتت ئاوەدان بکەرەوە. ئەی کورد دیسان آلاکەت ئەلی وامرت پی ئەکات سەرکەوتت و گەورەبیت لەخوندنایە. زن و پیاو کورو کچ بە جاری بخوینن چونکی خوندن هەمو میوەیەکی خوشی و زیندگانی پیوەیە. کورد گاریش تیشکی روژی خوی بەسەرهەمو صفاتی جوانی انسانیدا بلاو ئەکاتەوە و جوانتری ئەکا.

ئەی کورد ایمەش بەرامبەر بە آموز گاریەکانی ئەلین ئەی آلا پەیمانت ئەدەینی هەمو پیکەوە بە یەکدل بەتەنیکی آسنینەوەهەول بدەین بینەسپەرت راست بین. ایش بکەن. بخوینین. ای کورد آلا رەمزەانە ئەدوای هەلکردنی نرخی هیناکەخوارە وەی قوربانی کردنی هەمو ملتی کوردە.! ایتر بژی کورد و کوردوستان.

بژی پیشوای یەکیەتی جماهیری شوروی سوسیالیستی مارشال آستالین مەزن.

بژی هەمو مللیکی آزاد خواە.

بەئیزنی خودای مەزنوی هاوڕێ

# کوردوستان

کوردوستان لەلایەن هەیئەتی تحریریەوە دەردەچی

| | |
|---|---|
| یەکساڵە ۳۰۰ ریال | |
| شەش مانگە ۱٦۰ ریال | |
| دانەی ۳ ریال | |

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان

ژمارەی ـ۸ساڵی یەکەم دوشەممو ۸ ری بەندان ۱۳۲۴ ـ۲۸ زانویـە ۱۹٤٦

( بەمناسەبەتی یەکەمین ساڵی وفاتی ابوالحسن سیف قضی )

## [ سیف القضات ]

شاعری بەناو بانگ با بەهەولی دیاری کومەلەی ژ . ك : پیرەمیردی سابلاغ ابوالحسن سیف قاضی کوری میرزا ابوالقاسم قاضی لەهەشتەمینی مانگی بانەمەر (اردیبهشت)ی ۱۲۵۵ شمسی مطابق جواری ربیع الثانی ۱۲۹۳ قمری لەشاری سابلاغ ( مهاباد ) لەدایك بوە . ئەم زاتە لەبنەماڵەی قاضیە وئەوەندەی ایمە دەزانین ئەم خانوادە لەسابلاغدا چەن چەرخێکە بوبەدەرەوە وجیگەی ریك خستن و پیك هێنانی اموری قضائی وعرفی وبەتکو بەهێزی باسکو واسلحە راگری حقوقی خەلکی بەتایبەتی دانیشتوانی سابلاغ بون گەلی جار وابوە کەلەلاین عشایری دەوروبەر ویاحکومەتی هەندەران لەسابلاغ هەرەشە کەراوە وەلی ئەم خانادە هەگاوی پیاوەتیان هەلیناوە وسابلاغیان لەپەلاماری دوژمنەکان پەناداوە .

مرحومی سیف لە خدمت مەلاشفیع ومەلا حسن کوری قزلجی ومەلاصالحی سەرددرابای علومی مەعقول و منقولی خوێندوە وپاش تەواو بونی خوێندن بەضاوت حەریکتدەبو زوربوستەی مستعمرەجیەکانی دەگەل مەبەوودی کورد بەجاوی خوودیوە وبەجەرگو هەناوی کاریگردوە جە دلی کولیوە وبیحاوێتی وپەریشانی وبلاوەتی و سەرگری و هەژاری کوردەکانی لەشعری مالی خوی دەرباندو ، و دەلی :

کوردینە قابەکەی ایمە لەکیوان میثلی دێو بینو بچینو بومە نەبی قیط خەندان و خەو

## سەلاو لە آلای کوردوستان و میوانەکانی خۆشەویست !

سوباس و روژباشی ایمە خەلکی سابلاغ بەر لەوورد و درشت پیاو و ژن کیژولاو ؛ لەایوەی میوانانی خوشەویست و یادگاری پیاوە بەرزە نیشتمان پەروەرەکان بیت :

پیم وایە کەزمانو قەلەمی ایمە توانای شادباش وبەخیر هێنانی ایوەی نیە ؛ هەربەم جورەشە کەناتوانی بەدونیایەکی دەروە و دور ، سابلاغ حال و زەماوەندی وپتاکەی کوردانی آزاد و سەربەخو بیژی وبەیان بکا ؛ چونکو کوردوستانی ئەورو کەسابلاغی جوانو بەلابەسەرهاتو مرکزیتی لەناوشارانی بەرزی کوردوستانی گەورەبەپشتوانی خوای بی هاوتاو هیزی باسکار وروحی بەکینی ئەنگو آلای سی رەنگی کوردانی لەسەرچاوکی جنارە رونەکانی بی کەلاوە درەوشین و لارانەوە هیناوە و ........ بەایوە دەلین :

ئەی میوانانی خوشوێست . اجازەبفەرمون سابلاغی تەروتازەی ئەورو بەخوی وسەربازەکانی کە لە پیاوی ردین سپی و ەلا سپد باوەجان هەتا لاوە ۱۵ سالەکانی بەزەبرو زەنگ نیکەل ورەنگیە خوی کا بەقوربان وپیس مەرگی ابوە کەهەزی آلا و مەتالی نیشتمان وەاودەنگو هاوبازی ایمەن .

ئەی میوانانی خوشەویست : زور زور بەخیرین ، وەرن ئو خوا بەکوبرایی جاوی دوژمنان کەهەتا دوینی ایکیان دوور کردبوینەوە بەسەر ئەو گیانەی کەلەسەر بەری دەستمانە یکەنەیردە باز و بیدار بون وبیەرنەوە کە بوایمە شایی و شادی لەوەی زیاتر نیە . چونکو بوبەرزی آلا و گەشی نیشتمانە . و لەم لایەش لەناو دوست و دوژمن بەکیتی و برایەتی ایمە دەنگ دەدانەوە......دەنگ دەدانەوە...

لەباتان ئەی آلای بەرزی کوردستان . ئو توخوا بە لارنەوە بکی بەناـن ... کەبدنی باپندی خوت لار کەوموئەماشایەکی بەری بیت بکە ؛ بزانە شپت وشەیداکانی وعشقی تو کەدەستی هوەبیان بە داوێنی رەنگینت گرتوە چی دەلین و چی دەبیژن . ؟

سلاو لەلو آلای سەوزو جوان ـ سپی وبە ری و شوین ؛ سووری جەنگەوەر ؛ ایمە روەی پیاوە شپت و دەربەدەر کراو و گوزراوەکانی عشقی تو . لەروژهەلاتو روژ آوا ، اشمال وژوریان بە گیانکیی باك و روحیکی بە کینی هاتوینە ژیر سیبەری سەرتو فیرکە کت هەتا بحەسینەوە . هەتا بیت بلین : قوربانی کە ساتی جاریکە؛ ایمە هەمو روژ و هەموساتێك قوربان و بەلا گەرداتی توین . هەتابیت بلین کەخوا هومیدمانە و دیمو کراتی پشتیوانمانە . ایمە هیز و پشتیوانی توین . جا کە وات زانی بەرت بەرز کەوە ؛ بەدارە روتەکانی بی گەلاو گوڵ شیانی و سورایان بدەیە و خوشت لەگەل نەبرانی بزدهەقری آسمان وەفرین و گەرین وەرە هەناسەی شەقەی لاپالات هەمو روله بەکی توستو وهایجەلەئاوت وەحەبەربیت و دوژمنت بەرزی .

حلیز زادە

خەلکی هەمو لەباغ و لەشارانە کەیف خوش
ایمە بلاو بیسەرە ماوین لەدەشتو کیو

وەگوی کوردان دەگەینی کەجلون ئەتەوە زیندوەکانی دنیا آسمانو زەوین تەسخیر کەردوە و کوردی هەژاریش لەسەر عەردی رەق و بەردی تەق ماوەتەوە :

بو آسمان دەرون و لەبحرا دەکەن سەفەر
هەرهەردە نیشتگاهی مە صنعاتە وەردو شیو
ری وانە کە هەسکەشانوری ایمە بردەلان
جەی و نە ئەختو بەختو جیی ایمە بەردو جیو

ئەمجار شاعری دلسوزو قەرجەی ادل دیتو بەآهو نالەو هەزار عیوەم ایشارەیك بەزبانی بی لذتی کوردکان دەکا کە کورد لە آوەدانی . خانوی خوش و خوراکی ظریف بی بەشە و مالو نیشتمانی بیگانش پەرەلەنازو نعمەت وزیروزیوی وان کەبزور لەدەستیان دەرینانون :

رەشماڵە مالو بەشکو پەنیرە مەتاعی مە
قەصرو سەرایی خەلکی دی یە پرلە زیرو زیو
بو وانە هەرجی جوانە لەجی دی لەمژن لەمال
هەرشاخ و داحە بومە کوری رەش کەجی دزیو

شاعری سوتاوپاش ئەوەی پەریشانبونی خویان بوپەیان دەکا دلیان دەکا کەبیکانە بەمالو نیشتمانی ئەوان چلون خوش بون ولە خوشیان کەیف وسادەکەن عیرەتی وەجوش دی و هەلدەکاتەشینو ئەیوەی دەلی ئەگەر زولە؟ بردەسی بیگانە نەبینەدەری محودەبینەوە :

زەردەستی و اطاعتی بیگانە تاسەکی
شەرمە لەبومە هیندە بژین بی نیشان و نیو
مەعموونی هەر معاملە محکومی هەرکەسی
شەهان بەمحوی ایمە دەبەستن گری و گریو

بەبەبەس تاکاوەبیر کوردان دبی کە ئەوانیش لەمیژوداخاون تاج وتخت بون وقارەمانانی کوردان وبیردینیەوە ومفاخری ملیان بوبیان دەکا

کوردانی کوردەکان کە لەترسیاندە لەرزی ئەرض )
کی بولە شامی شابو لەمصریش بەبوەخدیو؟ (صلاح الدين

لەدوایا هەوارەدەکا کەدەرمانی دەردی ایمەغیرەت وپەیدا کردنی اینجەو مردانگی و دانانی سەرومال و نەترسان لەبەندو هەلاوەسینە وامر بە برایەتیو ویەکەتی وپەلاماردان دەکا ورودەکانە پالەوانا ئو دەفەرموی :

کوردانی کوردەکان بەخودا روژی غیرەتە
دەست دەبنە خەنجەر او پاوانە بیبنە نیو
بوچمانە مال وسەر کەلەسەر سەروەری نەبی
کوردانی قط بترسی لە زیندانو داروجیو
بی دەلگرن بکەبنی کە سەربومە شایی یە
دەست تیگرن درەنگە جحیلانە بچنەنیو

ئەوژینی بەمضەلالە ئەبوچمانە چاوەکەم
بیسین لەریەی نەجاتی وەطن بەنیرو بیو

ئەوجار اشارەبە فداکاری کوردان دەکاودەگەینی کەتورکەکان دەگەل کوردی آرارات ودیاربکر وهەروەها ایرانیەکان چیان بەسەر سەردارانی ملی کوردوستان هیناجا ئەم فجایعانەی بەکورتی لەاشعارەکانیدا گەیاندوە :

سەرچونی ئحت : روتنی سەرداری پیدەوی
خوشیمە لەم شەهادەتی شیخانە نیو بە نیو

پاشان اشارەدەکا لەکاتیکدا کەدەنگی دیموکراسی لەدنیادا نیوی پەیدابو وهەمو نەتەوەیك لەحقوقی حقەی خوی بەهەدار بووو کوردیش داوای حقی خوی دەکرد دوژمنەکان هیچیان بی نەمابو دەهاتن کوردیان بەسەر بزبواسرار وەلخور نیودەبرد

ماوی لەلاپەری چوار

زماره ٥٥ کوردستان لاپه

# کوردستان

ماوەی لاپەرە ۳

## هەلکردنی آلای مقدّس لە کمیتەی ......

دوزمنان ولەلاین آغای سید عبدالعزیز سادت . مەلا عبدالمجید مدرسی نورجان . مەلا سیدعزیزی شبلان آوی . خلیفە مەلا علی چەند ووتاریکی گەرمو گورر خوێندرایەوە وئەم شعرانەی زیرەوەش لەلاین آغای سید کامل صدری کمیتەی ابراد کرا :

لەو پارچە سی رەنگی وەك بانی همای آلا
هەودابەکی لی سو فوری لە ملم آلا
ئەو رشتەیە تامحشر محکم لە ملم دایە
کیشامیە زیر سایەی خوی ایستە بەبی پەروا
پەروام نییە نامردن لەو وەختەوە دیتومە
گرتومەتە آمیزم هەر زالەیەتی بەد خوا
ئەوداره چەداریکە تیری جگری دوزمن
بروانە بە شاباڵی چەند زالە بەسەر زالا
ئەم حاصلە پیم وایە بەك صەد دەبری گەنم
ئەو دوو گولە گەنمانەی وادیارە لەرووی آلا
نووکی قەلەمی یعنی بی‌نوسە لەبو دوزمن
بو روژی لەرووی آلا معلومە کەایتفەوما
تعریفی نیە آلاو آلایەکی رەنگینە
سوورو سپی‌و شینە روح حاضرە بو سەودا
کالایەکی بێ قیمەت بومیالەتی کوردستان
نرخی بەدەرو زیادە ئەو رو لەسەرو مالا
هەر جیگەبەرووی‌تی کادەبکاتە گول‌و گولشن
دوزمن کەئەوی‌چاو کردومك‌جو‌و خمی‌لی‌شیوا
ئیمرو کەلە گەردیکلان روژیکە کە کوردستان
نەیدیوە هەتا ایستا حاصل لەسەری سالا
ئەی کاکی‌زرنگ‌شمرت باکی وە کوفەندوایە
طفلی دلی کوردان بوی هەرواڵە گرو کالا
تو هانی بەسەر هانم بو زیارەتی بالا کەت
وا نووکی قەلەم نووسی تعریفی‌قەدو بالا

## دەنگو باسی هەندەران

موسکو ـ حکومەتی چیکوسلوا کیا پەیمانی بازرگانی بەینی دەولەتی شورەوی وچیکوسلوا کیا کەلە موسکو مور کراوو تصدیقی کرد ....

لندن ـ بە گوێرەی ئەوخەبەرە کەلە پتاوویاوەر گیراوە آوری جەنگ ویستاش لەبەینی اندنوسیەکان‌و ژاپونەکان دادەگیرسیت ...

موسکو ـ مجرمەکانی حزبی رومانیا اعدام کران لەبەینی ئەم مجرمانە جنرال انطونیسکو واسیللو اعدام کراون ....

موسکو ـ مستر مورگنتاو کونەوزیری حالیەی امریکا شرحی داوە کە سیاسەتی مستر ترومان رەئیسی جمهوریتی دەولەتە یەك گرتوەکانی امریکا خلافی سیاستی مستر روزولتە ....

قدس ـ کونفرانس مابکەکان وسەروکەکان‌و گەوورەکانی عەرەب لەقاهرە تەواو بوو هەر کەس لەمانە بو

## درسی زمانی کوردی

درسی بیست و سی‌یەم

فرنده فیل
فرنده فیل
فیل فرنده
فرنده فیل

کەف بەفر فرندە فرین فرفرو کە
سفینە سەنت فرو فیل فیلباز
بەفر رندەفریم‌بو کەر کوك
سابونی باش‌زور کەف‌دە کا
فیل فیلەبازە
بە.....فریم‌بو کەر کوك
سابونی باش زور کەف دە کا
.....فیلە بازە

بو کانگای‌خوی گەراوە لەهەر لایکەوەتلگرافی سوپاسیان بوملك فاروق ملکی مصر ناردوە .

موسکو ـ جشنیکی گەورە لەم شارەدا کراوە بەمناسبەتی گەرانەوەی سالی دەیەمی مردنی نووسەر بەناوبانگ الکسی ماکسیم گورکی ....

موسکو ـ جژنیکی گەورە لەشاری الماطا پایەتەختی قازاخستان کراوە بەمناسبەتی افتتاحی اکادیمیەی علومی ئەم وولاتەبەم مناسبەتە کونری کەپیش انقلاب اکتوبر نسبتی خوێندەوارلە سەدا بیست بوو بەلام ویستا ١٢٠٠ عالم تەنیا لەم اکادیمیە کاری دە کا ....

لندن ـ مجلسی وزرای خارجیە لە ١٥ زوئن کە تصادفی ٣٥ مانگی جوزەردان دەکا کودەبنەوە لەم کوبونەوەدا دەربارەی المانیا گفتگو دە کری ....

دهلی ـ لورد ستانزگیت رەئیسی هەیئەتی نمایندەکانی انگلیز بواندن مصری بەهیچ هیئەت پیش حرکت کردنی سەروك وزیری مصری دیت وبوی تأیید کرد کەئەم سفرەدلالەت ناکاتە سەرانقطاعی مباحثات بەینی مصرو بریطانیا بەلکو ئەم سفرە تەنیا بودیتنی مستر بیوینە (وەزیری اموری خارجیەی انگلیز) بوئەوەی لە رای ئەو آگادار بم .....

دهلی ـ زەلزەلەی تورکیا جەگایانی نری گرتوە تاکو ویستا ٢٧١ کوژراو ١٥٠ بریندار ٢٥٠ خانوو رووخاون ....

دهلی ـ حکومەتی ارژانتین اعلامیەکی داوە بەئەوکار گەرانەی کەاعتصابیان کردوە بوئەوەی بگەرینەوەسەر کاری‌خویان....

## آگاداری

بەدوای آگاداری زمارە ٣٠٨ ـ ١١ ر ١ ر ٢٥ بولی ٣ هیزی ناوەندی جمهوریتی کوردستان هەمموو برا خوشەویستەکان رادە گەیینی کە بول بەم شەرطانەی زیرەوەپیش‌مەرگە رادە گرت:

## آگاداری

بەرواری روزی دووشەممو ٥ ر ٣ ر ٢٥ آغای یعقوب پشوە ویای استیری پشوە ئەولادانی بابای پشوە متوفی ومذهبیان جولە کە باتقدیم کردنی روونوسی سجلی‌خوان (یعقوب‌واستر) وروونوسی مصدق فوتی بابای پشوە کەلە بەرواری روزی ٢٩ بهمن مانگی ١٣١٦ لە محلی دائیمی خوی (مهاباد) فوتی کردوە وتقاضای صدور تصدیق انحصار ورثە بەزمارە ٦ ر ٢٥ ع ثبت کراوی ایدارەی عدلیەی مهابادیان کردوە کە وارث ارث بەری بابا . وە نیوبراو منحصرە بەدوو نەفەر کەعبارەتن لە ١ یعقوب پشوە دارانی ورقەی نیو ناسینی ٤٨٤٧ مهاباد ٢ ی استیری پشوە دارانی ورەقەی نیوناسینی ٤٨٤٨ مهاباد دانیشتویانی مهاباد کوردستان ایدارەی عدلیەی مهاباد لەپاش رەسیدەگی بە شاهدەکان مراتب سەرەوەی کەرەت لەروزنامەی کوردستاندا هەرمانگی یەك مرتبە آگاداری دەکا هەر کەس نسبت بەمراتبی سەرەوە اعتراض یا وصیت نامەی ظاهر کراوی رسمی لەطەرەف متوفی نیو براو لەدەست دابە یا ئینکە ارث برەخوی بە ایدارەی عدلیەی معرفی نەکردوە ویا ئینکە نەکراوە تامدەتی سی‌مانگ لەبرواری درج هەوەل آگاداری بەایدارەی عدلیە مراجعە واعتراض خوی تقدیم بکا بەغیر از وصیت‌نامەو مدرکی رسمی واعتراضی باقی زبانی لەدرجەی اعتبار ساقط وقبول ناکری ولەپاش تەواو بونی مدت آگاداری حکم انحصار وراثت بو وارثان صادر دە کری وبەنیوبراوانی ئەو آگاداری کەبەوارث رەسموم کراندەناسرین وهیچ گونە اعتراض‌و شکایت قبول ناکری وموقع دە گوزەری ونیوبراوان بەوارث‌وارث بەر دەناسرین . سەروك عدلیەی مهاباد حسین مجدی

الف ـ هەتامسکنەسەلت‌و بی‌زن‌و مندال بیت ب ـ تەمەن نابی لە ١٨ کەمتر ولە ٣٠ زیاتر بی ج ـ خاوەنی اخلاقی چاك‌و بدەنی ساغ بی وسائل زندەگی‌و بەخیو کردنی پیش‌مەرگان کەلە طەرەف دەولەتی جمهوریت کوردستانەوە تەمین کراوە بەو جوورەیە الف ـ نان‌و چیشت‌و منزل‌و بەرگ‌و قەندو چایی‌و تونن‌و کاغەزی سیغارەوە تەواوی وسائل زندگی کەبەپیش مەرگە دەوەتیکی آبرومند پیویست بی‌فراهم وحاضرە ب ـ مواجب مانگانەی پیادە ١٥ تمەن سوار ئەگەر ئەسپ‌وزینی شخصی‌بی ٢٥ تمەن هەموو سەری مانگی دا مرتباً وەری دە گرن ج ـ دوای خاتمەخدمەتی ٤ مانگ وفیربوونی تعلیمات پیش‌مەرگەیی ئەگەر چوو بو مأموریت غیراز جیرەی دەولەت روژی تمەنیکیشی فوق‌العادە دەدریتی .

کەسانیك خاوەنی ئەوشەرطانەی سەرەوەن پیویستە خویان بەپولی ٣ هیزی ناوەندی معرفی وبناسینن تابە خدمەت مقدس‌و مرام پیشمەرگەیی کەیەگانە مرام ملیە مفتخر بکری . فەرماندەی پولی ٣ هیزناوەندی صلاح

# هەڵکردنی ئاڵای پیروزی کوردستان

« فرێحەکەی جوانی مانگە ئاڵای پیروزی کوردستان لەمهاباد »
« هەڵکراوە بەڵام لەبەر ئەوەی لەو باسە ئەتیا لە »
« پێشمرهانیك دا بڵاو کرابووە لێرەدا ئیمە بە کورتی »
« دەی گێڕینەوە و وێنەی جوانی ئەو ڕوژە تاریخییەش »
« چاپ دەکەین و بەر چاوی خوێنەوارانی خوشەویستی »
« دەخەین »

پیی ناوی لە گەورەیی و دەستەڵاتی بنەماڵانی پادشایانی قدیم و زووی کورد بووین دیارە میژوزانان دەزانن کە پادشایانی: کیان: ماد. اشکانی. ایوبی. زندی. روادیان. اخشیدی وەتەنی بی قەو باسی کورد بون. سەد ساڵ پتر نیە سەربەخویی کورد لە ناو چووە ولەو وەختەوە تاییست ساڵ لە مەو بەر لە خودمختاری بی بەش نەبون بەڵام لەم بیست ساڵەدا ئەوەی ذلت و کوشتنو برینە بەسەر نەتەوەی کوردیان هیناوە و هەزاران هەزار کەس لە هەمو طبقەی کورد لە ناو چونو بونە قوربانی و بە هەناسە ساردی سەریان بە خاکەوە ناوە.

لە گەل ئەوەش کورد بی ووچان دووای حقوقی داگیر کراوی خوی کەوتووە ولەریی وەدەست خستنەوەی ئەو حقەدا رانەوەستاوە و قوربانی لە سەر قوربانی داوە.

لە ریکەوتی ساڵی ١٣٢٠ وە پیاوانی ژیر و بە ئیز و لاوان و گەنجانی ووریای کوردستان لە ماڵان لە باغان و میشان و ... ئەشکەوت

﴿١١﴾

کیوان بو رەها کردن و نجات دانی نیشتمان و مەرامی دیمو کراسی کوردان و بە ریگای حزبی دیموکراتی کوردستاندا زور خیرا روین و بەهەنگاوی درشت و توندئەوری بەیان بری تالەسماتی (١٠) روژی ٢٤/٩/٢٦ دا آلای پیروزی کوردستان بە قەدر وعزەتیکی یەجگار زور لە سەر بانی یانەی ( هیئتی رئیسەی ملی ) و یانەی پیشمەرگان لە مهاباد هەلکرا : لەلایەك قوتابیان کچ و کور قانی ملیان دەخویندەوە . لە لایەکیش موزیك لیدەدرا . لە لایەکی کەشەوە پیشمەرگان شایلنگ ین دەکرد . دە هەزار نفر هوریایان دەکیشا و چەپلەیان لیدەدا .

پیشەوای بەرزو مەزنی کوردستان جنابی قاضی محمد پیروزبایی لەملتی کورد کردو فەرموی : ( میژو نیشان نادا هیچ ملتیك توانیبیتی بی خوین رژی آلای رزگاری خوی هەلکا بەلام ملتی کورد توانی بە بی ئەوەی خوین لە کەپوی کەس بیت بەهوی لیاقت و کار زانیە وە آلای آزادی هەلکاو خوی بەدونیای تمدن بناسینی . وەفرموشی : گەلی برایانی دیکەی ایمەش کە هیشتا لە ژیر چەپوکی زورداران دا دەنالینن و دەستی استعمار کەنەفتی کردون خوا ایمەو ئەوانیش توفیق بدا کەبەم زوانە زنجیری اسارت بپسینن و رزگاربن .)

١٢

(ئاغای هەژار ئەم شعرانەی بە ئالای کوردستاندا هەلگوتوە و لەو جێژنەدا خوێندویەتەوە)

ئیشتمانی خوشەویست شەو گاری رەش نەیما ئەتەر
روژی بەختت موژدە بی ئەمرو لە آسو هاتە دەر
ئەی وەطەن ئەمرو کە روژیکە کە مندالانی تو
داری ئومیدیان چروی دەر کردوە و هاتوتە بەر
ئەی وەطەن ئەمرو بە آزدی لە نیو آمیزی تو
کووە بوین نایین لەمەو دوا دەر کراوو دەر بەدەر
ئەی وەطەن چاوو دلی مندالە کانت رون و شاد
دیتنی بە یداغی سی رەنگت جەلایە بو بە صەر
دیارە ئەو آلایە شا بالی پەری آزادیە
دەی شەکینی بای نەرەحدەشکی سوبای دەردو کەدەر
رەنگە کانی پیم دەلی حالی براکانی شمال
چون لە ریی آزادیا کوشین بە صەد خوینی جگەر
رەنگی سوری خوینی پاکی ئەو جەوانانی شەهید
تا ئەبەد رویان سپی بو سپیە کەت دەیکا سەمەر
رەنگی سەوزیشی ئەلی کوژراوی ریگەی میلیەت
چونە ناو سەوزەی بەشت وبەرگی سەوزیان کردەبەر


دەلادینەی نکالد ، کارخانەی فرو
فیشال و مەکری تیکوپیک داوە
تازەد رجوومونەتەوەی پچوك بە
هیچ قیمیك دەست لە آزادی
خویان هەلنا گرن • نزاەی

## هەلگردنی آلای پیروزی کوردستان

**له شاری بوکان**

بەپیی بەرنامەییکی کەلە پیشدا
ساز کرا بوو جماعتیکی زوز و
زەوەند لە آغایان و خەلکی دیهاتی دەورو بەری بوکان کوبونەوە
وآغایانی ایلخانیزادە زور باش وبەلیشاو وبی دەستە بەخیریان
هینان و جیژنیکی گەورەیان گرت ، روژی هەینو ۱۳۱٤/۱۰/۷
آلای پیروزی کوردستان لە سەر بانی مەلا بە دەستی (حاجی باباشیخ
رئیسی هیئتی ملی کوردستان ) هەلکرا و چاوی خەلکی پی روناك
بووە ، بەلیدانی موزیك و خویندنەوەی سرودی ملی و شیلیکی
پیشمەرگان و چەپلە وهوریا مراسمی احترام بەجی هات ، لە لایەن
جنابی حاجی بابە شیخ و جنابی حاجی بایز آغا و باقی آغایانی
ایلخانیزادە و چند نفریش لە آغایان مهابادی هیئتی هەلگری آلا
نطقی گەرم و بە تین کرا ، لەبەر ئەوەی ئەم باسە بە تەواوی لەژمارە
۱ - روژنامەی کوردستاندا نوسراوە و لاپەرەکانی هەلالەش بەرتەنگە
بومان نەکرا لیرەشدا بیگیرینەوە ، ئەوا وینەییکی کە ئەوی روژی
هەلگیراوە لە گەل دوو دەستە شعری آغایان سید کامل و حقیقی

که چاپ نه کراون له خواره‌وه چاپی ده که‌ین و به نیشاندانی ئه‌و دیمه‌نه تاریخیه توله‌ی ده که‌ینه‌وه .



### شعری آغای سید کامل

له هه‌مو کوردی ولات بی پیروز : خاصه بووانه له گه‌ل مه‌ن دلسوز
بو ئه‌وانه‌ی که به پیشواز هه‌تن فرقه‌ی پیاده و چندسواری قوز
هه‌ر بژین ملتی کوردی به أبد هه‌ر به شان هه‌لگرن آلای فیروز
دوژمنی کوردی هه‌لات بوی ده‌رچو ریوبه‌و کاکی ئه‌وا گرت له گاوز
به‌سه ژیرده‌ستی و حیزی تا که‌ی ایمه نو که‌رین ئه‌واز لیده‌ن یوز
نه ئه‌وی خرنه هه‌موجی ده‌ر که‌ن ئه‌قله کورت حمله به‌رن پیکه‌نه نوز

٢٤

هەر بە شاباڵی هومای ئالای خو   لشکری دوژمنی خو کەن آلوز
تانک و ماشین و زری لی بگرن   باڵە کول بیتەوە سوارنی کەرەبوز
وا زرنگ بانگو دەکا آلاتان   لەهەمو کوردی ولات بی پیروز

شعری آغای حقیقی

هاتە دەز روژ لەبرجی مینارنگ   لاچو تاریکی تی یەری شەوەزنگ
گولی شادی لە باغی آزادی   هاتەدەرزور بە نازو عشوە ورنگ
بابلی نیشتمانی کوردستان   دەچریکینی بوی بە صد آهنگ
کورەکانی دەرقص و شادی دان   جیژنەیانە کچانی شوخ و شەنگ
دەنگی موزیك ولیی پیادە نظام   زلزلەی خستە خیمەی اورنگ
روژی فتح وظفر هەلات ئەوجار   حمدلله تەواو بوو روژی تەنگ
دەستی چابك سواری خوشبختی   دای کو تاداری بیرقی سی رەنگ
داریکی دا بەروحی دوژمن دا   بەردی ناسەر سەریشی تاپن سنگ
هاتفی یا فرشتەی اقبال   ئەو قصەم پی دەلی بەقاو بەدەنگ
بلی بەو کوردەکانی غیرتمند   شیری میدان پلنگی روژی جنگ
لاوەکانو لە ریی وطن داری   بە فدا کەن مەپینە سەر خو ننگ
حافظی نیشتمان و آلاین   مەپرینکینەوە لە توپ و تفنگ

## سەرچاوەکان

- ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ — ١٣٢٥ ی هەتاوی ١٩٤٦ ی زاینی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە ئاراس.

- بڵاوکراوەی هەلالە.

- بڵاوکراوەی کوردوستان، بیری حزبی دیموکراتی کوردستان.

- د.هیمدادی حوسێن، رۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کوماری دیمۆکراتی، کوردستان ١٩٤٣-١٩٤٧ بڵاوکراوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، گرین گالۆری لوبنان- ٢٠٠٨

- سودەم لە چەندین ڕۆژنامەی و گوڤاری تر وەرگرتووە.

- هەروەها لە ئینتەرنێت و تورە کۆمەلایەتیەکان سوودم بینیووە.

- چەندین چاوپێکەوتن لە گەل بەشداربووان ئەنجام دراون.



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**
**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان و مروڤ دوستان و توێژەران ...
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربوانی پڕۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قۆشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: رێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- رێکەوتی لە دایکبوون: ١٩٨٢/٧/٢٤**

**٣- شوێنی لە دایکبوون: ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خاڵ و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.**

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا: گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.**

**٤- بڕوانامە: بەکالۆریۆس**

**٥- دەرچووی: کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).**

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**

- **بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).**

- سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)
- نووسەر
- توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).

٧- **باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەڵ خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

٨- **موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١

٩- **بواری داهێنان و پسپۆڕی و کارە خۆبەخشییەکان:**

- شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.
- خاوەن ( ٤٢ ) چل و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بڵاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو کتێبم لەم چل و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن (لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان)دەخوێندرێت.
- خاوەنی زیاتر لە (٥٥٠٠) پێنج هەزار و پێنج سەد بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٢٨٠٠٠) بیست و هەشت هەزار وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.

- خاوەنی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە دادگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحالەکانمان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی (دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قۆناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.
- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پرۆژانەی داهێنراون:**

- دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و

مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولانەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی رۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی رێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پروژە و کارانەی کەباسمان کردن.

### ١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەلایەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.

**- وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.**

**- وەك نووسەر و چالاکوانێك.**

**بە دەیان سوپاسنامە و رێزلێنانن، خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧**
**تا ئێستا و رێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و رێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).**

- **هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو و جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.**

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی رێبوار رەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەرە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەرۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی راگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و راگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دووروو‌بەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و راگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سرینەوەی ژیان بە هەموو رەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە. دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان رێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.
لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

## کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد ڕوونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان دارێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...
لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

**کتێبی چوارەم**

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠١١

توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و محمد محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە توێژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتوێ ئەم کتێبەدا...

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم توێژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆڵ و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەڕای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵلا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەداریکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتوگویەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی - ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خوڵقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵێك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران بە روحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبداللە) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەڕێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمینتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵرۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرێنەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەڕێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام

پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.
جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە دەستنیشانکراین سەرەرای کارەکانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میواناندابن بە ڕۆژە پشووە و هەینیەکانیشەوە.
ئەوەی من دڵخوش دەکات ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و کتێبەکانم بووە ئێستا بووەتە مولکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك کورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## کتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێکهاتووە
ناوەرۆکی ئەم کتێبە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیکەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، کچ و کور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێکیان نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێکیان نیو سەدە ژیاون و هەندێکیان کەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاکی خۆیان بژین و بگەڕێن...
ئەم مرۆڤە کوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچکە و ئەشکەوت و چیاکانی وڵاتانی دراوسێ نێژروان..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریکردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەکیان هەبێت.
کەسوکار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدکراوان دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی باوك و کەسوکارە شەهیدەکانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەکرێت.

هەوڵدراوە بکرێتە پرۆژەیەك پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری کەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەکان بە شێوەی فەخری...
لە کۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە لە دووتوێ دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(کتێبی حەفتەم)

## کتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
واتە هەردوو بەرگەکان (١٠٢٠) لاپەڕە

## کتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی -عەرەبی - ئینگلیزی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەڕندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گۆناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:

١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێرهێنان و پێهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.
٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.
٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

**کتێبی دەیەم**

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ
ناوەڕوکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فروشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر ڕزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە ڕزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.
ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەونترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

**کتێبی یازدەهەم**

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارِۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

**کتێبی دووازدەهەم**

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧
توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەڵغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دوژمن جەنگان.
دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.
ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و بەربەردەوامی هاوڵاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پیشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆەزخانەی ماڵەوەم)، کە لە

ماڵەکەمدا لە کتێخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.
کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.
ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خۆێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٩٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کڵێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و

گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٨٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤١٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری روویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و ١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٨٣) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤١٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ناوەڕوکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٩٥) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢١) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە: کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات کران بە فیدای بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان. بەداخەوە، لەسەر خاکی خۆی، لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆرستەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، وەکو داعش، ئەلنوسرە و ئەلقاعدە خەڵك بە دیلی ئەگرن، بە زۆر ئاین و باوەڕیەکانیان ئەگۆڕن یان بە جەزیە و باجێکی گەورە تاڵاندەکرێن. ئەو جوگرافیایە لە کرستیانەکان چۆڵ دەکرێت، ئێستا ئەم خاکە لەسەر لاشەی نەوەکانی خۆی دەگری. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قووڵایی دڵی خۆیەوە دەکوڵێ، ئەگری و هاواردەکا. لەبەرامبەر ئەو وەحشیەت و دڕندەییەی کە لە عێراقدا دەگوزەرێ... تێکڕای مرۆڤایەتی لاڵە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوێنی مرۆڤ؛ لە ئاو، لە نەوت هەرزانترە. ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە نەینەوا " موسڵ " بە ئێسقانی مرۆڤەکان خوێن دەخواتەوە.

لە موسڵ، مەترۆپۆلیتانی کریستینەکانی کاتۆلیك، کەنیسە و پەرستگاکانی کلدانیە ئاسوری و ئەرمەنیەکان دەسووتێنرێن. ئەو مرۆڤانەی کە دەشکوژرێن، تەنها یەك گوناهیان هەیە ئەویش کرستیانیبوونیانە. ئەم گەل و ئەم مرۆڤانە، لە مێژەوە وەکو قوربانی هەڵبژێردراون. لە ساڵی ١٩١٥، ئەمەریکا و ئەوروپا، ئەمرۆیش لە بەرامبەر ئەم کۆکوژی و بنبڕکردنە کەڕ و لاڵە.

چەتەکانی داعش، ئێستاش بەرێگای میدیاکانەوە داوا لە کریستیانەکانی موسڵ دەکا: یان ببن بە موسوڵمان یان تەرکی جێگاو شوێنەکانتان بکەن. بۆ ئەو کەسانەی کە تەرکی موسڵ ناکەن فەتوای سەربڕینیان بۆ دەرکراوە. دوای ئەو فەتواو فەرمانە قێزەونە، ئاسووری- سریانی- کلدانیەکان خاك و جێگای خۆیان بەجێهێشت. لە دوا خاڵی کۆنترۆڵ پێشیان لێگیرا و هەموو پێداویستی ژیان و زێڕ و دراو " پارە " و جلوبەرگ و کەرەستە بە گرانبەهاکانیان غەنیمەکران و ئینجا ئازادیان کردن کە کۆچ بکەن. مەسیحیەکانی موسڵ هەمووی ڕائەکەن. لەبەر ئەو وەحشیەتگەریەی کە لە بەرامبەریان دەکرێ. باوەڕیەکان هێزیان لەبەر نەماوە، نرخ و بەها پیرۆزیەکانی مرۆڤایەتی لە نزمترین ئاستدایە. مرۆڤایەتی ژێرپێ دەنرێ و هەتك دەکرێ و دونیای مرۆڤایەتی بێدەنگە لێی.

## کتێبی حەڤدەم

١٧- ئاڵای کۆماری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیولۆجیە

بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
جێژنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە زار و نووسینەکانی فیداکارانی ئەوسای کۆماری کوردستان لە مهابادەوە زۆر باو بووە، مەراسیم و ڕۆژی سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانیان بە جەژنێکی نەتەوەیی تۆمارکردووە. ئێمەش بە گرنگمان زانی توێژینەوەیەکی تیرۆتەسەلی تایبەت بە ئاڵای حکومەتی میللی کوردستان (کۆماری مهاباد) ئەنجامبدەین و مەراسیمی ئاڵا و جەژنی سەربەخۆیی و چەند مەراسیم و کۆڕ و کۆبوونەوەی تر بخەینە ڕوو لە لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا. لە سەرەتادا چەند مەراسیمێك دەخەینە ڕوو کە بە ئاهەنگ و جەژنی نەتەوەیی بەڕێکراون، ئەم جێژنانە لە گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە تر بڵاوکراونەتەوە ئێمەش وەك خۆی بە هەمان نوسین و زمان و ڕێنوسی ئەوکات سوودمان لێ بینیووە و بڵاومانکردوونەتەوە. لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە چەند نموونەیەك لەو کەسانەی بەشداربوونە لەم مەراسیمانە وەربگرین و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونیان بخەینە ڕوو بەرامبەر بە ئاڵای کۆماری کوردستان. هەر چەند ئەمانە ژمارەشیان کەمە بەڵام لە هەمان کاتدا گەنجینیەکی گەورەی زانست و زانیارین. خەبات و خۆڕاگری و قارەمانیەتی پڕ سەروەرییان تۆمارکردووە، لە زاری ئەوانەوە چەندین زانیاریمان دەستکەوتوون.

## کتێبی هەژدەم

١٨- فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی سۆسیۆلوجی و هونەری و نەتەوەییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٣٣٠) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆدەکانی کاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی و کاریگەریەکانی بەسەر هونەرەوە بنووسین.
بەڵکو ئەمانەوێ هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشان لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، تێکەڵاوبوونی فرمێسك و ئازاری شێوەکاران بە ڕەنگ و فڵچەکانیانەوە، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هونەرمەندانی شێوەکارەوە ببینین و بناسین.

## کتێبی نۆزدەم

١٩- قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين، وثيقة قانونية.
چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە، مێژووییە.
لە ( ٣٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە تایبەتە بە بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بە کەیسی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان. بە زمانی عربی نووسراوە.

## کتێبی بیستەم

٢٠- جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی ئاماری و دیکۆمێنتاری
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٣١٣) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
لەم کتێبەدا ئامارەی زۆربەی هەرە زۆری رفێندراوان و بێسەروشوێنکراوان و ئەوانەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و وەك دیل و سەبایە و ئاوەرەکان لە خۆ دەگرێت، هەروەها ئازار و نەهامەتی ئێزیدیەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە تایبەتی دوای هاتنی تیرورستانی داعش و داگیرکردنی شنگال و دەورووبەری. چەندین چیروکی پرلەتراژیدیاو ئەو فەرمان و جینۆسایدانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزیدییەکاندا هاتوون...

## کتێبی بیست و یەك

٢١- لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢٢٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٦) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
چاوی هەموو جیهان لە کوردستان و پێشمەرگە و شنگال و دەوروی و بەری و ئێزیدییەکان بوو، هەر زوو جیهان هاتە دەنگ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات (بارك ئوباما) و نەتەوە یەکگرتووەکان و پاپای ڤاتیکان و دەولەتە زلهێزەکان و تەواوی راگەیاندنەکانی جیهان چاویان لە هاوڵاتیانی سڤیل و پێشمەرگەبوو، راپورت و بەیاننامەو وتاری ڕۆژنامەوانی و مانشێتی ڕۆژنامە و گوڤارەکان پراو پڕ بوون لە باس و تاوان و درەندەیی داعش بەرامبەر بە کوردستان بە گشتی. جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و کوردانی ئێزیدی، قارەمانیەتی پێشمەرگە کە لە جیاتی هەموو جیهان دژ بە تیرورستانی داعش شەڕی دەکرد. بویە بەگرنم زانی هەموو ئەو بابەت و وتارانەی بڵاودەکرێنەوە، لە دوو توی ئەم کتێبیدا وەك خویان بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو سوودی لێ ببینرێ... بابەتەکان و رووداوەکانی ناو ئەم پەرتووکە باس لە تەمموزی ٢٠١٤ تا نەوروزی ٢٠١٥ دەکەن.

## کتێبی بیست و دوو

٢٢- گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٢١) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
(خەلەف خودێدا، ئیلیاس سالح، خدر حەسەن، سەفوان عەباس، سەعد موراد، موحسین ئەلیاس، زیاد ئیسماعیل، فەواز سەفوان، مەهدی مسەور، ئێزدین ئەمین،عەلی عەباس، نافز هادی، سامح بسی، نەواف موراد، خالد موراد، ادریس بشار، عیدو خدر، عەباس خدر سلۆ و جەمال شڤان عەمو

...). لە مەرگ گەڕانەوە. ئەوان لە بەرچاوی خەڵك و خوداوە خرانە بەر دەستریژی گوڵلە، بەڵام دەرفەتیکی تری ژیانیان بۆ رەخسا و رزگاریان بوو، تا ئێستا خوێن و هندێك لە گۆشتی لاشەکانیان لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا بە جێماوە، بە بەرچاویان براو باوك و کەسوکاریان گوڵلە بارانکران.
ئێمە تەنیا لە زاری ئەوانەوە بەسەرهاتەکانیان وەك دێکۆمێنت لێرەدا کۆکردووتەوە بۆ ئەوەی جیهان و نەوەی ئایندە بزانێ لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوەی مرۆڤ و مروڤایەتی بیری لێ نەکردووتەوە بەرامبەر بەم هاولاتیە کوردانە ئەنجامدارایەوە تاوانێك کە لە هەشتایەکانی سەدەی بیستەمیشدا ئەنجامدرا وچەندین پالەوانی تری کورد وەك بەلگەیەکی رەش بۆ تاوانەکانی حکومەتی بەعس عیراقی زیندوومانەوە و لە گۆری بەکۆمەڵ گەرانەوە، هەردوو تاوانەکان بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدران، بەلام ئەمجارەیان بکەری تاوانەکە داعشە و قوربانیەکانیش کوردە ئێزیدییەکانن.
گێرانەوەکان ئەونە ترسناکن زۆر ئەستەمە هیچ مرۆڤێك بتوانی تاکۆتاییەکەی خۆی ڕابگرێت.
ئەو دیمەنانەی رزگاربووان باسی دەکەن، کە چۆن رزگاریان بووە لە کۆمەڵکوژییەکان، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پالەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەلام نابێت بمرێت تاوەکو کۆتایی فیلمەکە.

## کتێبی بیست و سێ

٢٣- چیرۆکە نەبیستراوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦،٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢٣٠) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٨) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
بۆ ئەوەی بڕوای تەواو بێنین کە هەموو داعشییەك لە هەموو بەها و ئەخلاقێك داشۆراوە، ئەو ناموسپارێزییەی باسی دەکەن درۆیەکی ڕووتە، دەبێ گوێ بۆ ئەو ژن و کچە ڕووسوورە کوردە ئێزیدییانە بگرین کە کرین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و ئێستا گەڕاونەتەوە.
ئەسڵەن ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی ورد بۆ داعش دابنێین دەبێت بڵێین: داعش گردبوونەوەی ئەو هوڤییە بێ بەها و چەپێنراوە هیچ نەدیتکانەیەیە کە ئامانجیان تەنیا و تەنیا ئافرەتە و هیچی دیکە نییە، لەو پێناوەشدا هەموو تاوانێك ئەنجام دەدەن. دواجار تا هیچ گومانمان نەمێنێت کە یەك لە بنەماکانی درووستبونی داعش، دژایەتیی کورد و کوردستانە، تا بزانین داعشییەکان چۆن سەیری کورد و هەموو شتێکی کوردی دەکەن، دەبێت گوێ لە چیرۆکە نەبیستراوەکانی رزگاربووانی ژێر دەستی داعش بگرین.
تیرۆریستانی داعش بە شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵە لە گەڵ ئافرەتان دەکەن، وەك؛(رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنان و دەستدرێژی سیکسی و دەسبازی و ... هتد) ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە، ئیسلام و گشت ئاینەکانی تریش ئەوەیان پێ قبووڵ ناکرێت.
لە یەکێک لە نوسراوە فەرمییەکانی داعشدا بەم شێوەیە نرخی بۆ ئافرەت دانراوە و بە دەستکەوتی شەڕ لە قەڵەم دراون، دەڵێت:"پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە ئافرەت و دەستکەوتەکانی شەڕ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان، بۆیە دەستەی بەیتولمال بە باشی زانی کە رێکاری و نرخی فرۆشتنی

ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو ڕێنمایی و ڕێکاریانە بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار لە سێدارە دەدرێت".
داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گۆڤارێکی ئەلکترۆنی داعشە، پاساو بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوە و لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و ڕێ و شوێنەکانی رەوایەتی دان بە هەڵسان بە فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە.
لەم کتێبەدا چیرۆکی ئەو ژن و کچە ئێزیدیانە لە زاری خویانەوە تۆمارکراون، کە رفێندراون و دواتر کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە و دەستدرێژیان کراوەتەوە سەر.

## کتێبی بیست و چوار

٢٤- چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢١٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٢٩) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

گێرانەوەو دیکۆمێنتکردنی چیرۆکی منداڵان و ئافرەتانی ڕفێندراو و دیلی دەستی تیرۆریستانی داعش، هەر بەتەنیا بۆ ئەوە نییە، داعش و داعشییەکانی لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە پێ تاوانبار بکەین، بۆ ئەوەش نییە، ئاگاداری تراجیدییایەکی ئینسانی پڕ تاوان و ئێش و ئازار بین، لە پاڵ گرینگیی ئەم ئامانجانەشدا، ئاگاداربوون لە وردەکاریی چیرۆکی ئەم قوربانییانە، بۆ هەر مرۆڤێکی کورد و کوردستانی، بە تایبەتی نەوەکانی داهاتوومان زۆر پێویستە. تا هەمووان داعش وەک خۆی بناسن. تا نەوەکانی کورد و کوردستان بزانن، ئەوانەی داعشن، یان هاوکاری داعشن، یان هەڵگری فیکری داعشن، زەرەیەک ئینسانییەت و ئەخلاقییان تێدا نییە. ( پەنجا ) چیرۆکی پڕ لە تراژیدیا لە لاپەرەکانی داهاتوودا دەخوێنەوە.

لەم کتێبەدا زیاتر پشتمان بە گێرانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری رزگاربووانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.
دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێچەوانەی ئاین و هەموو پێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات و بە زەبری هێز و ترس و تۆقاندن و دستدریژی کردنە سەر نامووس کەرامەتی ئەم رفێندراوانەو کڕین و فرۆشتنیان لە بازاری تایبەتدا، بۆیە پێویستە دەستەواژەی (جینۆساید و تاوانی دەستدرێژی سێکسی) بۆ ئەم کردارە بەکاربهێنرێت.

## کتێبی بیست و پێنج

٢٥- فرمێسکەکانی شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ٢٢٨) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٠) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.

گێرانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی ئاوارەکانی شنگال و دەوروبەری دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش و ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەسەریان هاتووە تۆمار کراون. سەدان فرمێسك و ژان و قوربانیدان لەدوای٣/٨/ ٢٠١٤ وەو لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لەم کتێبەدا تۆمارکراون.

## کتێبی بیست و شەش

٢٦- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە هەشت پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتاریی و مێژوویی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لە ( ١٥٥) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
بەهاوبەشی لەگەل ( ڕێزان سالح بارزانی) ئەم کتێبە ئامادەکراوە.
لەم توێژینەوەیەدا باس لە خەبات و بوێری و ئازایەتی و قارەمانیەتی و خۆڕاگری ئەو پێشمەرگانەکراوە کە ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆ پاراستی سنوورەکانی کوردستان و دەستکەوت و سەروەری و شەرەف و کەرامەت و پیرۆزیەکانی کورد و کورستان شەهیدبوونیان هەڵبژارد، ئەوان گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تیرۆرستان و پاراستنی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی و ئاشتی و پێکەوەژیان.
هەشت شەهیدی شارەدێیەکی ئەم نیشتمانەم بە نموونە وەرگیراون، پێنج کەسیان ئامۆزای یەکترین و لە یەك چرکەساتدا هەر پێنجیان شەهیدکراون، لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا، هەشت قارەمانیان بەخشی... ئەویش شارەدێی سرێشمەیە.

## کتێبی بیست و حەوت

٢٧- ژانی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە ( ١٣٢٨) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣١) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی ئەدەبیە و تایبەتە بە شیعر و قصیدەی نەتەوەیی
لەم کتێبەدا هەڵبەستی شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی تۆمار کراون.

## کتێبی بیست و هەشت

٢٨- یادگاریەکانی شەهید شیفا گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە ( ٢٢٦) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
یاداشت و یادگاری و سەرگوزشتە
بەهاوبەشی لەگەل ( ڕێزان سالح بارزانی) ئەم کتێبە ئامادەکراوە.

لەم کتێبەدا زیاتر گرنگی بە یادگاری و دەستنوس و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیەکانی شەهید شیفا دراوە لەسەردەمی منداڵیەوە تا قۆناغەکانی خوێندن و زانکو... دواتر بوون بە کچە ڕاگەیاندنکارێکی سەرکەوتوو. زۆربەی نووسین و بابەتەکانی ئەم پەرتووکە لە زاری شەهید خویەوە تۆمار کراون.


**کتێبی بیست و نو**


٢٩- داعش و شەڕی شوێنەوارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە (١٩٤) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٤) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمینتارییە
لەم کتێبەدا باس لەم وێرانکاریانەکراوە کە بەسەر شوێنەوارە مێژوویەکان و شوێنە پیرۆزەکاندا هاتووە، لە لایەن داعشەوە هەروەها لەناوبردنی کەل و پەلە گرانبەهایەکان و ئاسەوارەکان و شوێنە دێرینەکان و سەدان تاوانی تر دەرحەق بە ئاسەوار و شارستانیەت.


**کتێبی سییەم**

٣٠- تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
لە (٤١١) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٤٣٥) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٨ ی دراوەتێ.
توێژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمینتارییە
لەم کتێبەدا ئەو تاوان و دڕندەیی و کارو کردەوانەی داعش تۆمارکراون کە بە رامبەر بە خەڵك و خاك و مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەنجامیانداون.
ئەو چەکدارە داعشانەی دەستگیرکراون لە زاری خۆیانەوە باس لە تاوان و کردەوە قیزەونەکانیان دەکەن. ئەو چاوپێکەوتن و بابەتە رۆژنامەوانەیانەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، ئێمەش سودمان لێیان بینووە، وەك دیکۆمێنتێك لەم کتێبەدا ئەرشیفکراون.
هەروەها هەموو ئەو بابەت و بڵاوکراوە و بەیاننامە و وێنە و ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی داعش لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیان بڵاویان کردوونەتەوە، لە پێگە ئەلیکترونیەکان و سۆشیال میدیا و ئەوانی تر...


ئەمانەی خوارەوە بەرگ و ناو و ناونیشانی چەند نووسین و توێژینەوەیەکی توێژەرن، لە چوارچێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە.


ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی
سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان
بۆ باشووری عێراق لەسەردەمی بەعسدا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
٢٠٠٩
خانەوادەکەی لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ لە بناری چیای شیرین گوندی بازێ سەر بە دەڤەری بارزان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابانی باشووری عێراق.
باوکی لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی جینوسایدکراوە، ئەوکات تەمەنی توێژەر کەمتر لە ساڵێک بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئۆردوگای زۆرەملێی قودس (قوشتەپە) لە دایکبووە تەمەنی منداڵی بێ باوک وەک گورە تاقانەی ماڵەوە بەسەر بردووە.
تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ لەرۆژە سەختەکانی ژیان بەردەوام بووە لەخوێندن، لە زانکۆی سەلاحەددین – کۆلیژی ئەدەبیات – بەشی کۆمەڵناسی بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە ساڵی ٢٠٠٦–٢٠٠٧ بەدەست هێناوە، ئەندامە لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان. ئێستاش بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی تری لە ژێر چاپە سەبارەت بە جینوسایدکردنی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمدا.
بەرهەمێکی تری دەستنووسی لە ژێر دەستدایە بەناوی(ونبوونی یادگارییەکان لە بیاباندا).


-Li sala (1982)yê li kumelgeha zoremilêya (quds-qustepe) li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê (Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê sallêda bûye rîveberê rêveberayetîya karubarê şehîdan û enfalkiryêt barzan
-Rehendên civakîyên sîyaseta veguhastina barzanîyan bo başûrê êraqê li serdemê be'syan da yêke ji berhemên bilavkiryêt wî.
Barova jinavbirina barzanîyan
Vekolîneka tîyorî û piraktîkî û dîrokî û sosyolojîye
Rêbwar remezan ebdulla
Çapa yêkê
2010
باڕۆڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
چاپی یەکەم
2010


جینۆسایدکردنی
بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
Cînusaydkirina
barzaniyan
li sedsala bîstanda
Vekolîneka
dîrukî û sosyolujî û
Berawirdkarî û
dîkomêntariye
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Rêbwar remezan ebdulla
چاپی یەکەم
Çapa yêkê


لە شەهیدانی
ڕێگای نیشتمانەوە
چوار نەفسەری قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
هەولێر – ٢٠١١



جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە
چەند بەڵگەیەکدا
بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی- ئینگلیزی
توێژینەوەیەکی
دیکۆمێنتارییە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
2012


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا
بەرگی یەکەم
2013
چاپی یەکەم
لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەرلایەنە ون و شاراوەکانی کۆمەڵێک مرۆڤ،
ئەو مرۆڤانەی کە هەندێکیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون... بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە
بێ ناسنامەبوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەکیان هەبێت،
وەک هەر هاوڵاتیەکی تر کە بچوکترین مافی پێدانی ناسنامەیەکە...
زۆربەیان لاشەکانیان تاکو ئێستاش نەدۆزراونەتەوە، لە ئەشکەوتەکان لە دایکبوونە و لە ئەشکەوتەکان
نێژراون، تەنانەت قوماشی کفنیان نەبووە... گۆرستانیان نەبووە، چونکە بەردەوام لە خەبات و
ڕاگواستن و ئاوارەبووندا بوونە... هەندێکیان بە جل و بەرگەوە، بە خوێن و گوللە و گوللەی توپ و
ساچمەی بۆردوومانی فرۆکەکانەوە نێژراون. هەندێکیان ون بوونە و تاکو ئێستاش لاشەیان
نەدۆزراوەتەوە. هەندێکیانیش چەند ئەندامێکی لاشەیان نێژراوە...
شەهید هەن لاشەیان بەتەواوی شێوێندراوە، یاخود قوربانیانی جینۆساید لاشەیان تێکەڵکراوە، دەستی
جینۆسایدکراوێکی تر، پێی جینۆسایدکراوێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا بە تێکەڵاوی دۆزراونەتەوە.
ئایا ئەم مرۆڤانە گوناهیان چیبوو؟!
لە ماوەی ژیانیاندا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر دوشەکێک و لە ژێر سێبەری خانووی بەقوڕ دروستکراوی
خۆیان پشوویان نەدا، کەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە بڵێن ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە نین.
دایك هەیە بووەتە دووگیان وکور و کچەکانیان بوونەتە چوار پێنج ساڵان باوکی خۆیان نەبینیووە،
چونکە باوکیان لە سەنگەری خەباتدا بووە، هەشە لە دایکبووە تاکو ئەمڕۆ نازانێ کوا باوکی؟
برا هەن یەکتریان نەناسیوە، کچ هەیە دایکی نەبینیوە، منداڵ هەن لە دایکبوون لە ئاوارەیی و
لە ئەشکەوتەکان لە سەرماو سۆڵەی زستاندا و لە سەربەفر و لە ژێر بۆردوومانی فرۆکەکان...
ئایا ئەمانە بە ئازادی و یەکسانی لە دایکبوون؟!
ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێوبانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت،
بەڵێ ئەمانەن پێشمەرگە ونەکان، ئافرەتە ونەکان، منداڵە ونەکان...
لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردووەتەوە یاخود نەمانزانیووە
یاخود نەمان توانیووە. ئەویش ناسنامەی باری کەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە...
لە پێشەکی ئەم کتێبەدا
1
پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی
جینۆسایدی بارزانیەکان ژمارە - 7 -


Rêbwar Remezan Ebdulla
Şehîdên
bê
nasname
Li sala (1982)yê li kumelgeha
zoremilêya (Quds-Quştepe)
li dayik bûye
- Li sala (2007)ê bawernama
bekaloryosê li bîyavê civaknasîyê
(Sosyolojî) bidestve înaye
- her di wê salêda bûye rêveberê
rêveberayetîya karubarên
şehîdan û enfalkirîyêt barzan
2


شەهیدە بێ ناسنامەکان
توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراکتیکیە
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
2013
چاپی یەکەم
بەرگی دووەم



ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
پانۆرامای
جینۆسایدکردنی بارزانیەکان
لە سەدەی بیستەمدا
بانوراما الاباده الجماعیه للبارزانیین
في القرن العشرین
2013
چاپی یەکەم



REBWAR RAMADAN ABDULLAH
THE PANORAMA
BARZANIS GENOCIDE
IN THE 20TH CENTURY
2013


REBWAR RAMADAN ABDULLAH
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵڵا
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FAICON
اهلا بصقر بارزان المحلق
اهلا بصقر بارزان المحلق
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
Hoşgeldin Barzanımın yüksekten uçan Şahini
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
REBWAR RAMADAN ABDULLAH
2014


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزديين
3
III
2015
چاپی یەکەم



جینۆسایدی
باوکان
ڕێبوار رەمەزان بارزانی
جینۆسایدی بارزانییەکان
جینۆسایدی باوکان
2016
ڕێبوار رەمەزان بارزانی
جینۆسایدی
باوکان
چاپی یەکەم
2016



لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار رەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
2017
ڕێبوار رەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2017
کتێبی 12


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
چاپی یەکەم
تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
له چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئاڵای
کۆماری
کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم 2018
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئاڵای کۆماری کوردستان
چاپی یەکەم
2018
کتێبی حەڤدەم
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ئەلبۆمێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان
ئەوانەی لەکوردستاندا ڕویان داوە
هەست و سۆزی شێوەکاران و پەیکەرتاشانی کورد
لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان
دەخاتە ڕوو. بەخوێنی ڕەنگەکان فرمێسک و
ئازارەکانیان نەخشاندووە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسک
و
ئازاری
ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ئەلبۆمێکی شێوەکارییە
بۆ ناساندنی جینۆساید و
تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان
2018



قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة الابادة الجماعية للبارزانيين وثيقة قانونية 2018
ريبوار رمضان بارزاني
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
اشراف و الاعداد
ريبوار رمضان بارزاني
2018
19
التاسع عشر



جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سەدەی بیست و یەکەمدا
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لە سەدەی بیست و یەکەمدا
چاپی یەکەم
2018
20
کتێبی بیستەم


THE TIMES
Jets ready for combat
FINANCIAL TIMES
The Daily Telegraph
Mirror
PLEASE SAVE US
لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لەزاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
چاپی یەکەم
2018
21


گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
2018
22



چیرۆکە نەبیستراوەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
23
کتێبی بیست و سێ
2018



چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
24
کتێبی بیست و چوار
2018



فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان ساڵح بارزانی
لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان ساڵح بارزانی
2018


ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ژانی كوردستان
2018
چاپی یەكەم
27
كتێبی بیست و حەوت
ممنوع الدخول للبعثيين
ژانی كوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


یادگارییەكانی شەهید شیفا گەردی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
یادگارییەكانی
شەهید شیفا گەردی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی
چاپی یەكەم
2018
28
یادگارییەكانی شەهید شیفا گەردی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی


داعش و شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018
داعش و
شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
29


18+
18+
تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە
تاوان و درندەیی داعش
لە زارێ خۆیانەوە
ڕێبوار رەمەزان بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( 435 ) ی ساڵی ( 2018 ) ی پێدراوە.
چاپی یەکەم
2018
30
کتێبی سێیەم